حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان/بەشی زمانی کوردی

# ( دروستەو دەرکردە واتاییەکانی پڕۆسەی لێکدان لە زمانی کوردیدا )

نامەیەکە

مصطفی حمه عبدالرحمن

پێشکەشی بەشی زمانی کوردیی – کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

سەرپەرشت

پ. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

٢٧٢٢ کوردیی

٢٠٢٢ زایینیی

ئەم نامەیە بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

ناو: پ. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف

ڕۆژ: ٢٥/١٠/ ٢٠٢٢

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

سەرۆکی بەشی کوردیی

ناو: پ. ی د. محمد عمر عول

ڕۆژ: ١٥/ ١١/ ٢٠٢٢

ئیمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگو و هەلسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خویندەوە و لەگەل خویندکارەکە گفتوگومان لە بارەی ناوەروک و لایەنەکانی تری کردو بریارماندا، کە نامەکە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) و بروانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پیبدریت.

ناو: پ.ی. د ئازاد امین باخەوان

ئەندام

رۆژ: ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ. د ئازاد احمد حسین

سەروکی لیژنە

رۆژ: ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ.ی. د دلشاد محمد غریب

ئەندام

رۆژ: ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢

ناو: پ. د عەبدولجەبار مستەفا مەعروف

ئەندام و سەرپەرشت

رۆژ: ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیژی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

راگری کۆلیژی زمان

رۆژ: ٣ / ١ / ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە :


- ڕۆحی دایکم
- خێزانەکەم بەگشتی
- هاوسەرم ( مریەم ) جگەر گۆشەکانم ( سومەیە، سوهەیب، محمد، سەفا )
- نەتەوەکەم...... کورد
- نیشتیمانەکەم.......کوردستان
- هەموو خوێنەرانی هاوزمانم
- دڵسۆزانی زمانی کوردیی

## سوپاس و پێزانین بۆ :

- خوای باڵا دەست و میهرەبان ( هذا مِنْ فَضْلِ رَبِّی )
- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و کۆلێژی زمان و هۆبەی خوێندنی باڵاو بەشی زمانی کوردیی، کە هەردەم پاڵپشتی خوێندنی باڵا دەکەن.
- مامۆستاو سەرپەرشتیاری زێدە بەڕێزم ( پ. د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف)، کە بەوپەڕی دڵسۆزیی و خەمخۆرییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەنگاو بە هەنگاو بە ڕێنمایی زانستی لە نوسینی نامەکەمدا هاوکارو هاندەرم بوو، بۆیە داواکارم لە خوای میهرەبان نموونەی وەک بەڕێزیان هەمیشە زۆربێت.
- سەرجەم ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغەکانی خوێندندا لە سەرەتاییەوە تا ماستەر وانەیان پێوتوومەوە و هاندەر و پشتیوانم بوون.
- هاوسەری زێدە ئازیزم، کە هەردەم ماندوونەناسانە پشتیوانم بووە لە قۆناغی خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندنی ماستەردا.
- بەڕێزان ( د. جەمال مامۆستای ئینگلیزی لە زانکۆی ڕاپەڕین) و ( د. ئەحمەد مامۆستای عەرەبی لە زانکۆی ڕاپەڕین ). بە وەرگێڕانی پوختەی لێکۆڵینەوەکە بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، هاوکارییانکردووم.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ⟵ | دەبێت بەوە |
| * | دانەی نارێزمانی/ واتاناڕاست |
| $X^{-1}$ | مۆرفێمی دارشتن |
| $X^{0}$ | توخمی فەرهەنگیی |
| $X^{+1}$ | دانەی ناو لێکدان |
| $X^{-}$ | ئاستی نواندنی سینتاکسیی |
| $V^{0}$ | کردار فەرهەنگیی |
| $N^{0}$ | ناو |
| $A^{0}$ | ئاوەڵناو |
| <...> | نموونە هێنانەوە لە ناو دەقدا |
| X | سەرەی وشەی لێکدراو |
| Y | تەواوکەری وشەی لێکدراو |
| / | یان |
| T | تاف |
| AGR | ڕێکەوتن |
| AGRP | فریزی ڕێکەوتن |
| Spec | Specifier |
| $T^{-}$ | نواندنی ناوەندی تاف |
| / / | فۆڕمی فۆنۆلۆژیی / مۆرفێم |
| $Conj^{0}$ | مۆرفێمی تەکخستنی فەرهەنگیی |
| ( ) | گۆکردنی چەمکی دەروازەی فەرهەنگیی |
| $C0nj^{-}$ | فریزی تەکخستن |

| | |
|---|---|
| فرێزی پێشناوی | PP |
| فرێزی کرداری | VP |
| فرێزی ناوی | NP |
| فرێزی ئاوەڵناوی | AP |
| فرێزی تاف | TP |
| فرێزی دیارخەری | DP |
| بکەری دەرنەبراو | Pro |
| ڕستە | S |
| ئاماژەدەر بۆ سەرەی وشە |  |
| نیشاندانی هێز / stress | ⁄ |
| پەیوەندیی دیارخەری | ---------- |
| هەر چەشنە وەچە پێکهاتەیەکی سینتاکسی | XP |
| دیارخەر | $D^0$ |
| فرێزی دیارخەر | $D^{-}$ |
| تاف | $T^0$ |
| ناوی فەرهەنگیی | $X^n$ |
| ئاوەڵناوی فەرهەنگیی | $X^a$ |
| کرداری فەرهەنگیی | $X^v$ |
| توخمی فەرهەنگیی | $X^0$ |
| | |

# پێڕستی ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٤ | **پێشەکی** |
| ٢ | ١/٠) ناونیشانی نامەکە |
| ٢ | ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە |
| ٢ | ٣/٠ )کەرەستە و سنوری نامەکە |
| ٢ | ٤/٠ )ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە |
| ٢ | ٥/٠) گرفتی نامەکە |
| ٣-٤ | ٦/٠) ناوەڕۆک و بەشەکانی نامەکە |
| ٥-٤٢ | **بەشی یەکهەم: تیۆر و بنەما** |
| ٦ | ١/١ ) فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگیی |
| ٨ | ٢/١ )  پێکهاتەی ڕێزمان: |
| ٩ | ٢/١-١ ) پێکهاتەی سینتاکسیی |
| ١١ | ٢/١-٢ ) پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی |
| ١١ | ٣/١ ) بنەمای پرۆژەسازدان |
| ١٢ | ٣/١-١ ) پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژییانە |
| ١٤ | ٣/١-١-١ ) ئێکسباری مۆرفۆلۆژییانە |
| ١٩ | ٣/١-٢ ) پرۆژەسازدانی سینتاکسییانە |
| ٢١ | ٣/١-٢-١ ) ئێکسباری سینتاکسیی |
| ٢٥ | ٤/١ ) ئاستی نواندنی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان |
| ٢٥ | ٤/١-١ ) پێناسەی واتا |
| ٢٧ | ٤/١-٢ ) واتا لە ئاستی وشەدا |
| ٢٧ | ٤/١-٢-١ ) واتای فەرهەنگیی |
| ٢٨ | ٤/١-٢-١-١ ) سیماواتاییەکان |
| ٢٩ | ٤/١-٢-٢ ) واتای مۆرفۆلۆژییانە |
| ٣٤ | ٤/١-٣ ) واتا لە ئاستی ڕستەدا |
| ٣٥ | ٤/١-٣-١ ) سیمانتیکی لێکدەرەوەی |
| ٣٧ | ٤/١-٣-٢ ) ئامانجە بنەڕەتییەکانی تیۆری لێکدانەوەی واتا |

| | |
|---|---|
| ٤/١-٣-٢-١ ) پرەنسیبەکانی تیۆری لێکدانەوەی واتا | ٣٨ |
| ٤/١-٣-٢-١-١) فەرهەنگ | ٣٨ |
| ٤/١-٣-٢-١-٢) دروستەی قووڵ | ٣٩ |
| ٤/١-٣-٢-١-٣) دروستەی ڕووکەش | ٤١ |
| | |
| ***بەشی دووهەم : دروستەی لێکدان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا*** | ٤٢-٩٨ |
| ١/٢ ) لێکدان | ٤٣ |
| ٢/٢ ) قۆناغی پێش مۆرفۆلۆژیی | ٤٤ |
| ٣/٢ ) لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان | ٤٧ |
| ٣/٢-١ ) بنەماکانی لێکدان | ٤٧ |
| ٣/٢-١-١ ) بنەمای دروستەیی | ٤٧ |
| ٣/٢-١-٢ ) بنەمای فۆنۆلۆژیی | ٤٨ |
| ٣/٢-١-٣ ) بنەمای واتایی | ٥٢ |
| ٣/٢-٢ ) چەشنەکانی لێکدان | ٥٤ |
| ٣/٢-٢-١ ) لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی ناهاوپایە | ٥٤ |
| ٣/٢-٢-١-١ ) دروستەی مۆرفۆلۆژیی | ٥٤ |
| ٣/٢-٢-١-٢ ) گریمانەی ( X + Y ) | ٥٤ |
| ٣/٢-٢-١-٣ ) گریمانەی ( Y + X) | ٥٧ |
| ٣/٢-٢-٢ ) تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانە/ هاوپایە | ٥٩ |
| ٣/٢-٢-٣ ) لێکدراوی داڕێژراو/لێکڕژاو | ٦٤ |
| ٣/٢-٢-٤ ) دووهێندەیی تەکخراو لە مۆرفۆلۆژییدا | ٦٥ |
| ٣/٢-٢-٤-١ ) دووهێندەیی تەکخراوی نائازاد | ٦٦ |
| ٣/٢-٢-٤-٢ ) دووهێندەیی تەکخراوی ئازاد | ٦٨ |
| ٣/٢-٢-٤-٣ ) تەکخراوی دووهێندەیی سینتاکسیی | ٧١ |
| ٤/٢ ) بەلێکسیمبوون لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا | ٧٥ |
| ٤/٢-١ ) بەلێکسیمبوون لە مۆرفۆلۆژییدا | ٧٥ |
| ٤/٢-١-١ ) بەلێکسیمبوونی مۆرفۆلۆژییانە بە پرۆسە | ٧٩ |
| ٤/٢-٢ ) بەلێکسیمبوون لە سینتاکسدا | ٨٣ |
| ٤/٢-٢-١ ) لێکدانە سیناتاکسییەکان | ٨٣ |

| | |
|---|---|
| ٢/٤-٢-١-١ ) لێكدان لە فرێزدا | ٨٣ |
| ٢/٤-٢-١-٢ ) لێكدانی ڕستەیی | ٨٦ |
| ٢/٤-٢-٢ ) لێكدانی پاش ڕستەیی | ٨٨ |
| ٢/٤-٢-٢-١ ) ڕستەی لێكدراو | ٨٨ |
| ٢/٤-٢-٢-٢ ) ڕستەی تەكخراو | ٩٢ |
| ***بەشی سێیەم: واتا و دەركردەی وتایی لێكدان*** | ١٣٤-٩٨ |
| ٣/١ ) لێكدانەوەی واتایی | ٩٩ |
| ٣/١-١ ) جۆرەكانی واتا | ٩٩ |
| ٣/٢ ) دەركردەی واتای توخمە فەرهەنگییەكان | ١٠٠ |
| ٣/٣ ) دەركردەی واتایی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا | ١٠٤ |
| ٣/٣-١ ) دەركردەی واتایی لە لێكدراوی مۆرفۆلۆژییدا | ١٠٥ |
| ٣/٣-١-١ ) دەركردەی واتایی لە لێكدراوی مۆرفۆلۆژیی ناهاوپایەدا | ١٠٦ |
| ٣/٣-١-٢ ) دەركردەی واتایی لە تەكخراوی مۆرفۆلۆژیی هاوپایەدا | ١١١ |
| ٣/٣-١-٣ ) دەركردەی واتایی لە دووهێندەیی مۆرفۆلۆژییانەدا | ١١٧ |
| ٣/٤ ) دەركردەی واتایی لە تەكخراوی دووهێندەیی هاوپایەی سینتاكسییدا | ١٢١ |
| ٣/٤-١ ) دەركردەی واتایی دروستەی سینتاكسیی/ڕستە | ١٢٤ |
| ٣/٤-١-١ ) دەركردەی واتایی لە ڕستە دا | ١٢٦ |
| ٣/٤-١-٢ ) دەركردەی واتایی لە ڕستەی لێكدراودا | ١٢٨ |
| ٣/٤-١-٣ ) دەركردەی واتایی لە ڕستەی تەكخراودا | ١٣١ |
| ئەنجام | ١٣٥ |
| لیستی سەرچاوەكان | ١٣٧ |
| **الملخص البحث** | ١٤٥ |
| **Abstract** | ١٤٦ |

# پێشەکی

# پێشەکی

١/٠ ) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بۆ ( دروستەو دەرکردە واتاییەکانی پڕۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە، مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، نیشاندانی پڕۆسەی لێکدان و بەبەرهەمی پڕۆسەی لێکدان و دەرکردەی واتایی پڕۆسەی لێکدانە لە زمانی کوردییدا.

٢/٠ ) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

زمانی مرۆڤ هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتندایە، وە لە توانای کەسدانییە ئەم گۆڕان و پێشکەوتنە ڕابگرێت، بۆیە پڕۆسەی لێکدان و پڕۆسەی بەلێکسیمبوون و دەرکردەی واتایی پڕۆسەی لێکدان، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە بۆتە هۆی لە دایکبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

٣/٠ ) کەرەستەو سنوری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری نامەکە پەیوەست بەبەرهەمهاتوە مۆرفۆلۆژییەکانەوە بۆ لێکدانەکانی لە جۆری هاوپایە ( Coordinate )و ناهاوپایەکان ( Non coordinate )ە، کە ئەوەش کارکردنە بە مۆدێلەکانی ( X , Y) و ( X , X ) بەوەش نامەکە ناچێتە سنوری مۆدێلەکانی ( Z , X ) و ( X , Y , Z )ەوە. کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنوری کوردیی ناوەڕاستدایە، کەرەستە و داتای لێکۆڵینەوەکە لە زمانی ستانداردی کوردی شێوەزاری سلێمانی وەرگیراون.

٤/٠ ) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەوکراوە، بەشێوەیەکی زانستی داتا و نموونەکان شیکارکراون.

٥/٠ ) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

دەستنیشاننەکردنی پەیڕەوبەندانەی لێکدان لە هەردوو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بەگرفت زانراون بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەروەها دیارینەکردنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان بەتایبەت لە هێڵکارییەکاندا، گرفتی دیارینەکردنی چەشنی دروستەیی لێکدان بەگشتیی و وشەی لێکدراو بەتایبەتی.

٦/٠ ) ناوەڕۆک و بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەم شێوەیە.

بەشی یەکهەم:

ئەم بەشە بۆ ( تیۆر و بنەما بەگشتیی) تایبەتکراوە، پەسنی فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگیی، ڕێزمان و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی کراون، پاشان بنەماکانی پرۆژەسازدان و پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی پەسنکراون، پاشان پەسنی ئێکسباڕی مۆرفۆلۆژیی و ئێکسباڕی سینتاکسیی و دواتر پێناسەی واتاو، هەروەها ئاستی نواندنی توخمە فەرهەنگییەکان و واتا لە ئاستی وشە و واتا لە ئاستی ڕستەدا و سیماواتاییەکان پەسنکراون، پاشان سیمانتیکیی لێکدەرەوەیی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم تیۆرە و پرەنسیبەکانی تیۆری لێکدانەوەی واتایی، کە فەرهەنگ و دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەشن پەسنکراون.

بەشی دووهەم:

ئەم بەشە بۆ ( دروستەی لێکدان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) تایبەتکراوە، کە تێیدا پەسنی لێکدان و پرۆسەی لێکدان و پاشان پەسنی قۆناغی پێش مۆرفۆلۆژیی و دواتر لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان و بنەماکانی لێکدان، کە بنەمای (دروستەیی و فۆنۆلۆژیی و واتایی دەگرێتەوە کراون، هەروەها چەشن و جۆرەکانی لێکدان، کە لێکدانی مۆرفۆلۆژیی ناهاوپایە و لێکدراوی داڕێژراو/ لێکڕژاو و تەکخراوی مۆرفۆلۆژیی هاوپایە دەگرێتەوە کراوە، هەروەها هەردوو گریمانەی ( X + Y ) و ( Y + X ) تاقیکراونەتەوە، پاشان دووهێندەی تەکخراو لە مۆرفۆلۆژییدا، کە دووهێندەیی تەکخراوی نائازاد و دووهێندەیی تەکخراوی ئازاد دەگرێتەوە و دوو هێندەیی تەکخراو لە سینتاکسدا پەسنکراوە، دواتر پەسنی بەلێکسیمبوون لە مۆرفۆلۆژیی و بەلێکسیمبوون لە سینتاکسدا کراوە، هەروەها پەسنی لێکدانی ڕستەیی و لێکدانی پاش ڕستەیی، کە ڕستەی لێکدراو و ڕستەی تەکخراو دەگرێتەوە کراون.

بەشی سێهەم:

ئەم بەشە بۆ ( دەرکردەی واتایی پرۆسەی لێکدان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) تەرخانکراوە، لەم بەشەدا پەسنی چەشن و جۆرەکانی واتا و نیشانە واتاییەکان و هەروەها باس لە دەرکردەی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان و دەرکردەی واتایی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا و پاشان دەرکردەی واتایی لە لێکدراو و دەرکردەی واتایی لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی ناهاوپایە و تەکخراوی

مۆرفۆلۆژیی هاوپایەدا کراوە، پاشان پەسنی دەرکردەی واتایی لە دووهێندەیی مۆرفۆلۆژیی و دووهێندەیی هاوپایەی سینتاکسییدا کراوە، هەروەها پەسنی دەرکردەی واتایی دروستەی سینتاکس/ ڕستە و دەرکردەی واتایی ڕستەی لێکدراو و دەرکردەی واتایی ڕستەی تەکخراو کراوە.

# بەشی یەکەم

# تیۆر و بنەما

## ١/١) فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگیی :

فەرهەنگ( lexicon) دەروازەی کۆزانیاریی/ مەعریفی زمانی مرۆڤە، "کە تێیدا زانیاریی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی هەڵگیراون، ئەوانەی لە فەرهەنگدا هەڵگیراون کەرەستەکانن بەنیشانەکانەوە" (ئەحمەد، ٢٠١٥ ، ٢٨ ). لە ڕێی هەبوونی ئەوزانیارییانەوە "ئاخێوەری گشت زمانێک دروستەی دروست و واتاڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زانیارییە فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگیی مێشکی ئاخێوەرانی زمانێکدا تۆمارکراون. زانیاریی پێکهاتەکانی زمان لەگەڵ زانیاریی واتاییدا، لای ئاخێوەری گشت زمانێک هەن، لە کاتی زمان پژاندا بەزمانی دایکی وەریاندەگرێت" (مەعروف، ٢٠١٤ ، ٩١ ).

( چۆمسکی ) لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەناسێنیت، کە "ئاستی قووڵ بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەستێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسییەکان دەبەخشیت، بە پێی تیۆرەکەی چۆمسکی فەرهەنگ وەک وشەنامە لە ژمارەیەک یەکەی فەرهەنگیی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانە بریتین لە مۆرفیمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاریی فۆنەتیکیی و واتایین " (محەمەد، ٢٠١٦ ، ٦).

هەر چەندە پێشتر فەرهەنگ بە پاشکۆی ڕێزمان، یان بە لیستی ناڕێزمانییەکان دانرابوو، "بەڵام زۆرێک لە ڕێبازەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە فەرهەنگ تەنها لیستی نادروستەیی یەکەکان ناگرێتەوە، فەرهەنگ لە سیمانتیکی لێکدەرەوەییدا تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆڵە دەگرێتەوە، کە هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگیی هەیەتی، بەشێوەیەکی وردتر، کەرەستە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەکیی خۆیانیان هەیە، کە بە هۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن و بریتین لە ( یاساکانی فۆرم داڕشتن( formation rules) و( یاساکانی هەڵگواستن و گواستنەوە ) و یاسای کۆتوبەندکردن و مەرج و سنوردانان ( constraint ). یاساکانی فۆرمداڕشتن دیاریکەری چۆنیەتیی لێکدانی کەرەستە فەرهەنگییەکانە لەناو یەکەی گەورەترداو، چۆن ئەم یەکانە لە گەورەترین یەکەدا لێکدەدرێن. یاساکانی دروستەی فرێز نموونەی یاسای فۆرم داڕشتنە" (حسەین، ٢٠١١ ، ٥٦ ). لە قۆناغێکی تێڕوانینی سایکۆلۆژییدا فەرهەنگ بە ئاوەزو داڕشتەی سایکۆلۆژیی تاکەوە بەستراوەتەوە، ئەوەش بنەمای هاتنەکایەی فەرهەنگیی ئاوەزیی ( Mentel lexicon) ە، کە بە واتای وشە نامەکەی ناو مێشکە، سەرچاوەی زانینە و تێیدا زانیاریی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکی هەڵگیراون و "داڕشتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسیکیەکانە. زاراوەیەکە بۆ چۆنیەتیی ڕێکخراوی ئاوەزی گەنجی وشەی مرۆڤێک "(مەحوی، ٢٠٠٦ ، ١٢ ). واتە فەرهەنگ هەموو ئەو زانیارییە لێکسیکیانە دەگرێتەوە، "کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە مێشک/

ئاوەزی تاک بە تاکی مرۆڤەکاندا هەڵگیراون، " بۆ هەریەک لە قسەکەر یان نوسەر دەستپێداگەیشتنیان بۆ وشەکان پەیوەندیی بە ( نەخشەی بیر Mind Map )ەوە هەیە، کە بەهۆیەوە واتای وشەکان و چۆنێتی ڕێکخستنیان بەرامبەر فۆڕمێکی دیاریکراو لە فەرهەنگیی ئاوەزیدا دیاریدەکرێت " ( مەحمود، ٢٠١٢ ، ١٣٣ ). لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیشدا فەرهەنگ تایبەتمەندیی ئەو ڕۆڵە دەگرێتەوە، کە هەرکەرەستەیەکی فەرهەنگیی هەیەتی" https://www.cambridge.org/core/books/abs/linguistics-the-cambridge-survey/mental-lexicon/2C9D130A0EA2CDF9A80E19CB3AC64EC7

بەوەش تاک بیرکردنەوەی خۆی لە سیستەمی ناو فەرهەنگە ئاوەزییەکە دەنەخشێنێت و مامەڵەیەکی تاکلایەنانە، لەگەڵ زانیارییە زمانیی و نازمانییەکاندا دەکات، کە زانیارییە نازمانییەکان کلتورو داب و نەریتی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. .https://en.wikiversity.org/wiki/Psycholinguistics/The_Mental_Lexicon


فەرهەنگ لە ڕووی ڕێزمانەوە، ئەو یەکانەن، کە زانیارییان دەربارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتووە، " هەروەک فەرهەنگ لە ڕوانگەی تیۆری ستانداردی چۆمسکییەوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان، لە بەرئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان خاوەنی دروستەی ناوەکیی خۆیانن، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانی وەکو ( فۆڕمداڕشتن، هەڵگواستن، و یاسای کۆتوبەندکردن و مەرج و سنوردانان ) دەنوێنرێت، بەمپێیە فەرهەنگ بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان گەنج / هەڵدەگرێت، بەجۆرێک قسەکەر بەهۆی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە و ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان فۆڕم و واتاکەیدا هەیە و پێڕەوبەندێتی لە بەکارهێنانی ئاوەزییانەدا وەها دەکات ئۆتۆماتیکیانە دەستی پێبگاتەوە" (ئەحمەد، ٢٠١٣ ، ١٠ ). هەرچەندە لە دەستپێکی پێناسینی فەرهەنگدا زانیارییەکان لە چێوەی هەرسێ زانیاریی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیی دەخولانەوە، بەڵام کردنەوەی دەروازەی مۆرفۆلۆژیی و توانستی مۆرفۆلۆژیی لە لای تاک، ئاراستەی تێڕوانینەکان بە لایەکدا دەبات، کە لە فەرهەنگیی ئاوەزییدا لە پاڵ زانیارییەکانی تردا، زانیاری مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی هەبن. فەرهەنگ خۆی خاوەنی چەند دەروازەیەکە لە لێکدانەوە و خستنەڕووی توخمەکانیدا، کە بە دەروازە فەرهەنگییەکان ناسراون و ئەم دەروازانەش بە دوو شێوە داڕێژراون: کە پێکهاتەی هێمای لێکسیمی و هێمای فرێزی هەیە، هێمای زمانی، بۆ ئەوەی ببێتە لێماو لە فەرهەنگدا تۆماربکرێت، پێویستە واتای هەبێت، یان خاوەنی واتابێت، وەک ( جوان، خواردن، چوون.......)، یان هەڵگری واتابێت، وەک: ( یی ، ەکە ،ان ) (حسەین، ٢٠٠٩ ، ١٢٩ ).

کەواتە ڕێزمان لە ڕووی دروستەوە هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی دەگرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو سێ پێکهاتەیە خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی تایبەت بەخۆیانن، کەرەستەی بەرایی هەریەک لەو پێکهاتانە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، بە جۆرێک فۆنۆلۆژیی بنیاتی برگەو مۆرفۆلۆژیش بنیاتی وشەی نسادەی تێدا دەنرێت، هەروەها فۆرمی جیاوازی ڕێزمانی وشە نافەرهەنگییەکانیش دەخاتە ڕوو، وەک ( کتێب: کتێبەکە، کتێبێک،.....هیتد) دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە ئەگەر کار بەگریمانەی بە پێکهاتە بوونی فەرهەنگ بکرێت، ئەوا فەرهەنگیش خاوەنی یاساو ڕێساو کەرەستەی تایبەت بە خۆیەتی، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، ئاستی فەرهەنگیی خاوەنی ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیەتی. بۆ نموونە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشەوە، دەبێت بارگەخستنێک پێش بەرهەمهێنان لەو دوو پێکهاتەیەدا هەبێت، ئەویش قۆناغی پۆلەرەگەزدیاریکردنە (sub categorization )، کە دەشێت بۆ بەرهەمهێنانی وشەی مۆرفۆلۆژیی و فۆرمی سینتاکسیش بێت(بڕوانە جێبەجێکردنی گریمانەکە لە بەشی دووهەمدا).

## ٢/١) پێکهاتەی ڕێزمان :

ڕێزمان بۆ نواندنی زانیاریی فەرهەنگییە. واتا هەر پێکهاتەیەکی ڕێزمان زانیاریی پێکهاتەیی و کەرەستەو توخمەکانی لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، تا لە ڕێزماندا بنوێنرێن. بەوەش فەرهەنگ دەبێتە پاشخانی ڕێزمان. وەک لە هێڵکاریی ژمارە(١)دا، خراوەتە ڕوو زانیارییە ڕێزمانییەکان لە کەرەستەکانی وەک فۆنێم و مۆرفێم و وشەدا هەڵگیراون، هەر پێکهاتەیەکی ڕێزمانیش بە پێی جڵەوی خۆی کەرەستەکان بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی وەردەگرن، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە ( مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس )، بۆیە باس لەو دوو پێکهاتەیە دەکەین.

هێڵکاریی ( ١ )




هێڵکارییەکە ئەوە نیشاندەدات، کە ڕێزمان بە هۆی کەرەستەکانی لە جۆری فۆنێم و مۆرفێم و وشەکانەوە، سێتی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی لەو تاک_کەرەستانەوە بەرهەم دەهێنن، بەجۆرێک فۆرمی فۆنۆلۆژیی لە چەشنی برگە، فۆرمی مۆرفۆلۆژیی لە چەشنی وشەی ناسادە، فۆرمی سینتاکسیی، لە چەشنی فرێز بەرهەمدێنن بڕوانە (سەعید:٢٠٢٠، ٤١). بەوەش لە ناو کەرەستەکاندا هەریەک لە زانیارییەکان بۆ هەریەک لەو فۆرمە ڕێزمانییانە هەڵگیراون.

## ١-٢/١) پێکهاتەی سینتاکسیی :Syntactic Structures

بە پێی ئەو پێناسەو ڕوونکردنەوانەی، کە لە بارەی فەرهەنگەوە خرانە ڕوو، ئەوە دەستکەوت، کە زانیارییە سینتاکسییەکان لە بنەڕەتدا زانیاری فەرهەنگیین و لە ناو توخمە یەک لێکسیمەکاندا هەڵگیراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا پێکهاتەی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی بە شێوەیەکی گشتی ئاستی (X) ی تیۆری ئێکسباڕ پڕدەکەنەوە، کە وشە دەگرێتەوە. (قادر، ٢٠٠٩ ، ٤٣ ) وەک دەزانین، سینتاکس خۆی بە بنیاتنانی دروستەی فرێزەکانەوە خەریک دەکات و فرێزەکانیش لە چوارچێوەی سینتاکسدا ( ڕێزماندا) تەواو کەری فەرهەنگیی گشت زمانێکن. ڕێزمان بۆ نواندنی زانیاریی فەرهەنگییە، چوونکە وەک ئاماژەی پێدرا، زانیارییەکان لە فەرهەنگدا گەنج دەکرێن/

هەڵدەگیرێن و ڕێزمانیش وەک پێکهاتەیەکی دەرەکی ئەو زانیاریانە دەنوێنێت، کە لە پێکهاتەی فەرهەنگییدان، وەک ئاماژەی پێدەدەین، ( X ) ەکان، بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە مەبەست لێی ( ناو و ئاوەڵناو و کردارو پێشناوە ) ( $X^{N}$ ) و ($X^{A}$ ) و ( $X^{V}$ ) و ($X^{P}$)ە و لە سەر زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکان جێبەجێدەکرێت. واتە پرۆژەسازدەرەکانی زمان ژمارەیەکی سنورداری پۆلەڕەگەزن، کە دەتوانن فۆرمی سینتاکسیی دروستبکەن، لەبەرئەوەی لە توانای پرۆژەسازداندا وەک یەکن( Cook and Newson,197,161) لە(محەمەد، ٢٠١٦ ، ٨٢ )وەرگیراوە. بۆیە بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی تایبەتمەندیی سینتاکسییەوە ناونراوە ( $X^{o}$ )، کە نواندنی سینتاکسیی جیاوازیان پەیوەست بەجۆری پۆلەڕەگەزەکانیانەوە تێدا هەڵگیراوە، واتە ئەگەرچی (X)ەکان لە پرۆژەسازداندا چوونیەکن، بەڵام لە زانیاریی سینتاکسییاندا جیادەبنەوە ($X^{o}$) ەکان دانەی فەرهەنگیین، بۆ بنیاتنانی سینتاکسیی هەمەجۆر بەکار دەهێنرێن، بەو پێیەی لە تیۆری ئێکسباڕدا باسی لێوەدەکرێت (X )ەکان ( ناو و ئاوەڵنا و کردار و .... هتد ). کە دێنە ناو پێکهاتەی سینتاکسییەوە بە جۆرێک، کە ئاستی نواندنی جیاوازیان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢ )

هێڵکاریی(٢)

پێکهاتەی فەرهەنگیی

فرێز ⎡ پێکهاتەی سینتاکسیی ( ١ ).

ڕستە ⎡ پێکهاتەی سینتاکسیی (٢ ).

بە پێی نەخشەکە ( $X^{o}$ )ەکان بۆ دروستکردنی پرۆژەی فرێز دەبرێنە پێکهاتەی سینتاکسیی یەکەمەوە، کە لە ڕێگای ( $X^{o}$ ) ەکانی لە جۆری "ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، " دواتر لەڕێگای ($X^{o}$) ەکانی لە جۆری (تاف و ڕێکەوتن) ەوە فرێزەکان بە پێکهاتەی سینتاکسیی دووهەم دەگەن. مەبەستمان لە پێکهاتەی سینتاکسیی (١) و پێکهاتەی سینتاکسیی (٢)، ئاستی فرێزو ڕستەیە، کە هەردووکیان بەرهەمی سینتاکسین. پەیوەست بە پرۆژەی سینتاکسیی بڕوانە پارەکانی داهاتوو ( هەمان سەرچاوەی پێشو،٢٠١٦، ٨٢ ).

## ۲-۲/۱) پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی:

پێشکەوتن و گۆڕانە یەک لەدوایەکەکان لە دونیای دەرەوەی زماندا، هۆی بۆ زیادبوونی وشەو زاراوەکان سەرەکین. " مۆرفۆلۆژیی، وەک لقێکی زانستی زمان لە دروستەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە و پەسەنییاندەکات، کەواتە مۆرفۆلۆژیی ئەرکی ڕێکخستنی کەرەستەی بەرایی وشەناسادەکان و بەرهەمهێنانیانە. مۆرفۆلۆژیی ئەرکی وشە دروستکردنە ( هەڵگواستن و لێکدانە) لە فەرهەنگدا و شکاندنەوەو ڕیزبوونە لە سینتاکسدا. مۆرفۆلۆژیی نیشاندانی دروستەی ناوەوەی وشەکان بەکاری سەرەکیی خۆی دەزانێت" (ئەحمەد، ۲۰۱۲، ۳۳). زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان وەک کۆی زانیارییەکانی پێکهاتەکانی تر لە توخمە فەرهەنگییەکاندا هەڵگیراون، ئەوەش دەربڕی ئەوەیە، زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە زانیارییەکی فەرهەنگییەو ئاخێوەری کوردیش لە ڕێی توخمە فەرهەنگییەکانەوە، پرۆژەی مۆرفۆلۆژییانە بەرهەمدێنێت، نەک دروستیی بکات. "مۆرفۆلۆژیی جگە لە وەی خۆی بەدروستەی ناوەوەی وشەوە خەریک دەکات، نوێنەری زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەی ناو توخمە فەرهەنگییەکانیشە"(عەزیز،۲۰۲۲، ۵۰ – ۵۱ ). کۆی توخمە فەرهەنگییەکان لە نێوان مۆرفیمی سەربەخۆو بەندا دابەشکراون، ئەگەرچی لە ناویاندا توخمە مۆرفۆلۆژییەکان، لە توخمە سینتاکسییەکان جیاکراونەتەوە، چوونکە هەریەکەیان ئاستی نواندنیی خۆیان هەیە، گەر وانەبێت ئەو توخمانە پەیوەست بە پێکهاتەکانیانەوە نیشانەنەکراون(Unmarked) بەوەش دەستنیشانکردنیان و جیاکردنەوەیان لە یەکتری کارێکی گران دەبێت، چوونکە هەندێک جار توخمی سینتاکسیی دەبن بە توخمی مۆرفۆلۆژیی، بە پێچەوانەشەوە. لە ڕاستیدا پەیوەست بە مۆرفیمە سەربەخۆو بەندەکانیشەوە ئاستی نواندنەکان لە نێوان ($X^{-1}$)و ($X^{0}$)دایە. ($X^{-1}$)ەکان بۆ پرۆسەی هەڵگواستن نیشانەکراون، بەڵام ($X^{0}$)ەکان توخمی نێو مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیین. بڕوانە پارەکانی دواتر

## ۳/۱) بنەمای پرۆژەسازدان :


پاش ئەوەی لە فەرهەنگدا گریمانەی ئەوەکرا، کە فەرهەنگ سەرچاوەی کۆزانیارییەکانە، کۆزانیارییەکانیش بەشێکی گرنگ لە زانیارییەکان پەیوەست بە فۆڕم ودروستەوە بوون، واتە کۆزانیاریی ئاخێوەری زمانێک بەشێکی گرنگیی سازدانی ئەو پرۆژانەیە، کە لە زانیارییە فەرهەنگییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ناوەخنی هەر توخمێکی فەرهەنگیی پەیوەست بە ڕێزمانەوە نواندنی تایبەت بەخۆیانیان هەیە، ئەوەش بەوپێیەی توخمە فەرهەنگییەکان لە فۆنێم و مۆرفێم و وشەش بۆ پرۆژەسازدانی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی ڕاستە، هەریەک لە فۆنێم و مۆرفێم لە چێوەی وشەدا زانیارییە دروستەیەکانیان تێدا دەردەکەوێت، بەڵام لەناو پێکهاتەی فۆنۆلۆژییدا

برگە و لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییشدا وشە سازدەدرێن، بۆیە هەریەک لە برگە و مۆرفێمیش لە چێوەی وشەدا، دەبنە زانیاریی فەرهەنگیی. لێرەوە لە پارەکانی داهاتوودا پرۆژەسازدان پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دەخرێنە ڕوو.

## ١-٣/١) پرۆژەسادانی مۆرفۆلۆژییانە :


لە ڕاستییدا بنەمای پرۆژەسازدان پێواژۆ و کردەیەکی سینتاکسییانەیە، زیاتر ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانی هەیە، نەک دروستکردن. ئەم بنەمایە لەو ڕوانگەیەوە ئاکارێکی بەرهەمهێنانی هەیە، کە پێی وایە، بۆ کۆی زمانی مرۆڤ ڕوانگەیەکی گشتی سەرتاپایی هەیە، چوونکە توخمە پرۆژەسازدەرەکان ئەو توخمانەن، کە لە کۆی زمانی مرۆڤدا، دەبنە بنەمای بەرهەمهێنانی پرۆژەی سینتاکسیی ئەوەی جیایان دەکاتەوە پارامێتەری زمانەکانە. فراوانکردنی بنەما بۆ پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژییانە بە خشکەیی ئەوە دەگەیەنێت، کە دەشێت لە ناو توخمە فەرهەنگییەکاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەش هەبن بۆ بونیاتنانی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی ( وشەی ناسادە). ئەو کاتە توخمە سادەکان/ یەک لێکسیمەکان بۆ خۆیان توخمێکی فەرهەنگیین، نەک مۆرفۆلۆژیی بن، بەڵام لە ناویاندا زانیاری مۆرفۆلۆژییانە بۆ بەرهەمهێنان یان دروستکردنی فۆڕمی مۆرفۆلۆژییان تێدایە، بەوەش وشەی یەک لێکسێمی (ا ) توخمی فەرهەنگییە، نەک مۆرفۆلۆژیی (ب) بۆ پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژییانە زانیارییەکانیان تێداگەنج/ هەڵگیراون، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٣) .

هێڵکاریی (٣)




بە پێی هێڵکارییەکە، دەبێت پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیشەوە، توخمی پرۆژەسازدەر جیابکرێتەوە، واتە ئەو توخمانەی، کە زانیاری مۆرفۆلۆژییان پەیوەست بە بەرهەمهێنان، یان دروستکردنیان تێدایە، ئەوەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە لە مۆرفۆلۆژییشدا فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان بە پێی زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەی ناو توخمەکان بەرهەمدێن، نەک دروستبکرێن. بۆ نموونە لە ($V^0$) ێکدا زانیارییەکە پەیوەست بە پرۆژەسازدانی سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژییانەش هەیە، بڕوانە نواندنی ژمارە (١) لە خوارەوە.

١).





( پیاوکوژ، دەستبڕ، مێشکوژ، بەفرماڵ،....هتد).


### ١-١-٣/١) ئێکسباڕی مۆرفۆلۆژییانە :

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، تیۆری (X – BAR ) پەیکەری سینتاکسیی پڕۆژەسازدان بوو، چوونکە زانیاریی سینتاکسییانەی توخمە فەرهەنگییەکانی دەخستە ڕوو. لە تیۆرەکەدا توخم و دروستە هەبوون، توخمەکان لە چێوەی فەرهەنگدابوون و ناوەخنێکی زانیاریداریان هەبوو، بەڵام دروستەکان جێبەجێکردنی زانیارییە سینتاکسییەکان بوون بە پێی پارامێتەری زمانێک. بۆیە فراوانکردنی ئەو تیۆرە بۆ ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، دەبێت لایەنی توخم و دروستەییش بگرێتەوە، توخمێک کە زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەی تێدابێت بۆ بنیاتی وشەی ناسادەی دروستەیەک، کە ( Y و X ) یکە، بۆ بەرهەمهێنانی وشە ناسادەکە، لە فەرهەنگەوە وەربگیرێت، هێڵکارییەکان پەیوەست بە دابەشکردنی چەشن و جۆری مۆرفیمەکان توخمی پڕۆژەسازدەری مۆرفۆلۆژییان تێدا جیانەکراوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێکسباڕی مۆرفۆلۆژییانە، وەچەی ئێکسباڕی سینتاکسییانەیە، بۆیە دەبێت توخمی پڕۆژەسازدەری وشەی ناسادە لەم پێکهاتەیەشدا دیارییبکرێت، واتە لە مۆرفۆلۆژییشدا، تەنانەت هێڵکاریی ژمارە (٣) سنورو ڕکێفی مۆرفیمەکانی دەستنیشان نەکردووە، واتە بەشێوەیەکی گشتی، دەڵێت وشە و مۆرفیمەکان کەرەستەی مۆرفۆلۆژیین، بەڵام هێنانی تیۆرەکە بۆ ناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکان، وادەکات، کە توخمە پڕۆژەسازدەرە مۆرفۆلۆژییەکانیش دیارییبکەین. پێشنیازو گریمانەکان بۆ ئەو توخمانە لە سەرێکەوە هەمان ئەو توخمانە وەردەگرێت، کە ئێکسباڕی سینتاکسیش بۆ پڕۆژەسازدان پێشنیازی کردوون، ئەوانیش ( کردار و ناو و ئاوەڵناو)ن، کە ( $X^0$ )ن، بەڵام لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی هەڵگواستنیش بەشێکە لە پرۆسەی وشە دروستکردن، بۆیە دەبێت ئاستێکی نواندنیش بۆ ئەو توخمانە هەبن، ئاستی ئەو پرۆسەیەش لە ( $X^{-1}$ )دا دیاریکراوە بڕوانە (مەعروف ٢٠٢٠، ٨ – ٩ و یونس٢٠١٣، ٧ ). ڕوونکردنەوەکە ئەوە دەردەخات، کە توخمی پڕۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژیی ( $X^0$ )ەکان، هەمان پۆلەڕەگەزی سینتاکسیین بەوەش پێشبینی ئەوە دەکرێت، کە لە ( $X^0$ )یکدا، زانیاری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی پەیوەست بە پڕۆژەسازدانەوە هەبن. بڕوانە (طاهیر، ٢٠٢٢، ٥١– ٥٢)، بەڵام ( $X^{-1}$ ) ەکان، لەبەرئەوەی بۆ هەڵگواستنن، تەنیا ڕکێفی مۆرفۆلۆژییان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٤)و ژمارە(٥).

هێڵكاریی (٤)





هێڵكاریی (٥)




بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی، لە پێشتر سەبارەت بە توخمە پڕۆژەسازدەرە مۆرفۆلۆژییەكان باسمان ەكرد، كە هێڵكارییەكان جۆر و چەشنی ئەو جۆرە مۆرفیمە پڕۆژەسادەرە مۆرفۆلۆژییانەیان تێدا دەست نیشان نەكراوە، بۆ دەست نیشانكردنی ئەو جۆرە مۆرفیمە پڕۆژەسازدەرە مۆرفۆلۆژییانە، بڕوانە هێڵكاریی ژمارە( ٦) لە خوارەوە، كە دەستنیشانی مۆرفیمە ( $X^{-1}$ )ەكانی تێدا دەكرێت.

هێڵکاریی (٦)

دیاریکردنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکان :–




بە پێی هێڵکارییەکە، ناوەکان هەمیشە ( X) نین، بەڵکو هەندێک جار بە جێکەوتە دەبن بە ( Y )، هەروەها پریپۆزیشن هەموو کات سەری ڕێزمانی، یان سەری وشە نییە، بەڵکو لە داڕشتنی

وشەدا دەبن بە ( $X^{-1}$ ) بۆ نموونە(بە) لە > بەهێز< دا جیاوازە لە (بە) لە > بە سلێمانیدا<، کە لێرەدا بۆتە پێکهێنەری فرێز، چوونکە لە > بەهێز<دا بۆتە وشەدارێژ و بە توخمێکی مۆرفۆلۆژیی دادەنرێت، بەڵام لە > بە سلێمانیدا< بۆتە فرێزێکی پێشناوی و بە توخمێکی سینتاکسیی دادەنرێت. " هەر مۆرفیمێک، چ بەندبێت، یان سەربەخۆبێت، ئەگەر ئەرکی لە دوو ئاستی زمان، یان زیاتردا هەبێت، دەکرێت بە مۆرفیمی دوولانە، هەر وەک لە هێڵکارییژمارە(٦)دا نیشاندرا "( شێخ تەیب، ٢٠٢١، ١٢). ئامانجی سەرەکیی تیۆری ئێکسبارِ ئەوەیە، کە ڕۆنانی پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستەکان شیبکاتەوە، بەوەی لە بنەڕەتدا یەکن و هاوشانن، بۆیە لە سەر ئەم ڕاستییە پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکانیش، وەک وشە ناسادەکان دەکرێت، بخرێنە چوارچێوەی شیکردنەوەی ئەم تیۆرە، چوونکە دروستەی ئاستی مۆرفۆلۆژیش هەمان ڕووکاری دروستەی ئاستی سینتاکسیی هەیە، واتە وشە ناسادەکان خاوەن دروستەیەکی ناوخۆیین و لە چەند دانەیەکی پێکهێنەر پێکهاتوون، کە هاوشێوەی ڕۆنانی سینتاکسیی چوونەتە پاڵ یەکەوە، بۆیە " پێکهاتەی وشەکان بەدرێژکراوەیی ڕۆنانی سینتاکسیی دادەنرێت. ئەگەر پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەکانی، وەک وشە ناسادەکان لە شێوەی پێکهاتەدا وەربگرین، ئەوا دەکرێت ئاستی مۆرفۆلۆژیش لە پاڵ سینتاکسدا، بە شێوەیەکی گشتی ئاستی ( X ) پڕبکاتەوە. چوونکە چۆن فرێزەکان سەرەدارن، بە هەمان شێوە ئەم جۆرە وشانەش لە شیکردنەوەی پێکهاتەکەیاندا دەردەکەوێت، کە سەرەدارن" ( katamba :2006:316 ) ( لە ( یونس، ٢٠١٣، ٧ )وەرگیراوە. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە تایبەتیش ( هال) هەوڵیدا تیۆری ئێکسبارِ بەو ڕادەیە فراوان بکەن، کە ئاستی مۆرفۆلۆژیش بگرێتەوە تاوەکو چەند هەوڵێکی دیکەشی لە لایەن زمانەوانەکانی دیکەی، وەکو ( ئارۆنۆف، ولیەمز، مارتینز )ی. بە دواداهات. ناوەڕۆکی هەوڵی ئەمانە جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە ڕۆنانی ناو خۆی وشە ناسادەکان، یان پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکان، هەمان ڕووکاری گشتیی ڕۆنانی فرێزەکانیان هەیە و دەکرێت هەمان تیۆری تێدا بکرێتە پێوەری شیکردنەوە. " گرینگی شیکردنەوەی وشە ناسادەکان بە تیۆری ئێکسبارِ بۆ پەیبردنە بە خودی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان، چوونکە ئەم شیکردنەوەیە ووردەکاری پێکهاتەکە بە تەواوی دەخاتە ڕوو و پەیوەندیی پێکهێنەرەکانی و وشەکەش لە سەرەو دانەکانی دیکە ڕووندەکاتەوە، هەروەک لە یاساکانی دارِشتنی وشەشدا ئەوە بەرچاو دەکەوێت، واتە ڕووکاری گشتگیری وشە ناسادەکان بە هەمان شێوەی فرێزەکان پیشاندەدات لە شێوەی یاسایەکی گشتیدا" (یونس، ٢٠١٣، ٧ ).

تیۆری ئێکسباڕ لە چوارچێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژییدا بە دەوری دوو خاڵدا دەسوڕێتەوە .

١/ "نوسینەوەو داڕشتنی یاسای وشە ناسادەکان لە دەوروبەرێکی ئازاددا، واتە لە دەرەوەی ئەو دەوروبەرەی وشەکەی تێدایە لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژییدا بە پێی چەند هێمایەک، کە لە شێوەی هێمایەکی بیرکارییانەدا دەخرێتە ڕوو، بە شێوەیەک کە وردەکاری پێکهاتەی ناوخۆیی وشەکان لە خودی یاساکاندا بەرجەستەبێت، واتە جۆری کەتیگۆریی پێکهاتەکەو دانە پێکهێنەرەکانی وشە ناسادەکان، وەک پێکهاتەیەک دەخاتەڕوو، چوونکە (سێلکرێک) ئاماژەی پێدەدات، نوسینەوە و داڕشتنی یاسای وشەناسادەکان لە دەوروبەرێکی ئازاددا، وەک سیستەمێک لە توانایدا هەیە بەرهەمهاتنی هەموو وشەیەکی زمان ڕوونبکاتەوە"(یونس، ٢٠١٣ ، ٨ ) .

٢/ دووبارەکردنەوەی هەمان وردەکاری ناو یاساکە لە نواندنێکی درەختیدا بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی دانەپێکهێنەرەکانی ناو پێکهاتەی وشە ناسادەکان، بە شێوەیەک، کە هەموو پێکهاتەکە، وەک جێکەوتەیەکی مەزن بە دوو باڕەوە پیشاندەدرێت و هەتا شیکردنەوەکە بەرەو خواربێتەوە، ژمارەی باڕەکانیش کەم دەکات. چوونکە بە پێی داڕشتنی وشە ناسادەکان، سێ ئاست دیاریدەکات، بەم شێوەیە.

ا/ خودی وشە ناسادەکە، وەک پێکهاتەکە، بریتییە لە ئاستی ($X^{+1}$)

ب/ وشە سادەکانی ناو ڕۆنانی پێکهاتەکە، بریتیین لە ئاستی ($X^{0}$).

ت/ گیرەکەکانی ناو ڕۆنانی پێکهاتەکەش بریتین لە ئاستی ( $X^{-1}$).

ئەگەر ئەم تێڕوانینەی (سێلکرێک) لە هێڵکاریی ژمارە (٧)دا لە خوارەوە، بخەینە ڕوو ئەوا بەم شێوەیە دەبێت( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨، ) .

هێڵکاریی (٧)

$$X^{+1}$$

$$|$$

$$X^{0}$$

$$|$$

$$X^{-1}$$

"تەنها لە ئاستی ژێرەوەدا، دەتوانرێت پایە بە وشە سادەکان بدرێت، بە پێچەوانەوە هەرچی گیرەکەکانن ئەوا ناکەونە ئاستی ژێرەوە و هیچ پایەکیشیان پێنادرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە بەشێکی زۆری وشەناسادەکان/ وشە مۆرفۆلۆژییەکان بە هۆی گیرەکەکانەوە دروستدەبن، لەبەرئەوەی لە نوسینەوەی یاساکاندا هەمیشە ئاستی گیرەکەکان بەشێوەی ( $X^{-1}$) دەنوسرێنەوە، بەم شێوەیە .

$$X^{+1} \longrightarrow Y^{0} \quad X^{-1}$$

$$X^{+1} \longrightarrow X^{-1} \quad Y^{0}$$

$$X^{+1} \longrightarrow Y^{0} \quad Y^{0}$$

ئەمەش بەرەو بابەتێکی تر ڕامان دەکێشێت، کە بریتییە لەو پرسیارەی، ئایا وشە ناسادەکان لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا چۆن دەگەنە ڕۆنانی سەرەوە ؟ بە ڕێگای گوێزانەوەیە، یان ڕێگای لادان ؟ "(یونس، ٢٠١٣ ، ٩).

## ٢-٣/١) پڕۆژەسازدانی سینتاکسییانە :

لە بنەچەدا، پڕۆژەسازدان بنەمایەکی سینتاکسییە، بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاکسیی، ئەویش لەڕێگەی بەرجەستەکردنی زانیارییە دروستەییەکانی ناو ( X )ەکانەوە، ( X )ەکان


پەیوەست بەم پڕۆژەسازدانەوە، هەندێک لە مۆرفێمە بەندەکان و هەندێک لە وشەکان دەگرێتەوە واتە پەیوەندییەکە بەو جۆرە لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدایە، پەیوەست بە پڕۆژەسازدانەوە دروست دەبێت، کە مۆرفێم و وشەکان، ئەوانەی پڕۆژەسادەرن، ( X )ن، ئەوانە لە فەرهەنگدان و زانیارییەکانیان تێدا هەڵگیراوە لە کاتی بەسینتاکس بوونیاندا، دەبن بە فۆڕمێکی سینتاکسیی فۆڕمە سینتاکسییەکەش ( Y و X )ەکە. بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (١ ) لە خوارەوە.

هاوکێشەی (١)

| پڕۆژەسازەدانی سینتاکسیی | | فەرهەنگ |
|---|---|---|
| $X^-$ ⟵ | $X + Y$ ⟵ | $X^0$ |

هاوکێشەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە پڕۆژەسازدان بە پێی زانیارییە فەرهەنگییەکان لە سینتاکسدا بنەمایەکی دوو پەلکییان هەیە، چوونکە لە فەرهەنگدا تاک_نواندنە، بەلام لە سینتاکسدا بە پێی زانیارییە سینتاکسییەکان دەبنە جووت_نواندن، بەوەش پڕۆژەسازدان قۆناغی بە فرێزبوونی توخمە فەرهەنگییەکان دەگرێتەوە، بۆیە توخمە فەرهەنگییەکان، کە ( $X^0$ )ەکانن، دەبنە بنەمای پڕۆژەسازدانی سینتاکسیی، دەبنە فرێز. ئەوەی، کە لە سەر بنەمای پڕۆژەسازدان توخمێکی فەرهەنگیی دەکاتە توخمێکی سینتاکسیی، تیۆری ( X– BAR )ە، هەر خودی تیۆرەکە توخمە پڕۆژەسازدەرەکان لە زمانی مرۆڤدا جیادەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە ( کردار و ناو و ئاوەڵناو و پێشناو و تاف و دیارخەر.......... هتد ). واتە لە هەر دروستەیەکدا، یەکێک لەو توخمانە هەبوو، ئەوا پڕۆژەیەکی سینتاکسیی بەرهەمدێت، لەبەرئەوەی ئەوانەش ( X )ن. واتە توخمی پڕۆژەسازدەرن، بۆیە پڕۆژەکە بەناوی ئەوانەوە ناو دەنرێت. بەوەش کردار فرێزی کرداری بەرهەمدێنێت و ناو فرێزی ناوی و ئاوەڵناو فرێزی ئاوەڵناوی و .........هتد ). بەرهەمدەهێنن. "کەواتە پرۆسەکە بە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی ( $D^0, N^0, V^0, P^0, A^0$ )ەوە بەندە، هەریەک لەم کەتیگۆریانەش سەری فەرهەنگیین، بۆیە وەک وشەی بە دەسەڵات بۆ بونیاتنانی فرێزی فەرهەنگیی گۆدەکەن" (سەعید،٢٠٢٠ ، ١١١). هەر بەهۆی ئەوە شەوە دەتوانرێت، توخمەکانی ( D, A, P, V, N )وەک سەری ڕێزمانی پڕۆژەسازدەر لە کوردییدا دیارییبکرێن، لێرەوە دەتوانرێت هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی فرێزی فەرهەنگیی لە چێوەی ڕێساکانی پڕۆژەسازدان لە هێڵکاریی ژمارە ( ٨) دا پێشنیازبکرێت" ( هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل، ١١٣).


هێڵکاریی (٨)




### ١-٢-٣/١ ) ئێکسباڕی سینتاکسیی :


"کاری سەرەکیی تیۆری ئێکسباڕ لە سینتاکسدا ئەوەیە، کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی دروستەو پێکهاتەی فریزی زمانەکان بە شێوەیەکی گشتیی و لە یەک ڕووکاری ئاساییدا بخاتەڕوو، واتە لە چوارچێوەی بنەماکانی زمانی جیهانییدا ( Universal Language ) کاردەکات، ئەمەش لە ڕێی بەکارهێنانی یاسایەکی گشتگیرەوە، کە بتوانێت ڕۆنان و پێکهاتەی فریزی هەموو زمانەکان لێکبداتەوە و شیبکاتەوە. شێوازی کارکردنی ئەم تیۆرە ئەوەیە، کە هەموو فریزێک لە سەرەیەک و چەند پێکهێنەرێکی تر ( تەواوکەر) پێکدێت، بەشێوەیەک، کە سەرە هەڵگری چ کەتیگۆرییەکی ڕێزمانی بێت، فریزەکەش هەڵگری هەمان کەتیگۆرییە، واتە ئەگەر سەرەی فریزەکە (ناو) بێ، ئەوا فریزەکەش ناوی دەبێت" ( باقر، ٢٠٠٢، ٩٨-٩٩ ) لە ( یونس، ٢٠١٣، ٥ ) وەرگیراوە. فریزی ناوی سەری ڕێزمانی ئەم فریزە دەبێت، کە ناوێکی تایبەتی، یان جێناوێکی سەربەخۆیە، بۆ نموونە ( دەستی من، کوڕی ئەحمەد، باوکی ئێمە ) فریزێکی ناوین و پەیڕەوی یاسایەکی سینتاکسیی وەکو : [ N+ ی] N+ ] دەکەن. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٩ ) (مەعروف ،٢٠٢٠، ٢٤ ) .

هێڵکاریی (٩ )




"بە پێی تیۆرەکە هەموو فریزێک دەبێ سەرەدار بێت، چوونکە فریزەکە بە فریزی ناوەکی ( Endocentric ) دادەنرێت، بەمەش ئێکسبارِ دوو ئاستی جێکەوتە جیادەکاتەوە، کاتێک تەواوکار و ( X )جێکەوتەی ($X^{-}$ ) پێکدەهێنێت و کەرەستە سەربارەکان و جێکەوتەی ($X^{-}$ )بەیەکەوە جێکەوتەی مەزنی ($X^{=}$ ) پێکدێنن" ( یونس، ٢٠١٣، ٥). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٠)ە.


هێڵکاریی(١٠ )




ئەم هێڵکارییە بە دەستکارییەوە لە یونس : ٢٠١٣: ٦ ).وەرگیراوە.

ئەگەر ئەم هێڵکارییە بە ڕووکارێکی دیکە بنووێنرێت، ئەوا دەکرێت فرێزەکان لە کەرەستەی دیکەی بچوکتر پێکبێن، واتە فرێزی ( A ) لە ( B )و (C )پێکدێت و هەر یەکە لەو دوو کەرەستەیەش لە کەرەستەی دیکە، پێکبێن، تا پێکهاتەکە شێوەیەکی هەرەمی وەردەگرێت و هەر کەرەستەیەک سەرووی درەختەکە دەگرێت ودەسەڵاتی بە سەر کەرەستەکانی ژێر خۆیەوە دەبێت، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١١)ه. ( یونس، ٢٠١٣، ٦).

هێڵکاریی ( ١١)





ئەم هێڵکارییە لە (قادر : ٢٠٠٩: ٣٢ ). وەرگیراوە.

هێڵکارییەکە سیستەمی دوو پەلکیی لە بەرهەمهێنانی فرێزدا دەخاتە ڕوو. دوو پەلکیی لە بنەچەدا ئاکارێکی پرۆژەسازدانی سینتاکسییە، بەڵام وەک لە بەشی دووهەمدا دەخرێتە ڕوو، دەکرێ پێشبینیی دووپەلکیی_بوونی دروستەی ناوەوەی وشەهەڵگوێزراوو لێکدراوەکانیش بکرێت. هەروەها دەبێت ئەوەش ڕوونبکرێتەوە، پێواژۆی پرۆژەسازدان پەیوەست بە بەرهەمهێنانی فرێزەکانەوە سنوردارکراوە و ناچێتە سنوری بەرهەمهێنانی ڕستەوە، ئەوەش لە کاتێکدایە، کە ڕستەش کەرەستەیەکی ڕستەیە، بۆیە دەبێت ئەو ($X^0$) دیاریی بکرێت، کە پرۆژەی فرێز دەبات بەرەو ڕستە. تیۆرەکانی سینتاکسیی زمانی کوردیی، کرداریان، وەک توخمی فەرهەنگیی بۆ بەرهەمهێنانی دروستەو واتای ڕستە دەستنیشان کردووە. وەک لە پاری (٤/١-٣)دا دەخرێتە ڕوو، بۆ بونیاتی دروستەی قووڵ کردار داواکراوەکانی هەڵاوێر دەکات، بەڵام دەبێت کردار چ لە ڕووی واتاوە، چ لە ڕووی سینتاکسیی و دروستەییشەوە تەنانەت لە مۆرفۆلۆژییشدا ئاست و نواندنی جیای هەیە. ($V^0$) کردارێکی فەرهەنگیی بۆ سینتاکس تەنها فرێز دروستکەرە، لەبەرئەوەی ڕەگ بە کرداری فەرهەنگیی ( Lexical Verb ) هەژمارکراوە، بڕوانە (مەعروف،٢٠٢٠، ٥٨ و سەعید،٢٠٢٠، ١٥٢ )، بۆیە تاف ناچێتە ناو دروستەی کردارەکەوەو ئەو فرێزە کردارییەی بەرهەمی دێنێت، دروستەیەکی ئازادی نابێت/ دەستەواژێلەی کردارییە بڕوانە (مەحویی و عومەر

٢٠٠٤، ٤٣). داواکردنی تاف بۆناو کردار بەرھەمھێنەری قەدە/فریزی تافە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٢ )، بەڵام لەبەرئەوەی تاف کەسی تێدا نییە، بۆیە تا ئەو سنوورەش، فریز نەگەیشتۆتە قۆناغی پڕۆژەسازدانی فراوانکراو/ڕستە. کرداری کەسدار بۆ بەرھەمھێنانی ڕستەی کوردییە، چوونکە کەس پەیوەندیی سینتاکسیی، لەگەڵ بکەردا دەبەستێت و دۆخی نۆمینەتیڤیی دەدات، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(١٢).

هێڵکاریی (١٢)




ئەم هێڵکارییە لە (معروف: ٢٠٢٠ : ٧٠) وەرگیراوە.

ڕوونکردنەوەکان ئەوە دەردەخەن، کە کردار بۆ ناو پێکهاتەی سینتاکس لە فەرھەنگەوە، تا بەرھەمھێنانی ڕستە سێ ئاستی نواندنی هەیە، بەڵام بۆ بەرھەمھێنانی وشەیی، لە فەرھەنگەوە تا بەرھەمھێنانی هەڵگواستن و لێکدراو دوو نواندنی هەیە، کە ئەوانیش ڕەگ و قەد، بڕوانە نموونەکانی (١)و یاسا پاش فەرھەنگییەکەی ڕەگ و قەد لە مۆرفۆلۆژییدا. جا لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، کە ڕەگ و قەد بۆ هەردوو پێکهاتەکە هەمان ئەو توخمە فەرھەنگییەن، یان جێکەوتەی ناو

وشە دەیانکات بە هی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس؟ بۆ وەڵامەکەی (بڕوانە بەشی دووهەم)، کە زیاتر ئەگەری جێکەوتە و بنەماو مەرجی فۆنۆلۆژیی تاقییدەکرێنەوە.

١) ا. دەستکرد، دەرمانخوارد، سەرکەوت .

قەد قەد قەد

ب . پیاوکوژ، دەستبڕ، بەفرماڵ، مێشکوژ ....... هتد .

ڕەگ ڕەگ ڕەگ ڕەگ

$[\ N\ ] + \underline{V^0}$

**قەد**

$[\ N\ ] + \underline{V^0}$

ڕەگ

٤/١ ) ئاستی نواندنی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان :

ئەگەر باس لە واتا و گرنگیی واتا بکەین، پەیوەست بەو ڕۆڵەی واتا لە زماندا هەیەتی، هەروەها پەیوەست بە بۆچوون و زانستەکانی ترەوە گەلێک پێناسەی جۆراوجۆر بۆ واتا کراون، کە هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە پێناسەی کردووە، ئێمە لەم باسەدا هەندێکیان بە نموونە دێنینەوە .

٤/١-١ ) پێناسەی واتا :

دانانی پێناسەیەکی سەرتاپایی گشتی بۆ واتا، کە هەموو زانایانی زمان و قوتابخانە زمانەوانییەکان لە سەری ڕێک بکەون کارێکی ئاسان نییە، بۆیە تاکو ئەمڕۆش ئەم کارە ئەنجام نەدراوە، دیارە هۆی ئەمەش بۆ ڕابۆچوونی جیاواز سەبارەت بە چەمکی واتا دەگەڕێتەوە. ئێمە لەم پارەدا ئاماژە بە پێناسەی چەند زمانەوانێک دەکەین، کە هەریەکەیان لە دیدگای خۆیەوە پێناسەی بۆ واتا کردووە.

١-/ سۆسێر " واتا ئەو پەیوەندییەیە، کە لە نێوان ئاماژەو ئاماژە بۆکراودا دروست دەبێت " (ناو خۆش، ٢٠٠٥ ، ٢٥ ) .

٢-/ ئەفلاتون " واتا بریتییە لە پەیوەندییەکی دوو لایەنی لە نێوان فۆرمێکی زمانی و کەرەستەیەک لە دەرەوەی زماندا " (مستەفا، ٢٠٠٨، ٢٥ ).

٣-/ محمەد مەحویی: بەم شێوەیە پێناسەی واتای کردووە " واتا زاراوەی ناوجەرگەیی و ناوەندی سیمانتیکە و نرخی هێمایەو کرۆک و هێزی گەیاندنە بەبێ واتا، شێوەو بیچمی هێمایەک، هێمانییە، بەڵکو تەنها فۆرمێکی بۆشە" (مەحوی، ٢٠٠٩ ، ٢٢ ).

٤-/ ئیبن سینا : " واتا ئەو شتەیە، یان ئەو بەشەی زمانە، کە لە مێشکدایەو نابینرێت، ئەوەی کە مرۆڤ دەیبینێت، ئەو شتەیە کە بەهۆی چاویەوە وێنەی گرتووە و پاشماوەی لە مێشکدا جێهێشتووە، ئەو پاشماوەیە واتایە"(حەسەن، ٢٠١٠ ، ٤ ).

٥/ ئۆلمان : بەم شێوەیە پێناسەی واتای کردووە" بریتییە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی نێوان وشەو هێما بۆکراو، ئەم پەیوەندییە وایان لێدەکات، کە هەردەم پێویستیان بە یەکترهەبێت، ئەوەی لەم پێناسەیەدا تێبینی دەکرێت، کە پەیوەندیی نیوان وشەو واتاکەی، پەیوەندییەکی وێناکردنی هۆشەکییە، هەروەها لە نێوان هێماو هێما بۆکراودا پەیوەندییەکی پێویستی هۆشەکییە" (عەلی،٢٠١١ ، ٢٨ ).

٦/ ڕیچاردز و ئۆگدن : "ئەم دوو زانایە لە چوار کەرەستەی جیاوازەوە دەڕواننە واتا ( مەبەست و هەست پێکردن و بیر و هێمابۆکراو)، بەڕای ئەوان، واتای وشە کاتێک دەردەکەوێت، یان دەبینرێت، کە لە هێماکاندا بەرجەستە دەبێت، واتە کاتێ لەدەوروبەری جیاجیادا دادەنرێت، یان بەکاردەهێنرێت لەم بارەشدا دەشێت پێی بڵێین، کۆی، یان سەرجەمی واتای وشە، یان واتای گشتی وشەکە، کە پێکهاتووە لە ئەرکیکی تێکەڵاو لە مەبەست و هەست پێکردن و بیر و هێمابۆکراو" (عەلی، ٢٠١١ ، ٢٨ ).

٧/ ئەرستۆ " واتا وێناکردنە لە مێشکی مرۆڤدا " سێ شتی جیاکردۆتەوە ( شتێک لە دونیای دەرەوەدا ، وێناکردن ، دەنگەکان )

ئێمەش دەڵێین، واتا بریتییە لەو بیرەی کە لە مێشکدایە، بەرامبەر شتێک لە دونیای دەرەوەدا، لە ڕێگەی وشەو ڕستەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسی بەرامبەر، کە دەلالەت دەکات لە سروشت و دیاردەکانی سروشت و لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ ئەو دیاردانەی کە لە سروشتدا هەن.

## ٢-٤/١) واتا لە ئاستی وشەدا:

لە ئاستی وشەدا دووجۆر واتامان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەوانیش واتای فەرهەنگیی و واتای مۆرفۆلۆژیین، کە واتای فەرهەنگیی لە ناوەخنی توخمە فەرهەنگییەکاندا هەیە، بەڵام واتای مۆرفۆلۆژیی لە مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمدێت. " لای زۆربەی زمانەوانان وشە بە بابەتی یەکهەمی سیمانتیک دادەنرێت، واتاسازی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی یاساکانی ڕێککەوتنی واتایی لە نێوان وشەکان خۆیاندا، بەڵام ناکرێت لە ڕێگای شیکردنەوەی فەرهەنگییەوە بگەینە مۆدێلێکی تەواوی بێکەموکوڕی لە پەیڕەوێکی واتاییدا، کە هەموو دەربڕاوەکانی زمان بگرێتەوە" (ئیبراهیم، ٢٠١٤، ١٣). بۆ واتاکەی (بڕوانە بەشی سێهەم) "واتاسازی لە کۆندا لە واتای دانە فەرهەنگییەکانی دەکۆڵیەوە بەشێوەیەکی ناپەیڕەوبەند و لە خۆوە، پشتیان بە خستنەڕووی بیرو ئایدیا دەبەست لە وەسفکردنی تاکەتاکەی وشەکان، بەڵام لە ئێستادا واتاسازی نوێباو گرنگی بە شیکردنەوەی واتای ڕستە و دەربڕینە ئاڵۆزەکان دەدات"( هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل،١٣).

### ١-٢-٤/١)واتای فەرهەنگیی ( Lexical Meaning ):

مەبەستمان لە واتای فەرهەنگیی ئەو واتا بنچینەیەیە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوە، واتە کۆمەڵ لە سەری ڕێککەوتوون. " وەسفی بارودۆخ و شت دەکات و بەشێک واتای ڕستەی لێ پێکدێت، کە بریتییە لە ( واتای وشەکان + کاریگەری ڕێزمانی )، واتایەکی نەگۆڕ و بڵاوە" (دزەیی ، ٢٠١٠ ، ٨٣ ). لە بەر ئەوەشە ئەم واتایە لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت و پشتی پێدەبەسترێت و لە هەموو زمانێکدا وەک یەک وایە."ئەمەش زیاتر بە هۆی سیما جیاکەرەوەکانەوە جیادەکرێتەوە و دەتوانرێت هەستی پێبکرێت. ئەم جۆرە واتایە، هۆیەکی سەرەکییە بۆ لە یەکتر گەیشتن لە ناو کۆمەڵ" (محەمەد، ١٩٩٠، ٥١ ). ئەم جۆرە واتایە بە هۆیەکی سەرەکی بۆ لە یەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دادەنرێت ، واتە تاکەکانی کۆمەڵگا لە نێوان خۆیاندا لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنن و واتایەکی گرنگە لە بەکارهێنانی ژیانی ڕۆژانەیاندا. " مەرجی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی ئەم جۆرە واتایە ئەوەیە، کە دەبێت قسەپێکەرانی زمانەکە لە سەر واتاکە لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتبن بۆ ناونانی ئەو شتە بەو واتایە، بۆ نموونە، کە دەڵێن ( کوڕ، کچ، پیاو، مەڕ باڵندە، شاخ، بەرد،........ هتد )، هەموو کۆمەڵ دەزانن، واتاکانیان چییەو بۆچی بەکاردێن، بەوەی کە هەریەکێک لەو وشانە بۆ مەبەستێک، یان بۆ شتێک دانراون و ئەو واتایە دەگەیەنێت" (عەلی، ٢٠١١ ، ٢١ ). واتای فەرهەنگیی وشە بریتییە لە واتای هۆشەکی وشەکە و ئەو واتایەی، کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات، چوونکە وشەکانی دەوروبەری واتای تاکە وشەکە دیاری دەکەن، جا بۆلێکدانەوەی واتای هەر وشەیەک دەبێت سەیری ئەو دەوروبەرە

بکرێت، کە وشەکەی تێدا گوتراوە، ئەم جۆرە واتایە پەیوەستە بە سیما واتاییەکان کە لە وشەکەدا کۆبۆتەوە، وەک : لە نموونەی ژمارە (٢)دا دیارە

٢) ژن
+ مرۆڤ
+ مێ
+ هەراش
+ شوکردن

نموونەو واتا فەرهەنگییەکەی (ژن) بەو چەپکە نیشانەو سیماواتاییانەوە، دەبێتە نواندنی ئاستی فەرهەنگیی، ئاستێک نە چووەتە سینتاکسەوە نە ئاستی مۆرفۆلۆژییەوە. جیاکردنەوەی لیڤڵی فەرهەنگیی بۆ دەستنیشانکردنی ئەو واتایەی لە مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمدێن.

### ٤/١-٢-١-١) سیماواتاییەکان :

ئەو پرسیارەی، کە بەردەوام بیری واتاناسانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەوە بووە "کە بە نموونە وشەی ( پیاو ) چ سیمایەکی هەیە، کە توانیویەتی وەها ( شت ) ێک، لە جیهانی دەرەوەدا لە شتەکانی تری جیاکردۆتەوە. یان کاتیک دەمانەوێت، بۆ هەمان وشە، واتای زمانی دیاریبکەین، پێویستە چ وشانێک لە تەنیشت یەکتری دابنێین، تا وینای ( پیاو) ێک لە مێشکماندا دروستببێت. دەزانین، بۆئەوەی، کە ئاماژە بەندێک بە (پیاو) ناوبنێین، ئەو ئاماژە بەندە پێویستە ( مرۆڤ)، (نێر )، ( پێگەیشتوو) بێت. لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر کەسێک واتای وشەی ( پیاو)مان لێبپرسێت، دەتوانین لە چوارچێوەی واتایی ناوەکیی زمانی بە (مرۆڤی نێری پێگەیشتو) بناسێنین" (سەفەوی: وەرگێرانی ، خۆشناو، ٢٠٢٠، ٤٦ ).

بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە، دەتوانین ( مرۆڤبون ) بە [ + مرۆڤ] و ( مرۆڤنەبوون) بە [ – مرۆڤ] پێشان بدەین و سود لە هەمان ڕێگە وەربگرین بۆ پێشاندانی تەواوی تایبەتمەندییەکانی تر، واتە( نێربوون )، ( پێگەیشتن) سەرنجی هێڵکاریی ژمارە (١٣ )بدە.

هێڵکاریی (١٣)

| پیاو | ژن | کوڕ | کچ |
| --- | --- | --- | --- |
| [+ مرۆڤ] | [ + مرۆڤ ] | [ + مرۆڤ ] | [ + مرۆڤ ] |
| [+ نێر] | [ – نێر ] | [ + نێر ] | [ – نێر ] |
| [ + پێگەیشتو ] | [ + پێگەیشتو ] | [– پێگەیشتو ] | [–پێگەیشتو ] |
| [ + ژنهێنان ] | [ + شوکردن ] | [ – ژنهێنان ] | [ – شوکردن] |

لەم هێڵکارییەدا دەبینین، کە چەمکی هەریەک لە وشەکانی <پیاو>، < ژن>، < کوڕ>، <کچ >. خاوەنی سێ تایبەتمەندین، کە هەریەک لەم تایبەتمەندییانە بە سیمای واتایی ناو دەنرێن ((سەفەوی: وەرگێڕانی ، خۆشناو، ٢٠٢٠، ٤٦ ).

## ٤/١–٢–٢ ) واتای مۆرفۆلۆژییانە :


ئەم ئاستە بە هەمان شێوە، پەیوەندیی بە واتاوە هەیە، هەر لە پێناسەی مۆرفیمەوە، بگرە تا پێکهاتی ناوەوەی وشە، چوونکە مۆرفیم بەوە پێناسە دەکریت، کە مۆرفیم : بچوکترین دانەی، یاخود یەکەی واتاداری زمانە و هەر گۆڕانیک لە پێکهاتەی وشەکان بکرێت، ئەوا کاریگەریی بە سەر واتاوە هەیە بۆ نموونە واتای وشەی < گوڵ > جیایە، لەگەڵ < گوڵان > و جیایە، لەگەڵ < گوڵدان > ئەمەش لە وەوە هاتووە، کە فۆڕمەکان زیاد بوونە جا هەر گۆڕانکارییەک ڕووبدات لە فۆڕمدا گۆڕان لە واتادا ڕوو دەدات وەک : ( گوڵ + ەک + ان = گوڵەکان ) لێرەدا واتای( گوڵ) گۆڕانکاریی بە سەردا هاتووە، بۆتە گوڵێکی ناسراوی کۆ (دزەیی، ٢٠١٠ ، ٢٨ ) .

بۆیە باس لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی دەکەین، چوونکە لای هەمووومان ئاشکرایە، کە مۆرفۆلۆژیی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی وشە دەکات، وشەش بە دانەیەکی یاخود یەکەیەکی سەرەکی لە فەرهەنگدا دادەنرێت ، بەتایبەت وشە سادەکان کە بە توخمێکی فەرهەنگیی دادەنرێن، وە ئەوانیش بە هۆی مۆرفیمە وشە هەڵگوێزراوەکانەوە فۆڕم و لێکسیمی جیاوازیان لێدروستبکرێت بۆ واتای جیاواز. مۆرفیم بە بچوکترین دانەی واتاداری زمان لە بەر چاو گیراوە. بۆیە مۆرفیم دەتوانێت یەکێک لە دانەکان بێت، کە واتاناسان سەروکاریان لەگەڵدا هەیە، بۆ واتاکەی (بڕوانە بەشی سێهەم)، ئەوەش بە بەڵگەی، کە لە زۆرێک لە بەکارهێنانەکاندا، "ئەگەر واتای مۆرفیمەکان بزانین،

دەتوانین بە خستنە تەک یەکی واتاکانیان، لە واتای وشەکان بگەین. بۆ نموونە / ئەگەر لە واتای > کتێب < و > فرۆش < بگەین. دەتوانین لە واتای > کتێبفرۆش < بگەین. کاتێک لەوە دەگەین، کە > کتێبفرۆش < بەواتای کەسێکە، کە (کتێب) دەفرۆشێت، دەتوانین بە سادەیی واتای وشەکانی، وەکو > قوماشفرۆش < و > جلوبەرگ فرۆش < و> ئۆتۆمبیل فرۆش < و ئەوانی تریش پێشبینی بکەین، بەڵام > دەستفرۆش < یان > ئادەم فرۆش < ئێمە توشی گرفت دەکات، چوونکە > دەستفرۆش < کەسێک نییە، کە دەست بفرۆشێت و > ئادەم فرۆش < یش ئادەم نا فرۆشرێت، یەکهەمیان شتێک لە سەر دەست دەفرۆشێت، دوهەمیان خیانەت لە مرۆڤ دەکات" (سەفەوی ، وەرگێڕانی خۆشناو، ٢٠٢٠ ، ٢٨ ). "هەرسێ ئاستە سەرەکیەکە، کە بریتین لە (سینتاکسیی و مۆرفۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی). زانایان بیرو بۆ چوونی جیایان هەیە دەربارەیان هەیە، ئەو ئاستانە و سنووری جیاکردنەوەی نێوانیان، دەشێت هەرزانایەک بەپشت بەستن بەچەند تیۆرێک یاخود لە ڕوانگەی تێڕوانین و ئەزمون و هەڵوێستەکانیاندا جۆرو چۆنیەتیی دابەشکردنەکە و سنوورەکەی دیاریکردبێت، لەم بارەیەوە ( هالیدەی) دەڵێت : "زمانەوانەکان لە سروشت و تایبەتییەتیی دانانی سنوور لە نێوان ئاستەکانی زماندا، جیاوازییەکی زۆریان هەیە. دابەشکردنی زمان بۆ ئەو ئاستانە لە سەر بنەمای هەڵوێستی خاوەن دابەشکردنەکە سەبارەت بە زمان بنیاد نراوە" (عەلی، ١٩٩٨، ١٥ ). جیاکردنەوەی ئەو ئاستانەش بۆ زیاتر ئاسانی لێکدانەوەی زمانەکەیە و پەیوەندییەکی پتەویش لە نێوان ئاستەکان هەیە، چوونکە هەموویان لە بن سێبەری درەختی زمانەکەدا کار دەکەن. بۆیە زۆر جار "سنووری نێوان ئاستەکاندا بە تەواوی دیار نییەو چوونەتە ناو یەکەوە، بۆ نموونە زۆرجار دەنگەکانی زمان، دەکەونە ژێر کارتێکردنی واتاوە، ئاڵو گۆڕییەکی بەرامبەر یەک لە نێوان وشەسازی و ڕستەسازیدا هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە دیوی دەرەوەی واتاوە هەیە، واتە ئەو ئاستانەی کە خەریکی لێکدانەوەی دیوی دەرەوەی واتان، نەک ناوەڕۆک و کاکڵەی واتا، هەروەک لە هێڵکاریی ژمارە (١٤ ا وب)دا لە خوارەوە ئاستەکان و پەیوەندی نێوانیان ڕوون کراوەتەوە"( دزەیی، ٢٠١٠ ، ٣٦ ) .

هێڵکاریی (١٤)

(ا) (ب)




بە پێی هەندێک بۆ چوون، واتای وشەو دەستەواژە، بریتییە لەو ڕێگایەی ئاماژە بۆ سەرچاوەکە دەکات، بۆ نموونە "وشەکانی ( خوێندکار، قوتابی، فێرخواز )،، ئاماژە بۆ یەک سەرچاوە دەکەن، کە ( کەسێکە خەریکی خوێندنە )، بەڵام سێ واتای جیاوازیی هێناوەتە ئاراوە ، هەرچەندە ئاماژە بۆ یەک شتیش دەکەن، کەواتە جیاوازی لە سەرچاوەکاندا نییە، بەڵکو لەم تێڕوانین و بۆ چوون و هەست و هەڵوێستەیە، کە هەمانە بۆ شتەکە، کامیان لای قسەکەر گرنگە" (عبدالجليل، ٢٠٠٦، ١٩٧ ) لە (دزەیی، ٢٠١٠ ، ٧٨ ) وەرگیراوە. ئەگەر باس لە پەیوەندیی واتایی لە ئاستی وشەدا بکەین، ئەم پەیوەندییانە لە سیستەمی واتایی زماندا، لە نێو ئەو چەمکانە دا بەرچاو دەکەون، کە تێڕوانین و بۆچوونی سەربەخۆیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، پێویستە سەرنج لەو خاڵە بدەین، کە لە نێوان ئەم پەیوەندییە واتاییانەدا پەیوەندییەکی زۆر نزیک هەیە و هەندێکجار دیاریکردن و جیاکردنەوەی یەکێکیان لە یەکێکی تر بە ئاسانی ناکرێت. بۆ نموونە (گرتنەوە ) ( hyponymy ) بۆ ئەوەی


لەمە تێبگەین، کە چییە، باشتر وایە، هەر لە سەرەتای ئەم بابەتەوە دوو نموونە لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکەین :

٣ / رفتم یک دسته گل خریدم . ( ڕۆشتم چەپکە گوڵێکم کڕی . ) .

٤ / رفتم یک دسته گلایل خریدم . ( ڕۆشتم چەپکە گوڵاڵەیەکم کڕی . ) .

ئێمە لەگەڵ بینینی ئەم دوو ڕستەیەدا، بەئاسانی لەوە دەگەین، "کە ڕستەی (٣) چەمکێکی گشتگیریی هەیە، چوونکە > گوڵ < دەتوانێت > گوڵاڵە < و > سونبول< و > مێخەک< و > نێرگز < و یان سەدان گوڵی تر بێت، لە کاتێکدا، کە لە ڕستەی ( ٤ )دا، > گوڵاڵە < تەنها یەک جۆرە لە گوڵ. بە سەرنج دان لە پەیوەندیی چەمکی> گوڵ < بە جۆرەکانی گوڵەوە، دەتوانین بڵێین، چەمکی وشەی > گوڵ<. چەمکی یەک، یان چەند وشەیەکی تری لە خۆگرتووە " (سەفەوی، وەرگێڕانی، خۆشناو، ٢٠٢٠، ٨١ ) . با سەرنجێک بدەینە ئەم هێڵکارییە . هێڵکاریی ژمارە ( ١٥) .

هێڵکاریی (١٥)





ئەم هێڵکارییە ئەوەمان نیشاندەدات،" کە چەمکی وشەی > گوڵ < چەمکی وشەکانی > گوڵاڵە < و > سونبول < و چەمکی دەیان وشەی تر لە خۆدەگرێت، وەکو نموونەی تر دەتوانین بڵێین، کە چەمکی وشەی > باڵندە < چەمکی وشەکانی > چۆلەکە <، > باز<، > کۆتر<، > کونەپەپو< و چەمکی دەیان وشەی تر، کە ئاماژە بە جۆرەکانی تری باڵندە دەکەن، دەگرێتەوە" ( هەمان سەرچاوەی پێشو، ل، ٨٢ ) .

ئەگەر بە وردی لە ئاستی نواندنی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان بڕوانین، دەبینین وشە سادەکان یەکەیەکی سەرەکیی نواندنی توخمە فەرهەنگییەکانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە وشە سادەکان مۆرفیمە بەندە وشە دارێژەکانیش، کە توخمێکی فەرهەنگیین، لە نواندنی واتاییدا، دەورێکی باڵا دەبینن. ( $X^0$ ) ەکان پێکهاتەی وشە ( سادەکان ) دەنوێنن، بەڵام ( $X^{-1}$ ) پێکهاتەی مۆرفیمە وشە

داڕێژەکان دەنوێنن. بۆ نموونە / ئەگەر سەیری مۆرفیمی وشەداڕێژی /ستان/ بکەین، بە ناوێکەوە دەلکێت و ناوی شوێنمان بۆ سازدەکات، بەوەش ئەگەرچی لە ئاستە فەرهەنگییەکەدا <کورد>و /ستان/هەن، کەچی لەبەرئەوەی ($X^{-1}$)ەکە پڕۆژەکەی سازداوە، بۆیە دروستەو واتای ئەو دەچێتە ئاستە مۆرفۆلۆژییەکەوە و واتای شوێن بە سەر واتای مرۆڤبوونی کورددا زاڵدەبێت. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٦).

هێڵکاریی (١٦)





هەروەها پێشگری /نە/ دەچێتە سەر <خۆش > و ئاوەڵناوی <نەخۆش> بە دروستەو واتایەکی نوێوە سازدەکات بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٧).

هێڵکاریی(١٧)




نموونەو بەڵگەو هێڵکارییەکان بۆ جیاکردنەوەی واتای فەرهەنگیی و واتای بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژیین، کە لە دوو ئاستی/لیڤڵی جیاوازدا نوێنراون، لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی واتای نوێیە، بۆیە دەبێت ئاستی مۆرفۆلۆژیی واتاکەی لە ئاستی فەرهەنگیی جیابێت. بڕوانە هێڵکاریی (١٨).


هێڵکاریی ژمارە(١٨)




### ٣-٤/١ ) واتا لە ئاستی ڕستەدا :

هەروەک لە پاری پێشوودا باسمان لە واتا لە ئاستی وشەداکرد، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و بوون بەدانەی فەرهەنگیی، لەم پارەشدا باس لە واتای ڕستە دەکەین، "لەبەرئەوەی لەناو فەرهەنگدا واتای هەندێک لە فرێز و ڕستەکان تۆمار ناکرێت، بۆیە سیمانتیکی وشە و ڕستە لە یەک جیاکراونەتەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە دەربڕاوە ئاڵۆزەکانی، وەک وشەی مۆرفۆلۆژیی و فرێز و ڕستە پەیوەندیان بە توانستی زمانییەوە( linguistic competence )وە هەیە، دەتوانرێت هەمیشە دابڕێژرێن و لە لایەن ئاخێوەری زمانەوە بەرهەمبهێنرێن، هاوکات لە توانای مرۆڤدا هەیە، کە واتاکانی ئەو دەربڕاوە ئاڵۆزانە سەر لە نوێ پێکبهێنێتەوە و لێیان تێبگات. لە بری ئەوەی ئەو دەربڕاوە ئاڵۆزانە بە چەسپاوی تۆماربکرێن وەک لێکسیمەکان، کە ئەوە شتێکی مەحاڵە، پێویستە ئەو یاسایانەی، کە بەهۆیانەوە واتای دەربڕاوە ئاڵۆزەکان بەرهەمدەهێنرێن بە ناوەکانیانەوە لە بەر دەستمان بێت. ئەوەش کە بەو ئەرکە هەڵدەستێت سیمانتیکی ڕستەیە ( ئیبراهیم، ١٤،٢٠١٤). بۆ دەرکردەی واتایی ڕستە، ( بڕوانە بەشی سێهەم). "واتای ڕستەیەک بەر ئەنجام و بەرهەمی دوو جۆر واتایە، ئەوانیش ( واتای فەرهەنگیی و واتای ڕێزمانی- grammatical meaning )ن، کە بریتین لە واتای دانە فەرهەنگییەکان و واتای دروستە سینتاکسییەکان، بە پێی پێکهاتەی تەکنیشینی( syntagmatic ) لێکسیمەکان پێکیانەوە دەبەستنەوە و لە هەردووکیان ڕستە بەرهەمدێت(مەحوی، ٢٠٠١ ، ٢١٤). بۆلێکدانەوەی واتای ڕستە پێویستە ئاستەکانی واتای ڕستە نیشان بدرێن، کە ئەوانیش (دروستەی قووڵ و دروستەی ڕووکەش، فەرهەنگ)ن، کە بە پێی تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی ئاست و نواندنەکانی لێکدانەوەی ڕستەن بڕوانە نواندنی ژمارە ( ٢)ە.

نواندنی ژمارە(٢)





### ٤/١-٣-١ ) سیمانتیکی لێکدەرەوەیی:

< لێکدەرەوەیی> زاراوەیەکە، کە لە زانستی زمانی بەرهەمهێناندا ئاماژە بە جۆر و شێوەی پەیوەندیی نێوان ئاستەکانی داڕشتن و نواندن دەدات، ئەم تیۆرە هەوڵدەدات لە ڕێگەی داڕشتنی سینتاکسییەوە، واتا هەڵبگوازێت و لێکبداتەوە، واتە سینتاکس دەبێتە بنەما لە ( standard theory )ی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا " دەرکردەی دروستە سینتاکسییەکان لەو ڕێیەوە لێکدەدرێنەوە، کە یاساکانی سیمانتیک داڕشتەی سیمانتیکی و یاساکانی فۆنۆلۆژیی داڕشتەی فۆنەتیکییان بۆ دادەنێت و لەمانیشەوە واتاو دەربڕین هەڵدەگوازرێت" (حەسەن،٢٠١٠ ، ٢٤ ). تیۆری لێکدانەوەی واتایی لە دوو پێکهاتە پێکهاتووە، کە ئەوانیش "( فەرهەنگ و یاساکانی پرۆژەسازدان)ن، فەرهەنگیش زانیاریی سینتاکسیی و سیمانتیکی دەدات و ئەم تۆمارکردنە فەرهەنگییانەش دەهێنرێنە ناو دروستەی قووڵی سینتاکسییەوە، بۆ نموونە ئەگەر لێکسیمێکی فرەواتامان هەبوو، ئەوا بە گوێرەی ئەوە ڕستەکە چەند خوێندنەوەیەکی واتایی جۆراوجۆری دەبێت، ئەو خوێندنەوە واتاییانەی، کە ئەگەری بوونیان هەیە لە ڕێگەی یاساکانی پرۆژەسازدانەوە

ڕەنگرێژیان بۆ دەکرێت"(مەحوی، ٢٠٠٦، ٤ ). ئەم تیۆرە لە ساڵی ( ١٩٦٥) لە چوارچێوەی ( standard theory ) چۆمسکییەوە هێنراوەتە ئاراوە، لە وەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پێکهاتەی سیمانتیک تەنها خەسڵەت و ئاکاری لێکدەرەوەیی هەیە، کە دروستەی قووڵ، تەنها تێکردەیەکە بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکیی ڕێزمانی، کە دوای ڕەخنەکانی ( کاتز و فۆدەر) هات لە "ساڵی ( ١٩٦٣)دا بەشێوەیەکی ئاشکرا، پێشنیازی بابەتی سیمانتیکی بکەن، هەوڵیاندا گریمانەی واتایی لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بەرەوپێش ببەن، لە پاڵ ئەوەدا ویستیان بەشێوەیەکی گشتگیر لێکۆڵینەوە لە پرسی واتاسازیدا بکەن لە تەواوی زمانە سروشتییەکان ( netural lenguages )دا " (ئیبراهیم، ٢٠١٤ ، ٣٦ ). کە لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٩).

هێڵکاریی (١٩)




ئەم هێڵکارییە لە (دزەیی، ٢٠٠٩ ، ٥١ )وەرگیراوە.

بەشی ژێرەوە کاریگەریی بە سەر واتا هەیە، جا ئەگەر دوو ڕستە خاوەنی ئاستێکی ژێرەوەی هاوبەش بن، ئەوا هاوواتان، ئەگەر خاوەنی ئاستی ژێرەوەی جیاوازبن، ئەوا هاوواتانین، ئەگەر ئاستی سەرەوەشیان وەکیەک بێت لەم کاتەدا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی واتالێڵ (دزەیی، ٢٠٠٩ ، ٥٢ ).

## ١/٤-٣-٢) ئامانجە بنەڕەتییەکانی تیۆری لێکدانەوەی واتایی:

لە سەرەتادا ئامانجی سەرەکی لە دانانی تیۆرەکەی (کاتز و فۆدەر) ئەوە بوو کە کێشەی واتا لە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا چارەسەر بکات، وەڵامێک بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی چۆمسکی کرانەوە.

ئامانجە بنەڕەتییەکانی تیۆرەکە، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە .

ا. دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی پەیوەندییە واتایی و لۆجیکییەکانی ناو فەرهەنگ و نێوان ڕستەکان : وەک پەیوەندییەکانی (هاوواتایی و دژواتایی و گرتنەوەو........ هتد). هاوشێوەی لێکۆڵینەوە واتاسازییەکانی پێشوو، تیۆرەکە دانی نا بە ڕیزکردنی دانە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگدا، بەڵام ئەوەی ڕەتکردەوە، کە واتای فەرهەنگیی وشە لە توانایدا هەبێت بە تەواویی و بە وردی واتای ڕستە دەستنیشان بکات.

ب. دیاریکردن و چارەسەرکردنی ڕستە ناوێزە و ناڕوون و لێڵەکان، تیۆرەکە وەهای دەبینێت، کە ئەرکی سەرەکیی واتاسازی لابردن و نەهێشتنی تەمومژی ڕستەیە، هەوڵ دەدات تەمومژی ڕستە لە ڕێگەی زیادکردنی هەندێک کەرەستە بڕەوێنێتەوە.

پ. لێکدانەوەی واتای ڕێزمانی ( grammatical meaning) بۆ ڕستە.

ت.. لێکدانەوەی خوێندنەوە جیاوازەکانی ڕستە، هەمیشە ڕستە لێڵەکان خوێندنەوەی جیاوازیان هەیە تیۆرەکە لە ڕێگەی خوێندنەوە جیاوازەکانەوە دەیەوێت بگات بە واتای ڕاستەقینەی ڕستە (ئیبراهیم، ٢٠١٤ ، ٣٧). بۆ نموونە ڕستەیەکی وەک نموونەی(٥) لێڵە چوونکە دوو خوێندنەوەی جیاوازی هەیە.

٥). ئازاد ئازار لە دڵ دەڕوێنێ.

ئەم دوو واتایەی هەیە :

ا. ئازاد ئازار دەخاتە دڵ.

ب. ئازاد ئازار لە دڵ لادەبات. ( ئەمین، ٢٠٠٩، ٢٣٩ ).

### ٤/١-٣-٢-١ ) پرەنسیبەکانی تیۆری لێکدانەوەی واتایی :

هەروەک لە پێشتردا لە نواندنی ژمارە(٢)دا، ئاماژەمان پێدا، لێکدانەوەی واتای ڕستە پەیوەستە بەم بنەمایانە ( ١/ فەرهەنگ / ، ٢/- دروستەی قووڵ، ٣/- دروستەی ڕووکەش /سینتاکس، ٤/- واتای دروستەی ڕووکەش ).

### ٤/١-٣-٢-١-١) فەرهەنگ ( lexicon ) :

بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە وشە، کە وشەکان لە نێوان خۆیاندا بە تۆڕێکی واتایی بەیەکەوە بەستراونەتەوە و پۆلێن کراون و خاوەن زمانەکانیش مانای وشەکانی زمانەکەیان دەزانن، ئاخێوەر بەبێ فەرهەنگیی وشە ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان ڕستەکاندا، چوونکە ئاخێوەری هەرزمانێک واتای ئەو وشانە دەزانێت، کە لە فەرهەنگیی زمانەکەیدا تۆمارکراون، هەر لە بەر ئەوەشە، توانای جیاکردنەوەی ڕستەکانی لە ڕووی واتاییەوە هەیە ، ئەگەرنا لە ڕووی ڕێزمانییەوە جیاوازییان نییە. " فەرهەنگ لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیدا تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆڵە دەگرێتەوە، کە هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگیی هەیەتی. بەشێوەیەکی وردتر کەرەستە فەرهەنگییەکان دروستەی ناوەکیی خۆیانیان هەیە، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن و بریتین لە ( یاسای فۆرمدارشتن – formation rules و یاساکانی هەڵگواستن و گواستنەوە) و یاسای کۆتوبەندکردن و مەرج و سنوردانان- constraint " (حسەین، ٢٠١١، ٥٦ ). واتای ڕستە لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی هەردوو واتای فەرهەنگیی و واتای ڕێزمانی بەرهەمدێت، لەبەرئەوەیە کە ڕستەکانی ( ٦-ا وب ) هەمان وشەن بە هەمان واتاوە، بەڵام ڕیزکردنیان جیاوازی لە زانیارییە سینتاکسییەکانیاندا دروستدەکات بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ٦-ا وب ).

٦)- ا. دکتۆر ئازادی بینی.

ب. ئازاد دکتۆری بینی.

ڕستەکان ئەوە نیشاندەدەن، وشەکانیان/ کەرەستەکانیان بەگوێرەی شوێنەکانیان، ئەرکی ڕیزمانی جیاواز دەبینن، بۆیە دوو ڕستەن لە واتادا جیاوازن.

### ٤/١-٣-٢-١-٢) دروستەی قووڵ ( deep structure ) :

دروستەی قووڵی تیۆری ستاندارد، زۆربەی لایەنگرانی ئەم تیۆرە بە تایبەت ( فیلمۆر) هەوڵی ئەوەیان داوە، کە ئاستێکی قووڵتر بۆ ڕۆنانی ڕێزمان بدۆزنەوە، کە قووڵتربێت لە وەی چۆمسکی قووڵیەکەی تائەو ڕادەیە، کە بە دروستەیەکی واتایی لە قەڵەم بدرێت، نەک سینتاکسیی، لە بەر ئەو چەمکەیە، کە سیمانتیک بە لێکدەرەوەیی دادەنێن، بەڵکو بە سەرچاوەی سەرەکیی سینتاکس و بەرهەمهێنەری سینتاکسیی دەزانن(قادر، ٢٠٠٩، ١٠٢). بە پێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە هەر ڕستەیەک دوو ئاستی هەیە، ئەوانیش (ئاستی قووڵ و ئاستی ڕووکەش)ن. " ئاستی ڕووکەش بۆ چۆنییەتی گۆکردنی ڕستەیە و ئاستی قووڵ، کە بریتییە لە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان کەرەستەکانی ڕستە بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەیە، چوونکە پەیوەندی واتایی نێوان ڕستەکان نیشاندەدات(دزەیی، ٢٠٠٩، ٥٠ ). ئاستی قووڵ کاریگەری بە سەر واتای ڕستەدا هەیە ، چوونکە ئەگەر دوو ڕستە خاوەنی ئاستێکی قووڵی هاوبەش بن ئەوا هاوواتان، بەڵام ئەگەر خاوەنی ئاستی قووڵی جیاوازبن ئەوا هاوواتانین، ئەگەر ئاستی ڕووکەشیشیان وەک یەک بێت لەم کاتەدا ڕستەکە دەبێتە ڕستەیەکی لێڵ. " ئاستی قووڵ بریتییە لە پەیوەندی ناوەکیەکانی نێوان کەرەستە/دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە، ئەم ئاستە ئەبستراکتە و لە ئاوەزدا هەڵگیراوە، کاتێک دەبێت بە کۆنکرێت، کە ئاراستەی دروستەی ڕووکەش کراو لە شێوەی شریتی دەنگیدا دەربڕا، یەکەمجار توانای لێکدانەوەی واتایی بۆ ڕستە درا بەو ئاستە، دەگوترا، کە ئەم ئاستە، لەگەڵ واتادا لە پەیوەندیدایە. دروستەی قووڵ یەکێکە لە دوو پێکهێنەرەکەی سینتاکس، دروستەی قووڵ نواندنی سینتاکسیی ئەبستراکتی ڕستەیەکەو زانیاریمان دەربارەی چۆنێتیی لێکدانەوەی جیاواز بۆ ڕستەیەک دەداتێ، کە هەمان دروستەی ڕووکەشی هەبێت و لە دروستەی قووڵدا جیاوازبن، وەک ( لێڵی) هەروەها ئاستی ژێرەوەی دروستەی ڕێکخراوەیەکە، کە دیاریکەری هەموو ئەو هۆکارانەیە، کە جڵەوی ئەو ڕێگایانە دەگرێت، کە بەهۆیەوە پێویست دەبێت ڕستەیەک لێکبدرێتەوە" (حسەین، ٢٠١١، ٦٠ ). دروستەی قووڵ لە ڕێگەی پێکهاتەی سیمانتیکییەوە، واتاییانە لێکدەدرێتەوە، دواتر لە ڕێگەی یاساکانی گوێزانەوە بەرەو دروستەی ڕووکەش/ سەرەوە دەگوازرێتەوە. بەڵگەی بوونی کاریگەریی ئاستی ژێرەوە لە سەر واتای ڕستە ئەوەیە، "کە ئەگەر بێتوو دوو ڕستەی جیاواز هەمان دروستەی قووڵیان هەبێت، ئەو کاتە بە هاوواتا دادەنرێن، وەک لە نموونەکانی ژمارە ( ٧) اوب دا دەردەکەوێت، یان ئەگەر دروستەی قووڵیان جیاوازبێت، بەڵام دروستەی ڕووکەشیان وەک یەک بێت نابنە هاوواتا، بەڵکوو ڕستەیەکی فرەواتایە، کە لێڵی دروستدەکات"(ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٤٠ ). بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٨) (اوب وپ).

٧). ا. ئەو پەنجەرەیە دابخە.

ب. ئەریَ ئەو پەنجەرەیە داناخەی؟

٨)- ا. پێی دەخورێت. ( واتە قاچی دەخورێت )

ب. پێی دەخورێت. ( واتە خواردنەکەی پێ دەخورێت)

پ. پێی دەخورێت ( واتە پێی ئەو واتە مریشکەکە دەخورێت)

ئەگەر لە نموونەکانی ژمارە (٨) وردببینەوە، دەبینین هەرسێ ڕستەکە لە ڕووی کەرەستە و جۆنیەتیی ڕیزبوونیان، هەمان پارامێتەرین، بەڵام فرەواتان و هەریەکەیان واتایەکی جیاواز دەبەخشێت، هەر لە بەر ئەوەشە پێیان دەگوترێت فرەواتا. واتای قووڵی ڕستە کردار دیاریدەکات، بۆیە لە دروستەی قووڵدا پاشان لە دروستەی ڕووکەشیشدا واتاکان دەربارەی ئەو پۆلەڕەگەزانە دەبن، کە کردارەکە داوای کردوون. بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٩. ا و ب).

٩) ا. من نامەکەم نارد .

من نامەکەم نوسی .

من نامەکەم برد .

ب. من چێشتەکەم خوارد .

من چێشتەکەم برد .

من چێشتەکەم نارد .

نموونەکانی ژمارە (٩) ،ئەوە نیشان دەدەن، واتاکان دەربارەی ئەو پۆلەڕەگەزانەن، قەدو ڕەگی کردارەکانی وەک > نارد، نوس، برد، خوارد، < داوای کردوون، چوونکە واتای باسکراو، بریتین لە ( خواردن، بردن، نوسین، ناردن )، بۆیە کردارەکان جڵەوی ڕستەیان بەدەستە و داوای هەر پۆلەڕەگەزێک بکەن واتاکان دەربارەی ئەو پۆلەڕەگەزانە دەبن. ئەگەر بەراوردیان بکەین بە نموونەکانی ژمارە ( ١٠ ا و ب)، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە دروستەی قووڵدا، پاشان لە دروستەی ڕووکەشیشدا واتاکان دەربارەی ئەو پۆلەڕەگەزانەدەبن، کە کردار داوایان دەکات. بڕوانە نموونەکانی ژمارە (١٠).

١٠)- ا.  * ئەو دیواری خوارد .

ب. * ئەو چێشتەکەی نوسی .

نموونەکانی ژمارە (١٠) ئەوە نیشاندەدەن، کە کردارەکانی ئەم دوو ڕستەیەی (ا وب) داوای ئەو پۆلەڕەگەزانە ناکەن، بۆیە ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی لۆژیکەوە ڕێگە پێدراونین و واتای باسکراو دەربارەی ئەو پۆلەڕەگەزانە نین، کە لە ڕستەکانی سەرەوەدا هاتوون.

### ٤/١-٣-٢-١-٣) دروستەی ڕووکەش ( surface structure ) :

ئەم ئاستە بریتییە لە بەرهەمە دەرچووەکان/ دەرکردە ( out put )، یان کەرستە و بەرهەمی یاسا گشتییەکەیە، واتا کەرەستەی تێدا دەردەکەوێت، "لە دوای جێبەجێبوونی یاساکانی گواستنەوە بە سەریدا. پەیوەندیی بە ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە هەیە، پاشان بە فۆنەتیکەوە، بۆ ئەوەی بە دوایەکدا هاتنی دەنگەکانی تێدا دەستنیشان بکرێت، لە مۆدێلەکانی سەرەتای سیمانتیکی لێکدانەوەدا، لێکدانەوەی واتا بە هیچ شێوەیەک لە سەر ئەم ئاستە جێبەجێ نەدەکرا، بە بنەمای لێکدانەوە دانەدەنرا، بەڵام لە مۆدێلەکانی تردا، کە بەدوای ئەم داهاتن، وەک بنەمایەکی تیۆرەکە لە قەڵەم درا، دەگوترا لێکدانەوەی واتایی لە هەندێک ڕستەدا، پەیوەندیی بە هەردوو دروستەی قووڵ و ڕووکەشەوە هەیە، بۆ نموونە ڕستەکانی ( ١١، ١٢، ١٣ )، بە تەنها بەهۆی یاسای گواستنەوەی ( جێگۆڕکێی کەرەستە) کە دەربڕاوی ئاوەڵکرداری ( تەنها) یە، گۆڕان بە سەر واتای ڕستەکەدا دەهێنرێت "(ئیبراهیم، ٢٠١٤ ، ٤١ ). بڕوانە نموونەکان.

١١).   تەنها تۆ لێرە بڕۆ.          ( تەنها تۆ ئەوانی تر نا )

١٢).  تۆ تەنها لێرە بڕۆ .          ( تەنها لێرە لە شوێنێکی تر نا)

١٣).  تۆ لێرە تەنها بڕۆ .          ( تەنها بڕۆ هیچی تر نا )

# بەشـــــی دووهەم :

# دروســـــــتەی لێکـــــــدان لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا .

## ١/٢ ) لێکدان :

لێکدان "یەکێکە لە پرۆسە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە زماندا، بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە لکاوە تێکچڕژاوەکان، بۆیە ئەم پرۆسەیە تێیدا چالاک و بەبەرهەمە، لە هەریەک لە بەشە ئاخاوتنەکاندا دەبینرێت " ( خدر، ٢٠٢٢، ٩). هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەربڕینەکانی ناسادەن، بەهۆی ئەم تایبەتمەندییەی زمانی کوردییەوەیە، بڕوانە (البصیر،١٩٧٩، ٦٢). زۆربەی ناو و کردارەکان پەیوەست بە وشەی لێکدراوەوە، لە سەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار، یان زیاتر لە فەرهەنگیی کوردییدا پەیدابوون. "ڕێگەی لێکدان، یەکێکی ترە لە ڕێگە پڕ بەرهەمەکانی زمانی کوردی، لە سەر بنەمای لێکدانی دوو بناغەی سەربەخۆ، یان بناغەیەکی سەربەخۆ و ڕەگێک بەهاوکاری مۆرفیمێکی بەندی لێکدەر، یان بەبێ مۆرفیمی بەندی لێکدەر دەدرێنە پاڵ یەک، وشەی لێکدراو بەرهەمدێنن" ( مستەفا، ٢٠٢١، ٥١). وشەی لێکدراو ئەو وشە ناسادەیەیە، کە لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار، یان زیاتر پێکدێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت، وەک: (چاوکاڵ، بەردەنوێژ). (عەبدوڵا، ٢٠١٣ ، ١٥٥). هەندێک جار لێکدان " لە دوو وشەی واتادار پێکدێت، واتە لێکدانی ڕاستەوخۆیە، وەک ( سەرسپی، دڵڕەق، براژن.....) هەندێک جاریش بەیارمەتی ئامرازێک پێکدێت، وەک: ( بەردەباز، گوڵەگەنم....)، هەندێکجار بە دووبارەکردنەوەی وشەکە، وەک: ( دەم دەم، جارجار، دوودوو.....) بە کۆمەڵێک ڕێگەو شێوازی تر"(حسن، ٢٠٠٨، ٤٤). ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەربارەی وشەی لێکدراو دەڵێت: "وشەی لێکدراو ئەو وشەیەیە کەوا بەلای کەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت". (مارف، ٢٠١٤ ، ١٠٢).

هەر لەمڕووەوە، لێکدان ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی وشەو زاراوە، کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو وشەوە وشەیەکی نوێ دێتەکایەوە، ئەم لێکدانەش بە دوو شێوە ئەنجامدەدرێت، هەندێکیان بە مۆرفیمی لێکدەر کۆمەڵێکیش بەبێ ئامرازی لێکدەر ئەنجامدەدرێت، وەک: (دەستنوێژ، ڕەشماڵ، شاهەنگ، مارماسی، ....... هتد) . ئەوانی تر بە هەندێک ئامرازی لێکدەر لێکدەدرێن وەک: (ە، و، ەو، او، ان، بە ..... هتد). وەک: (گوڵەباخ، ڕەنگاوڕەنگ، بانەوبان). (دزەیی، ٢٠١٤، ٦٦). ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمانە بە وردی تیشکی بخەینە سەر، (پرۆسەی لێکدان)ە. پەیوەست بەمەوە، وشەی لێکدراو لە زمانەکەمانداو لە زۆربەی زمانەکانی دونیاشدا فاکتەرێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی زمان. لێکدان ڕێگایەکی گرنگیی بەبەرهەمی گەشەپێدانی فەرهەنگیی زمانە، مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردی، بەگشتی لە ڕووی پرۆسەی لێکدانەوە بەبەرهەمەو لە گشت پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار، ئاوەڵکردار)دا ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەکات. (ئەحمەد، ٢٠٠٩ ، ٩٥).

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، لێکدان پرۆسەیەکە، کە تێیدا توخمێکی فەرهەنگیی ( $X^0$ ) پەیوەست بە ناوەخنە فەرهەنگییەکەیەوە لە پرۆسەی بەڕێزمانبووندا، دەبێتە فۆرمێکی لێکدراو و پاش ئەوەی پێداویستییە فەرهەنگیی و ڕێزمانییەکانی دەستەبەردەبن، بۆیە لێرەدا پەیوەست بەڕێزمانبوونەوە (Grammaticalization)، لێکدان دەخرێتە ڕوو، کە ئەویش بە قۆناغێکی پاش فەرهەنگیی، یان نێوان فەرهەنگیی و ڕێزمانیی دەخرێتە ڕوو، یان ڕووندەکرێتەوە، بۆیە لێکدان ( compounding ) نواندنی ویستی نادیاری توخمە فەرهەنگییەکانە ( X )ەکانە. بۆیە دەبێت لەم نێوەندەدا پەیوەست بەڕێزمانبوونەوە، کە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش دەگرێتەوە، زانیارییەکان بخرێنەڕوو، بە چەشنێک بۆ مۆرفۆلۆژیی وشەی لێکدراو و بۆ سینتاکسیش بە هەمان توخمەوە، دروستەیەکی ئازاد بەرهەم دەهێنێت. لە ڕاستیدا لێکدان پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی_سینتاکسییەو دەشێت زانیارییەکان بۆ ئەو پێواژۆیە، وەک یەک، یان لێکەوە نزیک بن. بڕوانە پارەکانی داهاتوو، بشڕوانە: https://www.oxfordbibliographies.com/view/document/obo-9780199772810/obo-9780199772810-0060.xml) .(

## ٢/ ٢ ) قۆناغی پێش مۆرفۆلۆژیی : (pre morphological )

لەم قۆناغەدا باس لەوە دەکرێت ، کە مۆرفۆلۆژیی پێکهاتەیەکی زمانە هەروەک چۆن سینتاکس پێکهاتەیەکی زمانە، ئەگەر سینتاکس بۆ بەرهەمهێنان بێت، واتە ڕستە بەرهەم بێنێت هی ئەوەیە کە کۆمەڵێک یاسا و بنەمای دیاریکراوی هەیە، لە سەر ئەم بنەمایانە دەرکردەی سینتاکسیی زۆر دەبێت، فریزو ڕستەکانی زمانی کوردی بێکۆتایین بۆ بێکۆتایین لە دەرکردەکەیاندا، ئەگەرنا لە یاسا و دروستەکانیاندا سنووردارن، ڕاستە لە هەندێک سەرچاوەدا باس لە وەکراوە، کە وشەی لێکدراو دروستدەکرێت، نەک بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام ئەگەر سەرنجی بدەین هەندێک توخممان لە ناو فەرهەنگدا هەیە بە پێی دوو قۆناغ، قۆناغی لێکدراو هی سەردەمی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنانی دروستەی فریزو دروستەی ئێکسباڕ( X-BAR ) بۆمان دەردەکەوێت، کە هەندێک توخممان دروستکەری وشەی لێکدراون، بۆ نموونە ( لە چاوشین)دا ئەگەر (چاو) بکەی بە سەرو، (شین) بکەین بە سەر هەر بەرهەمهێنانە، چوونکە چاوەکە خۆی بۆتە سەری دروستکەری وشەکە لە (چاوشین) دا، بە هەمان شێوە (شین) هەر بووە بە سەری دروستکەر، کەواتە هەر لە ناو فەرهەنگدا زانیارییەکە لە (چاو و لە شین)دا هەیە بۆ ئەوەی وشەی لێدروستبکەین ڕاستە قۆناغی بەرهەمهێنانەکەی زیاتر لە تیۆری ئێکسباڕدا دەردەکەوێت کە ئێکسباڕی مۆرفۆلۆژییانەیە، چوونکە لە ئێکسباڕی مۆرفۆلۆژییانەدا ئەو توخمەی کە پرۆژەسازدەرە لە سینتاکسدا جیاکراوەتەوە، ئەو توخمەشی کە پرۆژەسازدەرە لە مۆرفۆلۆژییدا، دەبێت هەردەستنیشانکرابێت،


بۆ نموونە چۆن لێرەدا ( ناو و ئاوەڵناو و کردارو پێشناو و تاف و .... هتد ) ئەمانە کراون بە سەر بۆ بەرهەمهێنانی فرێز، ئەوانەش لە مۆرفۆلۆژییدا هەردەبن بە سەر بۆ بەرهەمهێنان، واتە ئەگەر ئێمە لێرەوە بچین بۆ قۆناغی لێکدان، لە ڕاستیدا لە نێوانی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییدا قۆناغێک هەیە، کە قۆناغی لێکدانە، قۆناغی لێکدانەکە ئەوەیە کە پۆلەڕەگەزدیاریکرنە ( Sub categorization )،یان دروستەی ئارگۆمێنتی وشەکە بە دەستدێت(Bralich (1991:75-80) لەم شوێنەدا واتە بۆ نموونە کەرەستە کۆکردنەوەیە، پێش ئەوەی ببێت بە مۆرفۆلۆژیی. بەوەش قۆناغێک هەیە قۆناغی پێش بوون بە مۆرفۆلۆژییە، مەبەستمان ئەوەیە کە هەندێک دەرکردەمان هەیە، بە یاسا لێکدراون، بەڵام لە لێکداندا ماونەتەوە، ڕاستە هەندێکیان دەبن بە لێکسێمی سەربەخۆ وەکو ( پیاوکوژ، میوەفرۆش... هتد )،بەڵام ئایە ( خەیار فرۆش، کۆمپیوتەر فرۆش ... هتد ) ئایە ئەمانە بوون بە لێکسێمی سەربەخۆ، خۆ ئاخێوەری زمانی کوردی ئەمانەش بەرهەمدەهێنێت، تەنیا پەیوەندییەکەی بەوەوە هەیە، کە دەبێت بە لێکدراو ئەوان بوون بەلێکسێمێک و ئەمان نەبوون بەلێکسێمێکی سەربەخۆ، بۆیە ئەمان لە لێکداندا دەمێننەوە، کەواتە لە لێکداندا، کە قۆناغێکی پێش دروستەی مۆرفۆلۆژییە، ئەوەی کە ڕوودەدات پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەیە جاریَ توخمەکە ( ئاوەڵناوە )، ئاوەڵناوەکە لەناو مۆرفێمەکاندا لە سەربەخۆ و فەرهەنگییەکاندایە، کەواتە تۆ لە فەرهەنگەوە توخمێک وەردەگریت بۆئەوەی (وشەو فرێز و ڕستە) دروستبکەیت، واتە توخمێک وەردەگریت بۆ نموونە ئاوەڵناوەکە بەتەنیایە کە ( جوان )ە، دواتر لێرەدا دەبێت بە ( چاوجوان و جوانەمەرگ و .... هتد ) واتە کە هاتە ناو ڕێزمانەوە کە هاتە ناو مۆرفۆلۆژییەوە، بۆ ئەوەیە لێکسێمی مۆرفۆلۆژیی دروستبکات، بەڵام لەم نێوانەشدا ڕێگایەک هەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە کەرەستەکە ئامادەبکات و لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە پۆلەڕەگەزەکان بگۆڕێت، بۆ نموونە (مار) لە فەرهەنگدایە، بەڵام تۆ دەی هێنیتە پێشەوە بۆ ئەوەی ببێت بە ئاوەڵناو، واتە چۆنێتییەکەی لێوەردەگریت، چوونکە (مارێک) هەیە لەناو فەرهەنگدا، کە لە وێدا بەناوهەڵگیراوە، بەڵام دەبێت کە هێناتە پێشەوە ببێت بەئاوەڵناو، چوونکە تۆ پێوەرێکت لە بەردەستدایە، ئەویش ئەوەیە دەبێت بارگەیەک بخەیت، واتە ( مار )لە وشەی ( مارماسی ) دا بەناوی هێناوتە و لەو شوێنەدا بووە بە ئاوەڵناو، واتە لەو قۆناغەدا بووە بەئاوەڵناو کە قۆناغی پێش مۆرفۆلۆژییە، کە قۆناغی لێکدانە، چوونکە لەم قۆناغەدا چۆنێتیەکەت لێوەرگرتووە، تۆلێرەدا وەک (مارماسی) مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، واتە لەگەڵ دەرکردەی وشەکە مامەڵەدەکەیت، هەم واتاییەکەو و هەم دروستەکەشی، واتە مامەڵە لەگەڵ لوتکەدا دەکەیت، واتە ئەو لێکدانە پەیوەندی پێش بوون بە مۆرفۆلۆژییە، وەهەندێک وشە هەیە، هەر لەم قۆناغەدا دەمێنێتەوە و نابێت بە مۆرفۆلۆژیی بۆ نموونە وەک : (سێو فرۆش، خەیار فرۆش، ژن کوژ، مناڵ کوژ، سپی مار ، ڕەشمار، سپی ماڵ، گا ماسی، کۆمپیوتەر فرۆش ... هتد ). ئەگەر سەیر بکەین

وشەی لێکدراوی ( ڕەشمار ) بووە بە مۆرفۆلۆژیی و بووە بە لێکسێمی سەربەخۆ، بەڵام ( سپی مار )، کە هەر وەک وشەی (ڕەشمار)ە لە ئاوەڵناوێک و ناوێک پێکهاتووە، بە پرۆسەی لێکدانیش فۆرمەکەی دروستبووە، بەڵام هەر لە قۆناغی لێکداندا دەمێنێتەوە نابێت بە لێکسیمێکی سەربەخۆ، واتە نابێت بە لێکدراو، بۆ وشەکانی تریش، بە هەمان شێوەی ( سپی مار ) نابن بە لێکسیمێکی سەربەخۆ و هەرلە لێکداندا دەمیننەوە، واتە ئاخێوەری زمانی کوردی توانای بەرهەمهێنانی هەیە لە پرۆسەی لێکداندا، چوونکە لە وانەیە لە داهاتودا وشەی ( منداڵ کوژ یان ژن کوژ ) ببن بە لێکسێمی سەربەخۆ .کەواتە ئەم قۆناغە، کە قۆناغی لێکدانە زۆر دەوڵەمەندترە لە قۆناغی مۆرفۆلۆژیی، واتە کورد ڕاستە لێکدراو بەرهەم ناهێنێت، بەڵام لیکدان بەرهەمدەهێنێت لێکدانیش بەرهەمهێنانە. کەواتە توخمەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن و بەهۆی پرۆسەکەوە، کە پرۆسەی لێکدانە لێکدەدرێن، بەڵام مەرج نییە، کە یاسا مۆرفۆلۆژییەکان ڕێگە بەهەموو لێکدانێک بدەن، کە ببێت بە لێکسیمێکی سەر بەخۆ و جارێکی تر بگەڕێتەوە ناو فەرهەنگ .

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە باسمانکردن نموونەکانی < ڕەشمار و سپی مار > بەهێڵکاریی دەنوێنین. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١ ) لە خوارەوە.

هێڵکاریی ( ١ )

١) ا. ب .




لەم هێڵکارییەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئێمەی کورد لە فەرهەنگەکەماندا لێکسێمی <ڕەشمار >مان هەیە، بەڵام لێکسێمی < سپی مار > مان نییە، چوونکە کورد لە لێکداندا توانای بەرهەمهێنانی هەیە، بەڵام مەرج نییە لە قۆناغی ئەمڕۆدا ئەم لێکدانە ببێت بە لێکسیمێکی سەربەخۆ، بەڵام بەو واتایەشنا کە هەرگیز نابن بە لێکسیمی سەربەخۆ، چوونکە لە وانەیە لە

داهاتوودا ئەمانیش ببن بە لێکسیمێکی سەربەخۆ. هەروەها زۆر وشەمان هەیە بە یاسای لێکدان دروستبوون، بەڵام نەبوون بە لێکسیمێکی سەربەخۆ و لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا تۆمار نەکراون، لە خوارەوە هەندێک نموونە لەو وشانە دەخەینە ڕوو وەک : ( تەماتە فرۆش، کۆمپیتەر فرۆش، ژن کوژ، کوڕ کوژ، هەنار فرۆش، .... هتد )، بەڵام ( میوەفرۆش، پیاوکوژ ) بوون بە لێکسیمی سەربەخۆ و لە فەرهەنگدا تۆمار کراون .

## ٣/٢ ) لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان :

لێکدانی مۆرفۆلۆژیی لە قۆناغی بەرێزمانبوونی توخمە فرهەنگییەکاندایە، مۆرفۆلۆژیی یەکێکە لەو وێستگانەی، کە فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێ بەرهەمدەهێنێت. جا پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان، جا چ لێکدان بێت، یان هەڵگواستن لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە بەرهەمدەهێنرێت، یان دروستدەکرێت. بەوەش وەڵامی ئەوەمان دەستدەکەوێت، کە فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان لە هەر ئاستێکدابن(ئاستەکان مەبەستمان پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانە )، یان لە هەر نواندنێکی مۆرفۆلۆژییدابن پرۆسەیەکی فەرهەنگیین. یان ئاخێوەری زمان، تەنها مامەڵە لەگەڵ دیوی دەرەوەی فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی لێکدراو، یان هەڵگوێزراودا دەکات؟. بۆ ئەمە دەبێت قۆناغی فەرهەنگیی و قۆناغی پاش فەرهەنگیی( post–lexical ) پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە لە یەک جیابکرێتەوە. ئاراستەی لێکۆڵینەوەکە بەو ڕێچکەیەدا دەڕوات، کە ئاخێوەری زمانی کوردی لە پاڵ زانیاریی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیکیدا، زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانیشی لەناو فەرهەنگیی ئاوەزیدا هەڵگیراون بەوەش دەبێت مۆرفۆلۆژیش هاوشێوەی سینتاکس بنەمای هەبێت. بنەماکەش لە پارەکانی داهاتوودا دەخرێتە ڕوو.

### ٣/٢-١) بنەماکانی لێکدان:

### ٣/٢-١-١) بنەمای دروستەیی:

زۆربەی سەرچاوەکان لە سەر ئەوە کۆکن، کە لێکدان پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییەو وشەی لێکدراویش، لە دوو توخمی سەربەخۆی فەرهەنگیی پێکدێت ( https://oxfordre.com/linguistics/linguistics/view/10.1093/acrefore/9780199384655.001.0001/acrefore-9780199384655-e-251) . هەڵبژاردنی توخمی فەرهەنگیی بۆ ناو پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی لەو چەشنە، بە پێی ئەو زانیارییە مۆرفۆلۆژییانە دێت، کە لە ناو فەرهەنگداو لە توخمە مۆرفۆلۆژییەکاندا هەڵگیراون. بنەمای دروستەیی بۆ بونیاتنانی لێکدانی مۆرفۆلۆژییانە،

مەرجدارەو کۆتوبەندی دروستەیی خۆی هەیە. وەک پێشتر لە بەشی یەکەمدا لە (X-Bar)ی مۆرفۆلۆژییانەو پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژییانەدا باسی لێوە کرا، توخمە پرۆژەسازدەرەکانی ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی، ئەوانەن کە دەسەلاتی هەڵبژاردن و هەلاوێرکردنیان هەیە، بۆیە بنەمای دروستەیی وشەیەکی لێکدراو، بە مۆدێلی (Y , X)و (X , X) تاقی دەکرێتەوە، کە باکگراوندێکی سینتاکسیی هەیەو ناوکۆیی دروستەیی نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس دەردەخات (https://www.italian-journal-linguistics.com/app/uploads/2021/05/8_Sanfelici.pdf). لەو روانگەیەشەوە دەبێت ئەوە روونبکرێتەوە، کە لە هەردوو مۆدێلەکاندا، (X)ەکان بنەچەیەکی رەسەنی فەرهەنگییان هەیە، واتا خۆیان لە فەرهەنگەوە لە توخمە پرۆژەسازدەرەکانن، هەرچەندە کردارەکان لە هەر فۆرمێکدا بن، توخمی پرۆژەسازدەرن، بەڵام ئاوڵناوەکان چەشنی فەرهەنگیی و رێزمانییان هەیەو دەشێت بنەمای جێکەوتە لە سنووری لێکداندا/پێش مۆرفۆلۆژییدا بکرێنە ئاوەڵناویی بتوانن ببنە سەر بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو. لەو رووەوە ئەگەرچی (ناو) (noune) وەکو یەکێک لە ئارگومێنتداواکەرەکان (predicate ) ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام لەڕاستیدا (ناو) لە قۆناغی کارکردنی رێزمانی قوتابخانەکاندا ئەو پۆلەرەگەزە ( category )یە، کە داوا دەکرێت و دەسەلاتی بە سەردا جێبەجێدەکرێت نەک داوا بکات و دەسەلات بسەپێنێت. واتە (ناو) لە فەرهەنگدا (Lexical noune ) ناوەکان داواکراون و حوکمکراون، بۆیە دەبێت قۆناغێک هەبێت ناو تێیدا بۆ پرۆسەی بە ئاوەڵناوبوون بازبدات. پێشنیازی لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەو بازدانە قۆناغێکی دوای فەرهەنگییە ( post-lexical )یەو لە پرۆسەی لێکداندا روودەدات، بەوەش ناوەکان لە پرۆسەی لێکداندا دەبنە ئاوەڵناویی (adjectival). بڕوانە یاسای ژمارە(١)لە خوارەوە. پەیوەست بە بنەمای فۆنۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی پریدیکات بڕوانە پاری (٢/٣-١-٢ ).

١) [ $N^0$ ] + [ N ]] بڕوانە گاکۆتر، شاژن،

ئاوەڵناوی — ناوێکی ئاوەڵناویی

٢/٣-١-٢) بنەمای فۆنۆلۆژیی:

پاش ئەوەی لە لێکدانی مۆرفۆلۆژییدا ، بنەمای فۆنۆلۆژیی بۆ دیاریکردنی سەرو بە سەرکردن خرانە روو، دەبێت لێرەوە ئەو پرۆسەیە لە چێوەی دروستەیەکی مۆرفۆلۆژییدا تاقیبکرێتەوە، چوونکە لێکدراو دەرهاویشتەیەکی لێکدانە و مەرجی تایبەتی بەو جێکەوتەیە جێبەجێدەکات، کە بۆی دەگەرێتەوە ( واتا فەرهەنگ )، نەک ئەو مەرجەی، کە لە لێکداندا بە سەریدا سەپێنرا، چوونکە ئەوەی ناو لێکدان بۆ دروستکردنی فۆرمێکی بێ کەموکوورییە، بۆ ناو


لێکـدراوی مۆرفۆلـۆژیی. بەو پێـیەی لێکـدراوی مۆرفۆلـۆژیی دەبێـتە لێکسـیمی سـەربەخۆ و دەگەڕێتەوە بـۆ نـاو فەرهەنـگ، دەبێت لەو ڕوانـگەیەوە دروسـتە مۆرفۆلـۆژییەکە پەیوەست بە فۆنۆلۆژییەوە بلۆککردنێکی فەرهەنگیی هەبێت .

ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بۆ لایەنی ناکەرتی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی تاقیبکرێتەوە، دەبێت ئەو پرۆسەیە لە فەرهەنگەوە جڵەوی بگیرێت و مەرجەکە فەرهەنگ دایبنێت. بۆ ئەوەش فۆرمە سادەکانی ناو فەرهەنگ جڵەوی ئەو فۆنۆلۆژییە دەگرن، کە لە فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی بەلێکسیمبوودا هەبێت، واتا یەکێـک لە مەرجەکـانی گەڕانەوەی فـۆرمێکی لێکـدراو، ئەو فۆنۆلـۆژییەیە کە لە فەرهەنگـدا بـۆ توخمەکان پەیڕەوی دەکرێت، بەمەش فۆنۆلـۆژیی بەلێکسـیمبوویی مۆرفۆلـۆژییە لە لێکدراودا لە فـــــــــــــــــۆرمی لێکـــــــــــــــــدانی مۆرفۆلـــــــــــــــــۆژیی جیـــــــــــــــــادەبێتەوە. )
https://www.researchgate.net/publication/316425788_The_Phonology_and_Morpholog y_of_Word_Formation )

وەک لە پارەکانی پێشـوودا ئامـاژەی پێدرا، یەکێـک لە پێوەرەکـانی فۆنۆلـۆژیی لێکدان هێـزە ( stress ) ئەو فۆنۆلۆژییە ناکەرتییە، تەرزێکی فەرهەنگیی ڕێزمانی هەیە. لە فەرهەنگدا چەسپیوە و لە ڕێزمانـدا ئـازادانەیە، بـڕوانە (غەریـب: ٢٠١٩، ٦-٩ ). تـا ئەو کـاتەی لە ڕێزمانـدا دەبێـتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ٢ ). کە تێیدا ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە دوو هێز لە پرۆســـەکەدا جێبەجـــێ دەبـــن، ئەوانـــیش هێزێکـــی فەرهەنگیـــی و هێزێکـــی ڕێزمـــانی.
**https://www.linguisticsociety.org/sites/default/files/e-learning/Morphophonology%20%E2%80%93%20Handout%201.pdf**

سـنوری ئەم پـارەی ئـێمە بـۆ مۆرفۆلـۆژیی نـاو پێکهـاتەی ڕێزمـان بەکاردەهێنرێـت، واتـا لە نـاو ڕێزماندا مۆرفۆلۆژیی تاقیدەکرێتەوە ( بۆ سینتاکس بڕوانە پارەکانی دواتر ). بەڵام لەبەرئەوەی لە هەنگاوەکانی پێشوودا، لێکدان کرایە پرۆسەیەکی پێش مۆرفۆلۆژیی، بۆیە هێزی نـاو ئەو دروستە نێوەنـدییە ڕێزمـانی دەبێـت، ئەوەی لەنـاو پێکهـاتەی مۆرفۆلۆژییـدا ڕوو دەدات، دەبێـت پەیکـاڵی ئەوەی فەرهەنـگ بێت، چـوونکە دەبێتەوە بە مۆرفۆلـۆژیی و تـوخمێکی فەرهەنگیـی دروسـتکراو. بڕوانە هاوکێشەی ژمارە ( ١ ).

هێڵکاریی ( ٢ )




هاوکێشەی ژمارە ( ١ )

| فەرهەنگ | لێکدان | لێکدراو |
|---|---|---|
| هێزی کۆتایی | هێزی سەرەتایی | هێزی کۆتایی |

هاو کێشەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە پێوەری بە وشەبوونی مۆرفۆلۆژیی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە هێز کۆتاییە، وەک لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکە قۆناغی بەڕێزمانبوون(Grammaticalization)ی هێزەکە دەبێت، کە بۆ ( ا) بە سەر کردن و بە پریدیکاتکردن بۆ ڕەخساندنی ئەو پۆلەڕەگەزانەی کە خۆیان ( $X^0$ ) نین، یان توانای پرۆژە سازدانیان نییە، ( ب ) بۆ بونیاتنانی دروستەی لێکدان تا بنەمای فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی پێ بەرهەمبهێنرێت، بڕوانە هاوکێشەی ژمارە ( ٢ ).

هاوکێشەی ( ٢ )

| فەرهەنگ | لێکدان | فۆرمی مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|---|
| $X^0$ | [ Y ]+ $X^0$ | $X^0$ |


( $X^0$ ) فەرهەنگیی توخمێکی سادەی یەک لێکسیمییە، لە لێکداندا هەڵاوێری ( Y ) و بۆ بەوشەبوون/ بە لێکسێمبوون دەچێتە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییەوە. بەوەش ( $X^0$ ) ناو مۆرفۆلۆژیی

وشـەیەکی ناسـادە / لێکسـیمێکی مۆرفۆلـۆژیی دەبێت. هێـز لە قۆنـاغی لێکدانـدا لە سـەر ( $X^0$ ) دەبێــت، کە لە ســـەرەتایی هەڵاوێرکـــردنەکەدایە، ئەمەش بــۆ ئەوەی جیاکـــاری دروســـتەیی و تایبەتمەندی ( $X^0$ ) بە پۆلەڕەگەزەکان بدات. لەبەرئەوەی ( $X^0$ ) ەکان کردار و ئاوەڵنـاو و نـاوی ئاوەڵنـاوین، بـۆیە(ا) ئاوەڵناوەکـان و کردارەکـان خـۆیان پڕۆژەسـازدەر و پریـدیکاتن، بەڵام نـاوی ئاوەڵنــاویی بە ســتریس ( stress ) لە ناوەکــان دروســـتدەکرێن و دەکــرێنە ئاوەڵنـــاویی. ( ب) ئاوەڵنـاو و کردارەکـان جیـاکەرەوەیین و لە جـێکەوتەی سـەرەتادا بەهێـز واتـای تـایبەتیی نـاو مۆرفۆلۆژییان پێدەدرێت. بڕوانە هاوکێشـەکە لە ژمارە ( ٣ )دا.

هاوکێشـەی ( ٣ )

| فەرهەنگ | لێکدان | مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|---|
| مار $N^0$ | مار $[N^-]+A^0$ | $N^- + A^0$ |
| | | مارماسی |

لە هاوکێشــەکەدا، <مــار> لە نوانـدنە فەرهەنگیەکەیـدا ( $N^0$ ) ە، لە لێکدانـدا توانـای ئاوەڵنـاویی دەدرێتــێ، بەوەش دەبێــتە ســەری وشـــەکە، واتــا دەبێــت بە ( $X^0$ )، کەواتە ســـەرباری ئەوەی پریـدیکاتی فەرهەنگیـی هەیە وەک (کـردارو ئاوەڵناوەکـان)، کە خـاوەنی فۆنۆلـۆژیی فەرهەنگیـی خۆیانن https://www.researchgate.net/publication/36061152_Phonological_change.  ناوی ئاوەڵنـاوییش دەبێتە پریـدیکاتێکی پـاش فەرهەنگیی و جـۆری سـێهەمی پریـدیکاتەکان دەسـتەبەر دەبێت، کە فۆنۆلۆژیی ناکەرتیی ڕۆڵی گرنگیی لە دروستکردندا هەیە. بڕوانە دروستەی ئارگۆمێنت پەیوەست بە پریدیکاتەوە.



$A^0$ ( ئاوەڵناوی ڕەسەن ) + [ N ]

ئاوەڵناو

$A^0$ ( ناوی ئاوەڵناوی ) + [ N ].

نموونە بۆ ئاوەڵناوی ڕەسەن وەک ( جوان) لە ( چاوجوان)دا، بۆ ناوی ئاوەڵناوی، وەک (مار) لە ( مارماسی) دا.


### ٣/٢-١-٣) بنەمای واتایی:

زۆربەی پێناسەکان بۆ مۆرفۆلۆژیی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە مۆرفۆلۆژیی بۆ دروستکردنی فۆرمی نوێیە بۆ واتای نوێ. لە وەشەوە پێناسەکە دوو ڕوانگە لە خۆ دەگرێت، کە لایەنی فۆرمیی بۆ دروستەی وشە لێکدراوەکەیە (بڕوانە پارەکانی داهاتوو)، بەڵام لایەنی واتاییش لە دروستبوویەکی مۆرفۆلۆژییدا شتێکی حەتمییە. فەرهەنگ بۆ گەنجکردنی زانیارییەکانە، وەک لە بەشی یەکەمدا ئاماژەی بۆکرا، زانیارییەکانی ناو فەرهەنگ لە توخمە گەنجکراوەکاندا هەڵگیراون. زانیارییە فەرهەنگییەکان پەیوەستن بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و سیمانتیکەوە. زانیارییە سیمانتکییەکان بەشێکی کۆی مۆدێلی ڕێزمانییەکانن، بڕوانە خشتەی (١)، بەوپێیە واتا لە کۆی پێکهاتەکانی ڕێزماندا بوونی هەیەو هەریەک لەو پێکهاتانە بە مەوداو تەرزی تایبەت بە خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکەن. لەبەرئەوەی توخمی سەرەکیی فەرهەنگ لێکسیمە/وشەیە، لێکسیمیش بە واتاو ڕکێفێکی واتایی خۆیەوە، لە فەرهەنگدا کەسێتیی هەیە. کەسێتیی واتایی لێکسیم لە ئاستی فەرهەنگدا بۆ واتای فەرهەنگیی تاکە لێکسیماکان دەگەڕێتەوە، بۆیە لە بەڕێزمانبووندا/بەمۆرفۆلۆژییبووندا، دەبێت واتایەکی نوێ بەرهەمبهێنرێت/بەرهەمهاتبێت، بەو پێیەش واتایەکی بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژیی(بە هەڵگوێزراو و لێکدراویشەوە)، دەبێت لە واتای تاک لێکسیمەکە جیابێت. بۆیە لە وەوە دەبێت واتا لە ئاست/لیڤڵی فەرهەنگیی و ئاستی مۆرفۆلۆژییدا لێکجیادەبن، ئەگەرنا واتای دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی، واتا فەرهەنگییەکە بلۆک دەکات(https://hkotek.com/Erlewine-Kotek-slides-blocking-lsa2014.pdf). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٣) بۆ نواندنی واتایی لە ئاستی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییداو جێبەجێکردنەکەی لە هێڵکاریی ژمارە(٤)دا.


خشتەی (١)

| | |
|---|---|
| **فەرهەنگ** | **واتا** |
| **فۆنۆلۆژیی** | |
| **مۆرفۆلۆژیی** | |
| **سینتاکس** | |

هێڵکاریی (٣)




هێڵکاریی (٤)




بە پێی هێڵکارییەکەو ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە بنەمای گۆڕینی واتا یان واتای نوێ لە دروستبوویەکی مۆرفۆلۆژییدا، جگە لە دەرئەنجامی دروستەیی (بوون بە لێکدراو، بروانە پاری دواتر)، دەبێت دەرئەنجامی واتاییش هەبێت .https://www.academia.edu/10216382/Morphology_and_meaning_An_overview

لە نموونەکانی < بەفرماڵ، مێشکوژ >دا، ئەگەرچیی لە ئاست/لیڤڵی فەرهەنگییدا، واتای ئامێر نییە،

کەچی لە لیقڵە مۆرفۆلۆژییەکەدا دەرکردەو دروستبووە مۆرفۆلۆژییەکە واتای نوێ/ ئامێر بەرهەمهاتووە.

### ۲-۳/۲) چەشنەکانی لێکدان:

بە پێی دەسەڵات و زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، دروستەی لێکدان بەرهەمدێت، واتا زانیارییەکان و چەشنی توخمەکە، چەشنی لێکدانەکە دێنێتە بەرهەم، کە ئەویش لە نێوان ئەگەری بوون بە وشەی لێکدراو، یان مانەوەی پێواژۆکە بە لێکدان، چوونکە دەشێت لێکدان بۆ پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش بێت، لە پارەکانی داهاتوودا چەشن و جۆرەکان دەخرێنەڕوو.

### ۳/۲-۲-۱) لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی/ ناهاوپایە :

#### ۳/۲-۲-۱-۱) دروستەی مۆرفۆلۆژیی :

پاش ئەوەی فۆنۆلۆژیی ناو لێکدراو، پەیوەست بە مۆرفۆلۆژیی لێکدان ڕوونکرایەوە و کرا بە پێوەری بە لێکسیمبوونی مۆرفۆلۆژییانە، لەم پارەدا ڕوانگەی دروستەیی پەیوەست بەو بنەمایەی، کە لەو نێوەندەدا دەستنیشاکرا، تاقیدەکرێتەوە، واتە بنەمای مۆرفۆلۆژیی لێکدان پەیوەست بە نواندنی مۆرفۆلۆژیی لێکدراو ڕووندەکرێتەوە، لەبەرئەوەی لە پارەکانی پێشوتردا ( $X^0$ )کانمان دەستنیشانکرد، کە کردارو و ئاوەڵناو و ناوی ئاوەڵناوی بوون، ئەوەش بە خشکەیی دەربڕی ئەوە بوو، کە لێکۆڵینەوەکە بۆ لێکدراوی مۆرفۆلۆژییانە بنەماو گریمانەی ( X + Y ) کارپێدەکات https://geertbooij.files.wordpress.com/2014/02/booij-2009-compounding-andcm-oup-handbook-compounding.pdf.

#### ۳/۲-۲-۱-۲) گریمانەی (X +Y) :

لێکۆڵینەوەکە بۆ لێکدراوی مۆرفۆلۆژییانە ئەم گریمانەیە کارپێدەکات، چوونکە ئەوە پەیکاڵی ئەو ( X-bar)ە مۆرفۆلۆژییەیە، کە لە بەشی یەکەمدا خرایە ڕوو بنەمای ( X + Y)بنەمایەکە لە سەر بیرۆکەی دەسەڵاتداری (X )ەکان بەرجەستە بووە، چوونکە ( X)ەکان دەسەڵاتی جیاکاریی دروستەیی و سیمانتیکییان بەدەستەوەیە. هەرچەندە بیرۆکەی هەڵبژاردنی ( X)ەکان لە سینتاکسەوە وەرگیراون، بەڵام لەبەرئەوەی ( X-bar)ی مۆرفۆلۆژیش فراوانکردنی سنوری (

(X–bar)ی سینتاکسییە بۆ ناو مۆرفۆلۆژیی، بۆیە دەبێت سود لە توخمەکانی هەمان پێوەر ببینرێت. ئەوەی بۆ ناو مۆرفۆلۆژیی دەستدەدات، توخمە فەرهەنگییەکانن، کە ئەوانیش ( ناو ( ناوی ئاوەڵناوین) ، ئاوەڵناو، کردار) ەکانن، ئەوە ڕوانگەی هەڵبژاردنی پێوەری (Y + X )یە. هەرچەندە لە قۆناغی دروستەی فریزدا، تەوژمێکی دیاریکردنی دروستەی مۆرفۆلۆژیی، پەیوەست بە تیۆری دروستەی فریز هەبوو، بەڵام لێکۆڵینەوەکە بە پێی تیۆری (X–bar )ی مۆرفۆلۆژیی کارەکانی دەکات. لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستهەمدا بیری سەرە بەتەنیا لە سنوری فریزدا نەما، بەڵکو ئەم بیرە فراوانبوو، هەتا گەیشتە ئاستی ڕۆنانی وشە بەتایبەت ئاستی ڕۆنانی وشەی لێکدراو، سەرە لە وشەی لێکدراودا بریتییە لەو کەرەستەیەی کە سیمای ڕێزمانی هەموو وشەکە دیاری دەکات.( ئەمین، ٢٠١٨، ٦٧٥ )

" وشە، وەکو ناو، ئاوەڵناو، کردار، پێشناو، کەتیگۆری لێکسیکین، لە زاراوەی ڕێزمانیدا ئەمانە ( سەرەی ڕێزمانی) پێکدێنن " ( قاد ر، ٢٠٠٧، ١٤ ). بۆ دەستنیشان کردنی سەرە لە وشەی لێکدراودا بەگشتی چەند پرسیارێک دێتە پێشەوە لە وانە :

١ / سەرە لە وشەی لێکدراودا چۆن دەستنیشان دەکرێت ؟

٢/ پێوەری دەستنیشانکردنی سەرە لە زمانی کوردییدا بە هەمان شێوەی زمانەکانی ترە ؟


٣ / گرنگیی سەرە چییەو چ ڕۆڵێکی لە وشەی لێکدراودا هەیە ؟

بۆ وەڵامی ( ١) دەڵێین : بۆ دەستنیشانکردنی سەرە لە هەر زمانێکدا ڕێگەیەک بەکاردێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییدا بە ئاسانی دەردەکەوێت، چوونکە سەرە هەمیشە دەکەوێتە لای ڕاست، چوونکە پەیڕەوی یاسای لای ڕاستدەکات لە زمانەکەدا، واتە ئەو کەرەستەی دەکەوێتە لای ڕاستی پێکهاتەکە ، دەبێتە سەرەی وشە لێکدراوەکە . واتە پەیڕەوی گریمانەی ( Y + X ) دەکات . ( Y ) کەتیگۆری تەواوکەر و، ( X ) کەتیگۆری سەرە دەنوێنن، بەو جۆرە سەرە لە وشەی لێکدراودا دیاری دەکرێت ، بڕوانە نموونەی ژمارە (١). ( ئەمین، ٢٠١٨، ٦٧٦ ).

١) (green house) ⟵ ( green + house )


بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەم نموونەیە بە هێڵکاریی نیشاندەدەین بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ٥).

هێڵکاریی (٥)




بەڵام لە زمانی کوردییدا دەگونجێت سەر سەرەتابێت لە هەندێک حاڵەتدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردییدا سەر کۆتایە، چوونکە زمانی کوردی پەیڕەوی یاسای سەر کۆتادەکات. بەڵام پێشبینیی ئەوەش دەکرێت، کە زمانی کوردییش بۆ مەبەستی بەلێکسیمبوون پەیڕەوی یاسای سەر سەرەتا بکات بڕوانە نموونەکانی <شۆخەژن، جوانەگا، تەڕەپیاز،... > لە هێڵکاریی ژمارە (٦) دا.

هێڵکاریی (٦)




## ٢ /٣-٢-١-٣ ) گریمانەی ( X+ Y) :

گریمــانەیەکە لە ســەر بنەمــای ســەری واتــایی خــۆی گەڵاڵە کــردووە و هەر لە ســەر ئەو بنەمایەش، (y )ەکان دیاریدەکات، کە پێی وایە (X) ئەو توخمەیە کە لەناو دروستەیەکدا باسی لێوەدەکرێت، واتە واتا و ڕوونکردنەوەکان هەرجۆرێک بن، هەر لە دەرەوەی سەرە واتاییەکە دەسوڕێنەوە، بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ٢ ).


٢ ) – باڵابەرز ، چاوشین ،

نموونەکانی (٢) بە پێی بنەمای ( Y+ X) و (X + Y ) ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ئەگەر بنەمای یەکەم بەکاربێنین، ئەوا ئاوەڵناوەکە ( Y)ەکانی دەستنیشانکردووە و لە گشتێتییەوە کردوونی بە تایبەتی، واتە باس و خواسی ناو ئەو وشەیە (شین و بەرز )ە، بە جۆرێک ( باڵا ) و ( چاو) خۆیان لە فەرهەنگدا هەن و گشتین و ( شین و بەرز) لە مۆرفۆلۆژییدا لێکیان جیادەکاتەوە و زانیارییەکی نوێیان لە مۆرفۆلۆژییدا پێدەدات بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٧ )، بەڵام ئەگەر پەیوەست بە (X + Y ) شیبکەینەوە، ئەوا وشەکانی ( ٢) هەرجۆرێک بن، هەر زانیارییەکی نوێشیان تێدابێت، هەر لە ( باڵا و چاو ) دەدوێن و سنوری واتایی ئەوانیان تێنەپەڕاندووە، بڕوانە هێڵکاری ژمارە ( ٨)، بەو ڕوونکردنەوانە دوو جۆر سەر دیاریدەکرێت یەکەمیان سەرێکی باس لێوەکراوە، دووهەمیان سەرێکی دەسەڵاتدارە، بۆ بنیاتنانی فۆڕمێکی نوێ.

هێڵکاری (٧)





هێڵکاری ( ٨)




پەیڕەوکردنی ئەم گریمانەیە لە زمانی کوردییدا بەرجەستە دەبێت بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزییەوە، کە تەنیا پەیڕەوی گریمانەی ( X + Y ) دەکات، چوونکە لە زۆر وشەی لێکدراوی زمانی کوردییدا ئەم یاسایە دەبینریت، چوونکە هەروەک پێشتر باسمان کرد لە زمانی کوردییدا دەگونجێت، (سەرە) بکەوێتە لای ڕاست، یان لای چەپ، کە لە زمانی ئینگلیزییدا بەم شێوەیە نییە. بڕوانە (ئەمین، ٢٠١٨، ٦٧٥ )، واتە وشەی لێکدراو دەگونجێت سەر سەرەتابێت، یان سەر کۆتابێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد لە پڕۆسەی لێکداندا وا لە خوارەوە بە هێڵکاریی پڕۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا ڕوندەکەینەوە : بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ٩).

هێڵکاریی ( ٩ )




بە پێی ئەم هێڵکارییە پڕۆسەی لێکدان لە زمانی کوردییدا پەیڕەوی هەردوو گریمانەی ( X + Y ) و ( Y + X ) دەکات، بۆیە پڕۆسەی لێکدان بە تایبەت بۆ وشەی لێکدراو لە زمانی کوردییدا لە زمانی ئینگلیزی جیاوازە. نموونە بۆ ( Y + X ) ( مارماسی ) ، بۆ ( X + Y ) ( پیاوکوژ )ە، ئەگەر بە هێڵکاریی ئەم دوو نموونەیە ڕوونبکەینەوە بەم شێوەیە دەیان خەینەڕوو، کە هەروەک پێشتر باسمان کردووە ( X ) کەتیگۆری سەرە دەنوێنێت و ( Y ) کەتیگۆری تەواوکەر دەنوێنێت.بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(١٠) لە (اوب) دا.

هێڵکاریی (١٠)




ئەگەر سەیر بکەین، لە نموونەی ( ا ) دا، پەیڕەوی یاسای ( X + Y ) کراوە، بەڵام لە نموونەی ( ب )دا، پەیڕەوی یاسای ( Y + X ) ی کراوە، کەواتە لە زمانی کوردییدا بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو بە هەردوو جۆری (سەر سەرەتا و سەر کۆتا ) بەرهەم دەهێنرێت، هەروەک ئەو دوو نموونەی سەرەوە کە باسمان کردن.

## ٢-٢-٣/٢ ) تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانە / هاوپایە :

پاش ئەوەی لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژییدا، بنەمای لێکدانمان لەو سنورەدا تاقیکردەوە، بنەمای ( Y+ X)  و ( Y + X)، لە فەرهەنگەوە بۆ ناو خودی لێکدراو، کرایە گریمانەی کارکردن، لێرەوە هەمان بنەما لە فەرهەنگەوە بۆ لێکدان و پاشان بۆ تەکخستن جێبەجێدەکرێت. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١١)، کە تەکخراوی هاوپایە و لێکدراوی ناهاوپایەمان نیشاندەدات.

هێڵکاریی (١١ )

لێکدان

لێکدراو ( نا هاوپایە ) | تەکخراو ( هاوپایە )

X + Y | (X + X )

Y + X

بە پێی هێڵکاریی ژمارە(١١)، ئەوەمان نیشاندەدات، کە لێکدراوی ناهاوپایە پێویستیی بە ( X و Y)یەکە، بەڵام تەکخراوی هاوپایە پێویستی بە دوو( X)ە، هەر لە بەر ئەوەشە ناونراوە تەکخراوی هاوپایە. " پێکەوە بەستن Conjoin : پێواژۆی پێکەوەبەستن/ لینککردنی دوو پێکهاتە، یان زیاترە، کە بەهۆی کۆنجەکشنی تەکخستن ( Coordination Conjunction )ەوە ڕوودەدات، بەمەرجێک هەردوو پێکهاتە خراوەتەکیەکەکە، هاوجۆربن" (سەعید، ٢٠٢٠، ١٤٢ ).

زۆر لە سەر لێکدان و تەکخراو لە سەرچاوە کوردییەکاندا بەشێوەی سەربەخۆ لە ڕووی پێکهاتەو کەرتەکانەوە نوسراوە ، "بەڵام دەکرێت چەمکی ئەم دوو زاراوەیە لە زماندا فراوان و گشتگیر بکرێت، چوونکە کردەکانی (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) لە هەڵکەوت و سروشتدا هەریەکن و بەسێ هەنگاودا دەڕۆن، هەڵبژاردنی کەرەستەی بەجێ و لێکدانی کەرەستە هەڵبژێراوەکان[ ڕیزکردن و ڕێکخستنیان بە پێی دەستور و یاسای زمانەکە ] و تێبینیکردنی ئەو گۆڕانانەی لە ئەنجامی ئەم لێکدان و یەکگرتنەدا دێنە کایەوە " (محمدامین، ٢٠٠٩ ، ٨٤ ).

لێکدراوی تەکخراو، وەک هەموو لێکدراوێکی تر، خاوەنی چەند خاسییەتێکە، کە لە وشەی سادەو داڕێژراو جیای دەکاتەوە. هەموو لێکدراوێک لە هەر جۆرێک بێت لە دوو وشەی سادە، یان زیاتر پێکهاتووە، "وشەکانی جێگۆڕکێ ناکەن و لە یەکتری دوور ناکەونەوە و فراوان ناکرێن و بەهەموو وشەکان تاکە هێزێکی سەرەکی وەردەگرن، کە لە کوردییدا لە سەر دوا بڕگەی بەهێزە لە ڕۆنانەکەدا" (فەتاح، ٢٠١٠، ٢٨٠ ).

" له تەکخراوی هاوپایەکاندا کەرتی یەکەم نابێتە دیارخەر بۆ کەرتی دووهەم بەواتایەکی ڕوونتر، پەیوەندیی نێوان دوو بنجەکە دیارخەر و دیارخراونییە، لە جیاتی ئەوە، هەردووکیان هەمان نرخ و بەهایان هەیە. نموونە بۆ تەکخراوی هاوپایە ( شاعیر–نوسەر، خۆشنووس– وێنەکێش، مەلا – شێخ، سوروسپی........ هتد )" (محمەد، ٢٠١٩، ١١٩ ).

لەبەرئەوەی لە تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەدا دروستەو بنەمای ( X + X) جێبەجێدەبێت، دەبێت دیوی فەرهەنگیی ئەو دروستەیە دەستنیشانبکرێت، چوونکە لە وەی پێشتردا لێکدراو دیوی مۆرفۆلۆژییانەی ( $X^0$ )ەکان بوو، بەڵام لەمەدا بوونە دوو ( $X^0$) دەمانخاتە بەردەم بنەمایەکی جیاواز.

بە پێی ئەو گریمانەیەی، کە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانیش لە هەرئاستێکدابن، پڕۆژەیەکی فەرهەنگیین، دەبێت تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەش، هاوشێوەی لێکدراوی مۆرفۆلۆژییانە بنەچەیەکی فەرهەنگییان هەبێت و بنەمای فەرهەنگ و پاش فەرهەنگ بن، کە لێکدان بوو لەم پارەشدا هەر جێبەجێبێت، دەبێت هەنگاوەکانی فەرهەنگ – لێکدان – تەکخستن تاقیبکرێتەوە، بڕوانە هاوکێشەی ژمارە ( ٤ ).

هاوکێشەی ژمارە ( ٤ )

| فەرهەنگ | لێکدان | مۆرفۆلۆژیی تەکخستن |
|---|---|---|
| $X^0$ | $[X^0] + X^0$ | $X^0$ |

قۆناغی لێکدان لە هاوکێشەکەی سەرەوەدا، کە بنەمای دروستبوونی تەکخستنی مۆرفۆلۆژییە، دوو ( X)ی وەک بنەمای پۆلەڕەگەزدیاریکردن و بارگەخستنی لێکدان پێشنیازکردووە، کە ئەمەش پەیوەست بە دروستەی سینتاکسیش و مۆرفۆلۆژیشەوە، دەبێت توخمی دەسەڵاتداریی داواکارو ( پریدیکات )، توخمی داوکراو و( ئارگومێنت ) هەبێت، هەرچەندە هۆکاری ناونانی ئەو دروستانە بە هاوپایە لە وەوە دێت، کە هەر دوو توخمەکە پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەوە هەمان پایەیی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشیان هەیە، ئەگەر لەگەڵ ئەم بۆ چوونەدا بڕۆین، هاوکێشەکە دروستەو تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانە بنەمایەکی فەرهەنگیی و بنەمایەکی لێکدانی نابێت. واتە خودی تەکخراوی مۆرفۆلۆژیی تەنیا هاوشێوەی فرێزی تەکخراوە، کە لە سینتاکسدا دروستدەبێت بڕوانە

(مەعـروف ،٢٠١٠ ، ٨١ -٨٢) دروسـتەی فرێـز، کە پێـی وایە فرێـزی تەکخسـتن لە سینتاکسـدا دروستدەبێت بنەچەی فەرهەنگیی نییە. ئەمیش دروستەیەکە لە ناو مۆرفۆلۆژییدا دروستدەبێت و ئەوکاتە هاوکێشەکە بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت. بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (٥).

هاوکێشەی ژمارە ( ٥ )

| مۆرفۆلۆژیی تەکخستن | فەرهەنگ |
|---|---|
| $X^0 = X^0 + X^0$ | $X^0$ ، $X^0$ |

نەبـوونی بـنەچەی فەرهەنگیـی ئەوە دەگەیەنێـت، کە هەم لێکـدراوێکی مۆرفۆلـۆژیی و هەم لێکدراوێکی سینتاکسیی لە هەمان لێکدانەوە بێت بڕوانە هاوکێشەی ژمارە ( ٥ )، بەوەش دەکەوینە ناو دوو بیرۆکەی جیاوازەوە، کە ئایا لێکدراوی تەکخراو بە لێکسیمبوویەکی مۆرفۆلۆژییانەیە، یان سینتاکسییانەیە؟ . ئەگەر پرۆسەکە بە لێکسیمبوونێکی ناو مۆرفۆلۆژیی بێت، ئەوە دەبێت توخمی پـرۆژە سـازدەری نـاو مۆرفۆلـۆژیی بـدۆزرێتەوە، ئەگەر وانەبێـت، ئەوا بەلێکسـیمبوونێکی سینتاکسییە و هەریەک لە نموونەو هێڵکارییەکەی خـوارەوە لە پێشـدا فرێزێکی تەکخـراو بـوون، ئینجا بوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆو. بڕوانە نموونەکان لە ژمارە( ٣ ) .

٣ ) – ( سـەروپێ، دەم وچـاو، هـێلکە وڕۆن، قـاچ وقـول، دەم ولـوت، کەڕولاڵ، قسـەوباس، گەنـم وجـۆ، دەنـگ وبـاس، ........ هتـد ). لە خـوارەوە نموونەکـانی (٣) بە هێڵکـاریی دەنـوێنین، بـڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٢).

هێڵکاریی ( ١٢ )

بەلێکسیمبوو

هێلکەوڕۆن

سەروپێ

دەموچاو

قاچوقول

دەنگوباس

گەنموجۆ

فریز

| | | |
|---|---|---|
| هێلکە | و | ڕۆن |
| سەر | و | پێ |
| دەم | و | چاو |
| قاچ | و | قول |
| دەنگ | و | باس |
| گەنم | و | جۆ |

بە پێی نموونەو هێڵکارییەکەی سەرەوە، ئەوە نیشاندەدات، کە پرۆژەی وشەی تەکخراو بەرهەم هاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی نییە، بەڵکو سینتاکسییەکی بەلێکسیمبووە، چوونکە نموونەکان لە سینتاکسدا ( بەفریزی ) دروستەیەکی ئازادیان هەیە، پاشان بەمەرجی بەلێکسیمبوون، کە مەرجێکی فۆنۆلۆژیی و واتاییە دەبنە لێکسیمێک، یان وشەیەکی سەربەخۆ، بەڵام لێکۆڵینەوەکە پێشنیازی ئەوەدەکات، کە مۆرفێمی / – و – /ە، پرۆژەسازدەری مۆرفۆلۆژیی بێت، " ئەوەی شایەنی تێبینییە لەم جۆرەی لێکدراوانەدا ئەوەیە، کە ڕەفتاری مۆرفێمی تەکخستن /–و–

/ڕەفتارێکی ئاسایی مۆرفیمی ( حروف العطف)ی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە، کە کەرەستەی وشەی لێکدراو و ئیدیەم زۆر جار واز لە هەندێک تایبەتمەندیی خۆیان دەهێنن و دەگۆڕێن، لە پێناو بەدەستهێنانی دانەیەکی ڕێزمانی نوێ" (فەتاح، ٢٠١٠، ٢٩٢ ).،ئەگەر پێشنیازی پرۆژەسازدەریی / – و– / بکەین، دەبێت ئەوە سەری وشەی تەکخراو بێت،" پرۆژەکە بە پێی بنەماکانی تیۆری ( X–bar ) پێویستیی بە هەبوونی سەرێکی ڕێزمانی پرۆژە سازدەرە، کە مۆرفیمی تەکخستن، دەبێتە سەری ڕێزمانی بۆ بونیاتنانی دروستەی ئەم جۆرە لێکدراوە " (سەعید، ٢٠٢٠، ١٤٣ ). بەوەش وشەی تەکخراو نابێتە پرۆسەیەکی دوو سەر. بشڕوانە ( Bistto and Scalise : 2005: 327 ).وەهەروەها بشڕوانە ( سەعید کەرەمی: ١٣٩٦/٢٠١٧ :١٨٥ ). " لێکدراوی تەکخروا ( جووتە وشە، یان لێکدراوی سەربەخۆ)، ئەو جۆرە لێکدراوەیە، کە بەزۆری بە مۆرفیمی /– و–/ تەکیەکدەخرێن، ئەو دوو وشە پێکهاتووە وشەکان جیگۆڕکێ ناکەن و لە یەکتر دوور ناکەونەوە و فراوان ناکرێن لە زمانی کوردییدا پەیوەندی واتایی نێوان کەرتەکان، یان هاوواتایە یان دژواتایە یان دووبارەیە، بە نموونە ( شۆخ وشەنگ، سەروپێ، ساردوگەرم، شەوڕۆژ، دەماودەم)" محمەدەمین، ٢٠٠٩، ٩١ ). بۆ واتاکە بڕوانە (بەشی سێهەم) پرۆژەی لێکدراوی تەکخراو، " خستنەتەکیەکی گشت ئەو وشانەن، کە لە هەمان کەتیگۆرییەوە هەڵگوێزراون" (مەعروف، ٢٠٠٩، ٦٧ ).

### ٣–٢–٣/٢ ) لێکدراوی داڕێژراو ( لێکڕژاو) Drevitional Compound :

لێرەوە بۆ ئەم پارەو پارەکەی پێشوتریش، پێشنیازی لێکدراوی داڕێژراو و داڕێژراوی لێکدراو/ لێکڕژاو دەکرێت بەجۆرێک لێکدراوی داڕێژراو لێکدانە لەناو داڕێژراودا، بەڵام داڕێژراوی لێکدراو داڕێژراوە لەناو لێکداندایە. واتا دەکرێت گریمانەی لێکدراوێک بکرێت، کە هەرچەندە توخمەکانی لێکدانیان تێدایە، واتە (X, Y)ن، بەڵام نەبوونەتە لیکدراو، بەڵکو لەناو پرۆسەی هەڵگواستنندا دەشکێنەوە، بڕوانە یاسای (٢)و پاری ( ٢/٤–١–١ ). بشڕوانە: (کەرەمی، ١٣٩٦ – ٢٠١٧ ، ١٨٦ )و ئەو نموونانەی لەوێدا دراون. پێشنیازەکە بۆ داڕێژراوە نائازادەکانیش بۆ ئەو دروستانەیە کە بە یاسای ($X^{-1}$+ Y) بەرهەمهاتوون، بەڵام بە شکانەوەیان لەناو پرۆسەیەکی لێکدراودا دەبنە لێکسیمێکی سەربەخۆو ئازادیی بەکارهێنانیان بۆ دەستەبەر دەبێت. بۆ تەکخستن ئەوەیە، کە زمانی کوردی مامەڵە لەگەڵ هەڵگوێزراوی نائازاددا دەکات، لەو ڕووەشەوە لە پاری (٣/٢–٢–٤–١) دا، لە دروستەی تەکخستندا، بە هۆی جێبەجێکردنی یاسایەکی لە جۆری: [ X + و] + $X^0$ ] ەوە، نواندنێکی دیکەی هەڵگوێزراوی نائازاد ڕوون دەبێتەوە.

٢) ا . $[X^{-1}]$ + [X +Y] بڕوانە نموونەکانی (٤_ا)

ب. [X] + $[X^{-1}$+ Y] بڕوانە نموونەکانی (٤_ب)

٤ ) ا. [کۆستY+ کەوتX]+ وو]= $X^0$ کۆستکەوتوو، بە هەمان یاساو لێکدانەوەوە، بڕوانە نموونەکانی: (باوکمردوو، دڵمردوو، ماسیگرە، دەستگرە، دەستڕۆیشتوو، ئەسپێکوژە،.... هتد).

ب. [بەردY+ ە $X^{-1}$]+ نوێژ X] = $X^0$ بەردەنوێژ، بە هەمان یاساو لێکدانەوەوە بڕوانە نموونەکانی: (کوڕەکورد، بەردەڕەش، کێوەڕەش، شاخەسوور،....هتد ).

## ٣/٢-٢-٤) دووهێندەیی تەکخراو لە مۆرفۆلۆژییدا-morphological-Co : ( ordinate- dubling)

هەروەک لە پارەکانی پێشوتردا، باس لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژییانەی/ ناهاوپایە و تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەی/ هاوپایەکراوە نموونەیان لە سەر هێنرایەوە، لەم پارەشدا باسمان لە سەر دووهێندەیی /دەبڵین لە مۆرفۆلۆژییدا دەبێت، کە ئەویش یەکێکە لە پڕۆسەکانی بەرهەمهێنانی وشە لە مۆرفۆلۆژییدا. کەواتە دەتوانیین بڵێین یەکێک لە پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی دووهێندەیی/دەبڵینە، مەبەست لەم پڕۆسەیە ئەوەیە، کە وشەکە بەتەواوی یان بەشێک لە وشەکە دووبارە دەبێتەوە، بەو پێیەشبێت دوو بارەبووەکە یان دوو هێندەکراوەکە سەربەهەمان پۆلەڕەگەز دەبێت بەوەش دروستەکەی ( X + X ) دەبێت، بۆیە پڕۆسەکە هەڵسوکەوتی وشەی تەکخراو دەکات، چوونکە مەرجی دروستەیی وەکیەکە و پڕۆسەکە دەبنە وەچەی یەکترو هاوشێوەی پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی تر، دەرکردەی مۆرفۆلۆژیی و واتایی تایبەت بەخۆیان دەبێت، ئەوەش مانای ئەوەیە، کە ئەمیش بە پڕۆسەی مۆرفۆلۆژیی هەژمار دەکرێت. بڕوانە (بەشی سێهەم بۆ دەرکردە واتاییەکەی ئەم جۆرە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە ). کەواتە دروستەی دووهێندەیی لە سەر بنەمای هاوپایەی هەمان جۆری پۆلەڕەگەزییە، نەک تەنها هەمان پۆلەڕەگەزی بونیات بنرێت، واتە ئەگەر وشەی تەکخراوی هەمان پۆلەڕەگەز لە دروستەکەدا دووبارە ببێتەوە بە بێ ئەوەی هەمان نیشانەیان هەبێت واتە هاوئاماژە نەبن ( non corefrence )، ئەوە لە تەکخراوی دووهێندەییدا وشە تەکخراوەکان هاوئاماژەن. ( Corefrence ). بڕوانە یاساکانیان لە ( ٣ ) دا .

یاسای ژماره ( ٣ )

| ب. تەکخراوی دووهێندەیی | | ٣)- ا. تەکخراو | |
|---|---|---|---|
| X + | X | X + | X |
| هەمان پۆلەڕەگەز | هەمان پۆلەڕەگەز | هەمان پۆلەڕەگەز | هەمان پۆلەڕەگەز |
| ( X ) هاوئاماژەن(corefrence ). | | ( X ) هاوئاماژەنین(non corefrency) | |

هەرچەندە دروستەی تەکخراوی دووهێندەیی، وەک پڕۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانە، ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام دەکرێت پڕۆسەکە لە ڕوانگەی چەسپاویی و دەرکردەیی واتاییەوە بە مۆرفۆلۆژیی بناسێنرێت، ئەویش بەو پێیەی، مۆرفۆلۆژیی لە فۆڕم و واتای نوێ دەکۆڵێتەوە، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە، دەبێت پڕۆسەی بەلێکسیمبوونی، واتە بەوشە بوونی تەکخراوی دووهێندەیی شیبکرێتەوە، چوونکە وەک لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، دروستەیەکی مۆرفۆلۆژییش لە ئەگەری بەلێکسیمبوون و بەلێکسیمنەبووندایە، چوونکە ئەگەری هەیە، دروستەیەکی مۆرفۆلۆژییش نواندنێکی ئازادانەو تاک لایەنانەی هەبێت بڕوانە(مەعروف : ٢٠٢٠ : ١٦٦ ). کە مەبەست لێی هەمان دروستەی دووهێندەییە دیویکی ئازاد و نائازاد و دیوێکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشی هەبێت.


## ٣/٢-٢-٤-١) دووهێندەیی تەکخراوی نائازاد :

ئەم جۆرەیان لە دوو ڕوانگەوە لە دروستەکەی دەڕوانرێت، کە هەرچەندە هەمان یاساو بنەمای دووهێندەیی هەیە، بەڵام بەتەنها بەکارنایەت/ ئازادنییە، بەڵکو دەکەوێتە ناو دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی ترەوە، تا بە کۆی پڕۆسەکە، ببیتە پڕۆسەیەکی تری مۆرفۆلۆژیی / واتە پڕۆسەیەک لەناو پڕۆسەیەکی تردا دەشکێتەوە، بەوەش دەرکردەکەی دەبێتە دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئازاد، واتە دووهێندەییەکە نائازادەو دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەیکاتە لێکسیمی سەربەخۆ، بڕوانە یاساو هێڵکارییەکەی لە ( ٤ ) و ( ١٣ )دا، لەگەڵ جێبەجێکردنەکەی لە ( ٥ ) دا.

٤)- یاساکە : دووهێندەیی (doubling) + پاشگر( Suffix ) = ناو

هێڵكاریی ( ١٣)

خاڵخاڵۆکە، حەتحەتۆکە، قومقومۆکە، جاڵجاڵۆکە، خڕخڕە، $X^0$
مژمژە، خش خشە.




| | | | |
|---|---|---|---|
| خاڵ | خاڵ | + | ۆكە |
| حەت | حەت | + | ۆكە |
| قوم | قوم | + | ۆكە |
| جاڵ | جاڵ | + | ۆكە |
| مژ | مژ | + | ە |
| خڕ | خڕ | + | ە |
| خش | خش | + | ە |
| چک | چک | + | ە |

( باخەوان، ١٩٩٨، ٦٦ ).

٥) . ( خاڵخاڵۆکە، حەتحەتۆکە، قومقومۆکە، جاڵجاڵۆکە، مژمژە، خڕخڕە، خش خشە، .......هتد) .

بە پێی دروستەو یاساو نموونەکان دەرکردەی ئەو نواندنە بەرھەمھێنانی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژییەو دروستەکە بەرھەمی مۆرفیمێکی داڕشتنە، بەوەش دەرکردەکە دەبێت بە لێکڕژاو، بەوەشدا، کە دووھێندەییەکە بۆتە بناغەی فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژیی بۆیە بە تەکخراوی دووھێندەیی


نائازاد هەژمار دەکرێت و لە ناو مۆرفۆلۆژییدا ناو دەنرێت و پۆلێن دەکرێت. بناغەکە لە ڕێگای مۆرفیمێکی داڕشتنەوە دەکرێتە لێکسیم، وەک لە هێڵکاریی و نموونەکانی سەرەوەدا ئەوە ڕوونکرایەوە.

### ٣/٢-٢-٤-٢) دووهێندەیی تەکخراوی ئازاد :

ئەگەرچی ئەم جۆرەشیان پێڕەوی هەمان یاسای جۆرە نائازادەکە دەکات، بەڵام ئەم بەتەنها وەک پڕۆسەیەکی بەلێکسیمبوو بە هەردوو مەرجی فۆنۆلۆژیی و واتایی دەبێتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، یاساکەی ئەمیش ( X + X ) بە دوو توخمی هاوپۆلەڕەگەزی هاوئاماژەیش، لەبەرئەوەی دروستەی ئەم جۆرەیان بە تەنهایەو لەناو پڕۆسەیەکی تری مۆرفۆلۆژییدا نەشکاوەتەوە ستریسەکەی ( Strees ) هاوشێوەی هەموو وشەیەکی تری بەلێکسیمبووی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی لە کۆتاییدایە، بەوەش مەرجی فۆنۆلۆژیی جێبەجێ دەکات و ئازادی خۆی هەیە و لە ڕووی واتاییشەوە دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکەی واتایەکی ناو مۆرفۆلۆژیی دەبێت بۆ واتاکەی ( بڕوانە بەشی سێهەم ). ئەگەر سەرنجی نموونەو دروستەکانی خوارەوە بدرێت ئەوە دەردەکەوێت، کە : ( ا) دروستەکە هاوشێوەی وشەی تەکخراوە پڕۆسەیەکی داڕشتن لەناو پڕۆسە دووهێندەیەکەدا شکاوەتەوە. ( ب ) دەرکردەی واتایی پڕۆسەکە جگە لە بەرهەمهێنانی واتای چۆنێتیی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو بەرهەمدێنێت ( پەیوەست بەدەرکەردەی واتای ئەمانەشەوە بڕوانە بەشی سێهەم ). بڕوانە یاسای ژمارە ( ٥) و جێبەجێکردنەی لە نموونەکانی (٦ ) دا.

یاسای ژمارە(٥)

٥)- دووهێندەیی ⟵ وشەی مۆرفۆلۆژیی . بڕوانە نموونەکانی لە ( ٦ ) دا.




| | |
|---|---|
| پشتاو | پشت |
| دەماو | دەم |
| گەرماو | گەرم |
| سەران | سەر |
| دەستاو | دەست |
| شاخەو | شاخ |
|ماڵەو | ماڵ |

٦)- ( پشتاوپشت، دەماودەم، گەرماوگەرم، سەرانسەر، دەستاودەست، شاخەوشاخ، ماڵەوماڵ، ........ هتد ) .

نموونەکانی سەرەوە بە پێی یاسای ژمارە (٦) بەرهەمهاتوون، کە لە خوارەوە دەخرێنە ڕوو، لە (٧)دا دەنوێنرێن.

یاسای ژمارە ( ٦ ).

٦)- یا سا $[ X^{-1} + Y ]^{y}$ + X


٧)- ا . [ پشت + او ] + پشت .

ب . [ گەرم + او ] + گەرم .

نموونەو یاساکەی سەرەوە ئەوە دەردەخات، کە بە پێی پەیوەندیی هەرەمی دروستەکە لەم جۆرەی دووهێندەییدا، هاوشێوەی وشەی تەکخراو، دروستەیەکی، یان پرۆسەیەکی دارشتن لە ناو دروستەکەدا دەشکێتەوە، بەوەش دروستەکە بە هاوپایەیی نامێنێتەوە، ڕاستە توخمی دووهێندەیی هاوئاماژەن وە لە سەر بنەمای هاوئاماژەییش، دەبنە دووهێندەیی، بەڵام ناهاوپایەیەکی دوو دروستەیی بەرهەمدێت، چوونکە ناوبەندەکە، ( $X^{-1}$ ) یەکە و دارشتنە ناوەکییەکەی بەرهەمهێناوە، تا ببێت بە دارشتنێکی نائازاد و پێویست بە هاتنی دروستەی توخمی دووهەم بکات، بڕوانە نموونەو یاسا و هێڵکاریی تەکخستن لە پاری ( ٢-٢-٣/٢) دا، بەراوردی بکە، لەگەڵ نموونە و یاسا و هێڵکارییەکەی خوارەوەدا.

بە پێی یاساکە دروستەی دووهێندەیی، پرۆسەیەکی لە ناویەک شکاوەیەو بە لێکدان و بە دارێژراو بەرهەمدێت، جیاوازییەکەی، لەگەڵ تەکخستندا، لە پرۆسەدانییە، و بەڵکو لە توخمە بەرهەمهێنەرەکەیدایە، کە ناو بەندە ( Interfix )ە .بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٤ ).

هێڵکاریی ( ١٤ )



٣/٢-٢-٤-٣) تەکخراوی دووهێندەیی سینتاکسیی :

پاشئەوەی لە پاری پێشوودا، دووهێندەیی کردن، وەکو ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژیی لە زماندا باسی لێوەکرا، کە ڕەنگە جگە لەئەڵتەرناتیڤێکیی مۆرفۆلۆژییانە، پەیوەستیش بێت بەمۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشەوە، کە بەو شێوەیەی ( Zoll ) ئاماژەی پێداوە، "واتا دووهێندەیی کردن بۆ دروستکردنی یەک واتاییە، یەک واتاییش بەواتای ئەوەی فۆرمێک بکرێت بەدووان بۆ ئەوەی یەک واتایی پێ بگەیەنرێت "بڕوانە:( محەمەد : ٢٠١٦ : ٤٣ )و https://www.researchgate.net/publication/256805999_Reduplication_Doubling_in_Morphology_Sharon_Inkelas_Cheryl_Zoll_Cambridge_University_Press_Cambridge_2005 .

( بۆ واتاکەی بڕوانە بەشی سێهەم ).

ئەم چەشنەی دووهێندەیی بە دروستە و بنەمای دووهێندەکردن لە پرۆسەیەکی ناوخۆیی/ هاوسێییدا پەیوەستە ، کە مەبەست لێی، دانانی دوو توخمە لە هەمان دەورووبەردا، بەمەش هەر دەچنەوە سەر دووهێندەیی مۆرفۆلۆژییانە –morphological dubling، کە پێشبینی دەکرێت جیاوازییەکەی، جگە لە فۆنۆلۆژیی و واتا، پەیوەست بێت بە دەقی مۆرفۆلۆژیی و دەقی سینتاکسییەوە، چوونکە هەردووکیان ناوخۆییەکە/ هاوسێییەکەیان لەو دوو دەقەدا جیادەبێتەوە، ئەگەر لە ڕوانگەی یاساو دروستەکانیان لێیان بڕوانین، دەبینین، کە توخمەکانیان هەمان پۆلەڕەگەزو هەمان هاوئاماژەیین، بەڵام لە ڕوانگەی فۆنۆلۆژییەکانیان ئەوە دەگرێتەوە، کە ئایا چوونەتە سنوری بەلێکسیمبوونەوە، واتە مەرجی فۆنۆلۆژیی بەوشە بوونی جێبەجێکردووە، یان سترێسێکی ئازادانەیە. پەیوەست بە واتایشەوە، ئەگەرچی لە بەشی سێهەمدا ڕووندەکرێتەوە، بەڵام واتاکەی، دەربڕی چۆنێتییەکی بە پۆلەڕەگەزنەبووە ( نەبووە بەناو، یان ئاوەڵناو )، بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا، خودی دووبارەکردنەوە بۆ گەیاندنی نیشانەی چۆنێتیی دەبێت، ئەویش بۆ جێگرتنەوەی فۆرمدارِشتنە، بۆ نیشانەی [ + چۆنێتیی ]، بڕوانە نموونەکان لە ( ٨ ) دا.


٨)- ( پۆل پۆل، دەستە دەستە، خوێندکار خوێندکار، جوان جوان، کوڕ کوڕ، دوو دوو، کەم کەم، ....... هتد ).[١] بە پێی نموونەکانی سەرەوە، دروستەکە بۆ پڕکردنەوەی کەرەستەکان لە بەردەم ئاخێوەری زمانی کوردییدا ئازادانەیە، بە مەرجێک لە سینتاکسدا ئاخێوەر بتوانێت بێ کۆتایی لەودروستەیە، لەو جۆرە دووهێندەییانە بەرهەم بێنێت، ئەوەش بەڵگەیە بۆ (١) بە سینتاکسی بوونی پرۆسەکە، واتە پرۆسەکە لە سینتاکسدا ڕوودەدات و پرۆسەیەکی سینتاکسییە (٢) بە فرێزبوونی،

١- نموونەکان زۆربەیان لە کتێبی وشە ڕۆنان لە زمانی کوردییدا هی ( ئەورەحمانی حاجی مارف ) وەرگیراون.

بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت، ئەم دووهێندەییە، کە بەبێ (یاریدە)یە، بەسترێس ( Strees ) دووهێندەییەکە بەرهەمهاتبێت. [١] لە نموونەکانی ژمارە (٨ ) دا بەبێ ( یاریدە) بوون، کە وەک ئاماژەی پێدرا، سترێس ڕۆڵی لە تەکخستنەکەدا هەیە[٣] بەڵام ئەگەر بڕوانرێتە نموونەکانی ژمارە ( ٩)ی خوارەوە، ئەوە دەردەکەوێت، کە لە دووهێندەییە سینتاکسییەکەشدا تەرزی/ مۆدێلی ناهاوپایەی دروستەیی، پێشبینی لێکراون، ئەویش لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی نائازاد لە ناو دروستەکەدا شکاوەتەوە، کە لەبەرئەوەی دووهێندەییەکە سینتاکسییە پێشبینی دەکرێت، فرێزێکی پێشناوی ( $P^-$ ) لە ناو دروستەکەدا هەبێت .

٩)- ( سەر بەسەر، شار بەشار، دێ بەدێ، کۆڵان بەکۆڵان، گەڕەک بەگەڕەک، وڵات بەوڵات، دانە بەدانە، ماڵ بەماڵ، مووبەموو، چۆک بەچۆک،بست بە بست، .....). بەڵام لەبەرئەوەی لە نموونەکانەوە، ئەوە دەردەکەوێت و پێشنیازی ئەوەکرا، کە ناوبەندەکە لە چەشنی پێشناوبێت بۆیە دروستەکەی بەو جۆرە دەبێت، کە پێشناوەکە، لەگەڵ کەرتی دووهەمی دروستەکەدا بێت، بەوەش هێڵکارییەکە بەوجۆرەی خوارەوەی لێدێت، بڕوانە هێڵکاریی و یاسای ژمارە( ١٥) و ( ٧ ).

هێڵکاریی (١٥)




---

٢-لەو ڕوانگەیەوە خستەنەپاڵی فرێز لە ئەکسێنتی گەرمیاندا فۆنۆلۆژییانەیە بڕوانە نموونەکانی ( ماڵ مامم، ماڵ دایکم ).


٣-سترێس ( stress)ی سەرەکی لە نموونەکانی (٨)دا دەکەوێتە سەرکەرتی دووهەمی دووهێندەییەکە و لە سەر بڕگەی کۆتایی کەرتی دووهەم دەبێت، وەکو( خوێندکار خوێندکار).

٧)-   $^{y}[Y + P] + X$          بڕوانە نموونەکانی سەرەوەو جێبەجێکردنەکەی لە خوارەوە.

کۆڵان + [ بە + کۆڵان ] .

بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، ئەو نموونانەی لە ( ٨ )دا ئاماژەمان پێدان، بە هێڵکاریی دەیانخەینەڕوو، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ١٦)ە ( ا و ب ) ی .

هێڵکاریی( ١٦)




دووهێندەیی لەم جۆرەیاندا، لەبەرئەوەی سینتاکسییە، بەرهەمهێنەری جۆرێک لە فرێزی نائازادە لە بەکارهێناندا، کە بۆ جێکەوتەی ئاوەلکرداری ئامادە دەکرێت. جگە لە وەی، کە لە پاری پێشوودا ئاماژەمان پێدا، کە بەهۆی تەرز/ مۆدێلی مۆرفۆلۆژییەوە، کە ڕێگایەکی دووهێندەکردنی ناوخۆیی/هاوسێیی بوو بۆ بەرهەمهێنانی وشەو گەیاندنی واتای چۆنێتیی، " بە هۆی سینتاکسیشەوە بە هەمان تەرزی پێشووتر بەرهەمدەهێنرێت، واتە ئەم ڕێگایەش هەر بۆگەیاندنی واتایی چۆنێتییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئازادانەیە، بەرهەمدارترەو فۆڕمی زۆرتری پەیوەست بە

چۆنێتییەوە لێدروستدەکرێت[٤]، ئەوەش بەشێوەیەکی گشتی بۆ دروستکردنی فرێزە، کە جێکەوتەی ئاوەڵکردارئاساکان پەیوەست بە چۆنێتییەوە دەیسەپێنێت، چوونکە لە زمانی کوردییدا ئاوەڵکرداری چۆنێتییمان نییە، بۆیە هاوشێوەی ئەو فۆرمانەی، کە بەئاوەڵناو دارِێژراون، چۆنێتیی دەگەیەنن، دەبێت بۆ هەمان ئەوجێکەوتەی، کە ئاوەڵکردارییە، ئازادانە فۆرم دابرِێژرێت، کە پێشبینی دەکرێت، لە لایەن ئاخێوەری زمانەوە زۆرترین کەرەستەی بکەوێتە بەردەست،" (محەمەد، ٢٠١٦، ٤٥ ). بروانە نموونەکانی ژمارە ( ١٠) ە .

١٠)- ا. * کورِەکان پۆل چوون بۆ سەیران.

ب. کورِەکان پۆل پۆل چوون بۆ سەیران.

ت. * ئەوان خوێندکار چوون بۆ پۆلەکە.

پ. ئەوان خوێندکار خوێندکار چوون بۆ پۆلەکە.

ج. نەسرین جوان ماڵەکەی پاککردەوە.

ج. نەسرین جوان جوان ماڵەکەی پاککر

ئەونموونانەی لە (١٠)دا ئاماژەیان پێدرا، ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە، کە سینتاکسیش ڕێگایەکە بۆ پرکردنەوەی جێکەوتەی ئاوەڵکردارو گەیاندنی واتای چۆنێتیی، لە ڕێگەی پرۆسەی دووهێندەییەوە، لە نموونەی (١٠-ا )دا، وشەی /پۆل/ هاتووە، بەتەنها نەیتوانییوە جیکەوتە کە جێکەوتەی ئاوەڵکردارە، پربکاتەوە و واتای چۆنێتیی بگەیەنێت، چوونکە بەتەنها هەڵگری نیشانەی واتایی چۆنێتیی نییە، بۆیە ڕێگاپێنەدراوە، بەڵام لە ڕستەی (١٠-ب )دا، دەربرِاویی / پۆل پۆل / دووهێندەکراوەو جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتیی گرتووەو بووە بە ئاوەڵکردار ئاساو ڕادەی دەسنیشانکردووە، چوونکە بەهۆی دووهێندەییکردنەوە توانی ببێتە هەڵگری نیشانەی [ + چۆنێتیی]، بە هەمان شێوەی نموونەکانی (١٠-اوب)، نموونەکانی (١٠-ت وپ)یش، بەهۆی دووهێندەکردنەوە توانیویانە ببنە هەڵگری نیشانە [ + چۆنێتیی] و جێکەوتەی ئاوەڵکردار پربکەنەوە. " جگە لەو فۆرمانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، کە دووبارەکردنەوەی ناوێک بەبێ یاریدە بوو، بەیاریدەش وەک / پۆلاوپۆل، کورِاوکورِ، سەرانسەر، ماڵ بەماڵ، دێ بە دێ،

٤-دەکرێت هەمان شت لە شێوەزارێکی وەکو هەورامیدا بە دووبارەکردنەوەی سینتاکسیی بۆ گەیاندنی واتایەکی ڕێزمانی دابنرێت، کە لەناو شێوە زارەکەدا بەکاردەهێنرێت، وەکو: ( ملای ملو)، کە بۆ نزیک بوونەوە بەکاردێت

شارەوشار، ......./ جگە لە وەی لەناوییان دەخات، نیشانەی چۆنیەتییش بەدروستەکە دەدات و فۆرمێکی لێکدراو بۆ ئاوەڵکرداری چۆنێتیی دروستدەکات. وەک لە( ١١)دا دەردەکەوێت، بە هۆی هەبوونی ئەو نیشانەیەوە، فۆرمە لێکدراوەکە دەتوانێت لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتیدا دەربکەوێت، بڕوانە پێچەوانە ڕێگاپێنەدراوەکەی لە (١٢)دا. هەندێک جاریش لە ڕێی دووبارەکردنەوەی ئاوەڵناوەکانەوە، وەک / ورد ورد، جوان جوان، خێرا خێرا/، نیشانەی زیاتر بە ئاوەڵناوە چۆنێتییەکان دەدرێت و بە واتاو ناوەڕۆکی نوێوە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری چۆنێتی پڕدەکەنەوە" (مەعروف، ٢٠٢٠ ، ٢٢٠ ). بڕوانە نموونەکان لە ( ١٣)دا.

١١) ا. منداڵەکان دوودوو چوونە باخچەکەوە.

ب. کوڕەکان پۆل پۆل هاتنە ژوورەوە.

پ. بەڕێوەبەرەکە ژووراو ژوور دەگەڕا.

ت. خێرەکە ماڵەوماڵ دابەشیانکرد.

١٢) ا.* منداڵەکان دوو چوونە باخچەکەوە.

ب.* کوڕەکان پۆل هاتنە ژوورەوە.

پ.* بەڕێوەبەرەکە ژوور دەگەڕا.

ت.* خێرەکە ماڵ دابەشکرا .

١٣) ا. سەیران ورد ورد دەڕۆیشت.

ب. تریفە جوان جوان ماڵەکەی پاککردەوە


## ٤/٢ ) بەلێکسیمبوون لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا :

### ٤/٢–١ ) بەلێکسیمبون لە مۆرفۆلۆژییدا :


بەلێکسیمبوون پرۆسەیەکی بە فەرهەنگبوونی کردەیەکی ڕێزمانییە، واتە لە ئەنجامی گەڕانەوەی نواندنێکی بەڕێزمانبووە ( Grammaticalization ). لەناو پرۆسەی بەڕێزمانبووندا مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس پشک و کاریگەرییان هەیە، بەجۆرێک مۆرفۆلۆژیی لە ڕێگای

پرۆسەکانی خۆیەوە، واتە بە تەرزی مۆرفۆلۆژیی توخمێکی فەرهەنگیی بۆ بەرهەمهێنانی دروستبوویەکی مۆرفۆلۆژییانە دەکات بەرێزمان، کە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە لێکدان( Compounding ) ئاماژەمان پێداوە، چوونکە لێکدان پرۆسەیەکی بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام لە ئەگەری سەربەخۆبوون و بەلێکسیمبووندایە، چوونکە ئەگەرچیی لە سەرێکەوە توخمەکانی لێکدراوییان تێدایە، بەڵام وەک لە پاری (٢/٢ ) دا ئاماژەی پێدرا بە مەرج دەبن بە لێکسیمی سەربەخۆ، لە وەوە هاوکێشەی دروستبوونی بەلێکسیمبوویی مۆرفۆلۆژییانە, لە فەرهەنگەوە بۆ لێکدان و دواتر بۆ لێکدراو. بڕوانە نواندنی بیرۆکەکە لە هاوکێشەکانی ژمارە ( ٦ و ٧ ) .

هاوکێشەی ژمارە (٦)





هاوکێشەی ژمارە (٧)




یاساو هاوکێشەکەی ژمارە ( ٦و٧ )، ئەوە دەردەخات، کە ئاستی نواندنی لێکدان لە مۆرفۆلۆژییدا جێبەجێکردنی پرۆسەکەیە، بە پێی توخمێکی بەرهەمهێنەر کە ( ئاوەڵناو و ناو و

کردار )ن، لەناو فەرهەنگدا ئاستی نواندنی ($X^0$) ەکە، یان تەنها کردارێکە، یان تەنها ناوێکە، یان تەنها ئاوەڵناوێکە، چوونکە لە فەرهەنگدا شوێنی یەک لێکسیمەکانە، بەڵام لەبەرئەوەی فەرهەنگییەو مەرجی فەرهەنگیی جێبەجێکردووە، خۆی لێکسیمە و وەک توخمێکی بەرهەمهێنەر دەچێتە ناو مۆرفۆلۆژییەوە، مەرجە بەلێکسیمبووە فەرهەنگییەکەی، جگە لە سادەیی، واتە یەک لێکسیمی، واتا و فۆنۆلۆژییە، بەڵام کە توخمە بەرهەمهێنەرەکەی، بۆ لێکدان دەچێتە مۆرفۆلۆژییەوە زانیارییەکان پەیوەست بە دروستەوە، بۆ هەژموونی بەرهەمهێنانی توخمەکەو بارگەخستن دەبێت بە ( Y و X ). کەواتە مەرجی بە مۆرفۆلۆژییبوون، پەیوەست بە لێکدانەوە، دروستەیە، کە مەبەست لێی پرۆسەیەکی پێش لێکدراوییە / واتە لێکدانە، بەمەش قۆناغی بەلێکسیمبوونی پرۆسەی لێکدانەکە هەمان ئەو مەرجەی دەبێت، کە لە توخمە بەرهەمهاتووەکەدا هەیە، بەڵام لێکدراوەکە ( X )ێکی ناسادەیە، بەڵام توخمە فەرهەنگییەکە ( X )ێکی سادەیە، بەڵام پەیوەست بە مەرجەکانی، دەبێت ئەوە بگوترێت، کە : ( ا ) فۆنۆلۆژیی بەلێکسیمبوو، مۆرفۆلۆژییەکە/ لێکدراوەکە پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی ناکەرتی هەمان فۆنۆلۆژیی ( X )ە فەرهەنگییەکەی هەیە، ( NIGEL FABB (82-78:....) ). ( ب ) بەڵام لە ڕووی واتاوە، واتایەکی نوێی هەیە و لێکدراوەکە ئەو واتایەی دروستکردووە، چوونکە نابێت لە ڕووی واتاوە فۆڕمە نوێیەکە نە لەناو مۆرفۆلۆژییدا، نە توخمە فەرهەنگییەکە بلۆک بکات، کەواتە بازنەیی واتایی ڕێگا پێنەدراوە، بەڵام بازنەی فۆنۆلۆژیی ڕێگا پێدراوە. بڕوانە هاوکێشەی ژمارە( ٨ ).

هاوکێشەی ژمارە ( ٨ )



بە پێی هاوکێشەکە، دەبێت ڕوونکردنەوە لە سەر ئەوە بدرێت، کە لێکدانەکە، کە ئاستی نواندنی ( $X^{+1}$ )ی هەیە، دروستەی فۆنۆلۆژیی تایبەت بەخۆشی هەبێت، کە وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی ناکەرتییەوە، هێز لە سەر توخمە بەرهەمهێنەرەکەیە، یان لە سەر کەرتی یەکەمە، تا پریدیکاتی نوێ بەرهەم بهێنێت، بەوەش ئەگەرەکە ئەوەیە، کە توخمێک لە فەرهەنگدا ( ناو ) بێت، بەڵام بەسترێس ( stress ) لە لێکداندا بکرێت، بە ئاوەڵناو بڕوانە نموونەی ژمارە (١٤) ە.

١٤)- مار ( $N^0$ ) ⟵ مارِ ماسی ( $X^{+1}$ ) ⟵ مارماسی ( $N^0$ ).

↓

ئاوەڵناو

پەیوەست بە لێکدانەکەی ناو مۆرفۆلۆژیی هاوکێشەکەی ژمارە (١٤)ەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە ، کە سترێس ( stress ) لە لێکداندا، هەمیشە لە سەر کەرتی یەکەمی دروستەکەیە، بەوەش لێکدانەکە پۆلەڕەگەز دیاریکردنێکی پاش فەرهەنگیی ( Post–Lexical )و پێش لێکدراوییەو پێشبینی دەکرێت، کە لێکدراوی لە جۆری ( Y و X )، یەک پێشخانی دروستەیی هەبێت، واتە ( Y و X ) بەرهەمی ئاوەڵناو و کردار بێت. بڕوانە پۆلەڕەگەز دیاریکردنەکەو داڕشتنەوەی هاوکێشەکە بە پێی ئەم گریمانە نوێیە. هاوکێشەی ژمارە ( ٩ ).

هاوکێشەی ژمارە (٩)

٩) ا- $[\ N\ ] + A^0$ .

ب- $[\ N\ ] + V^0$ .

$V^0 / A^0\ /\ N^0$ ⟵ $X^{+1}$ [ $[N\ ] + V^0 / A^0$ ] ⟵ $X^0$ ( $A^0$ , $N^0$ ).


↓

+ پارامیتەر


– پارامیتەر

بڕوانە نموونەی ژمارە (١٥)ە.

١٥) ا–




١٥) ب–




## ٤/٢–١–١ ) بەلێکسیمبوونی مۆرفۆلۆژییانە بەپڕۆسە :

ئەم جۆرە بەلێکسیمبوونە، لە ئەنجامی پڕۆسەی مۆرفۆلۆژییەوە ڕوودەدات، پڕۆسە مەبەست لێی هەڵگواستن( داڕشتن ) و )لێکدران)ن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەتەنها واتاو فۆنۆلۆژیی لێکدانێک دەکەن بە لێکدراو. بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بە تێکەڵکردنی دوو پڕۆسە، بەرهەمهێنانەکە بەدەستدەهێنێت بەجۆرێک کە مۆرفێمێکی هەڵگواستن، یان داڕشتن لێکدانەکە دەکات بەلێکدراو. بڕوانە یاساو هاوکێشەی ژمارە (١٠)ە.

١٠ ). $X^0 = X^{-1} + [ X^{+1} ]$

ئەوەی( $X^{+1}$ )، کە لە یاسای سەرەوەدا ئاماژەی پێدراوە، دروستەیەکی لێکدانی نائازادە، کە دەتوانین بڵێین، فۆرمی لێکدراوێکی ئازادی هەیە، چوونکە دروستەو پارامێتەرەکەی تێدا جێبەجێبووە، کە ئەویش ئەوەیە: (ا) دروستەکە، وەک لێکدراوێکی تر (X , Y)یەکە، (ب)ئاوەڵناو و کردارەکە، چوونەتە کۆتایی دروستەکەوە، بەڵام نەبوون بەلێکسیمی سەربەخۆ، واتە ئەوانە بناغەی نائازادن. بە پێی یاساکە بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ١٦ا.

١٦ )-

$X^0 = X^{-1} + \left[ X^{+1} \right]$

| | |
|---|---|
| $X^{+1}$ | گوڵاڵەسوور<br>قۆخ هەنجیر<br>نان خوارد<br>یاری کرد<br>شەرمکرد |
| $X^{+1}$ | سەرخۆشبوو<br>پێشخست<br>تۆبەکرد |

$X^0 = X^{-1} + \left[ \ \right]$

مەشکەدڕ
دۆشاومژ
ئەسپێ کوژ
سەرشک
زگسووت
دڵسووت
دەستگیر
ورگدڕ


ئەگەر سەیری نموونەکانی ژمارە (١٦)ە بکەین، دەبینین دروستەکان لێکدانی نائازادن، چوونکە بەم شێوەیە ڕێگا پێنەدراون، هەرچەندە دەتوانین بڵێین، فۆرمی لێکدراوێکی ئازادیان هەیە، چوونکە پارامێتەرەکەیان تێدا جێبەجێکراون، بەڵام نەبوون بەلێکسیمی سەربەخۆ، واتە ئەوانە بناغەی نائازادن، کە بەهۆی مۆرفیمێکی هەڵگواستن، یان ( داڕشتن )، دەتوانن ببن بە فۆرمێکی ئازاد. بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١٠)ە، بڕوانە نموونەکانی ژمارە (١٧ ) ە.

(١٧ –

| $X^{+1}$ | + | $X^{-1}$ | = | $X^{0}$ |
|---|---|---|---|---|
| گوڵاڵە سوور | + | ە | = | گوڵاڵەسوورە. |
| مەشکە دڕ | + | ە | = | مەشکە دڕە. |
| دۆڵە ڕەق | + | ە | = | دۆڵەڕەقە . |
| دۆشاو مژ | + | ە | = | دۆشاومژە . |
| مریشکەسوور | + | ە | = | مریشکەسوورە . |
| مریشکە ڕەش | + | ە | = | مریشکەڕەشە . |
| ئەسپێ کوژ | + | ە | = | ئەسپێکوژە . |
| قۆخ هەنجیر | + | ی | = | قۆخهەنجیری. |
| نان خوارد | + | ن | = | نانخواردن . |
| یاری کرد | + | ن | = | یاریکردن . |
| شەرم کرد | + | ن | = | شەرمکردن . |
| تۆبە کرد | + | ن | = | تۆبەکردن . |
| سەر شک | + | او | = | سەرشکاو . |
| زگ سووت | + | ا و | = | زگسووتاو . |
| دڵ سووت | + | ا و | = | دڵسووتاو . |
| دەست گیر | + | او | = | دەستگیراو . |
| ورگ دڕ | + | او | = | ورگدڕاو . |
| گردەسپی | + | ان | = | گردەسپیان . |
| خڕەبەرد | + | ان | = | خڕەبەردان . |
| تومەسور | + | ان | = | تومەسوران . |
| ↓ لێکدراوی نائازاد | | ↓ م. هەڵگواستن | | ↓ لێکدراوی ئازاد . |

واتە بە پێی نموونەو یاساکانی (١٠ و ١٧)، ( $X^{+1}$ )یەکەکان بناغەیەکی مۆرفۆلۆژییانەی نائازادن، چوونکە لەو جۆرانەن، کە بە فۆنۆلۆژیی و واتا نەبوون بەلێکسیمێکی سەربەخۆ، بەڵکوو مۆرفیمە هەڵگواستنەکە ( دارشتن)ەکە، هەلی بەلێکسیمبوونی بۆ ڕەخساندوون، بەڵام دەکرێت هەمان دروستەی ئەو بناغەیە لە قۆناغێکدا وەک لێکسیمێکی سەربەخۆ بە مەرجی فۆنۆلۆژیی و واتاوە ببنە لێکسیم، واتە هەمان دروستەی ئەو بناغانەی هەبێت. بڕوانە یاسای ژمارە (٨). بۆهەندێک لە نموونەکان بڕوانە (عەبدوڵلا : ١٧٢؛٢٠١٣ ، مارف: ٢٠١٤ : ٩٤ ).

٨)-





بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ١٨) ە .

١٨ )- (مێرگەسوور، دەرمانخوارد، ڕەشماڵ، شاخەڕەش، کێوەڕەش، گڵەزەرد، گڵەسپی، ماران گەز، کاسەسەر، سەرسپی، چەکمەبۆر، بەردەنوێژ، بەردەباز، دارگوێز، شوێنکار، پەڕۆکۆن، سوورگوڵ، ڕەشەبا، ڕۆژهەڵات، ....... هتد ).

ئەگەر لەم نموونانەی سەرەوە ڕابمێنین، دەبینین، بە هەمان پارامێتەری لێکدانی نائازادەوە، بەهۆی سترێسەوە. بوون بە لێکدراوی ئازاد و بوون بەلێکسیمی سەربەخۆ.بڕوانە یاسای ژمارە ( ٩ ) .

٩).




## ٢ /٤-٢ ) بەلێکسیمبوون لە سینتاکسدا :


### ٤/٢ -٢-١ ) لێکدانە سینتاکسییەکان :

پاش ئەوەی لە پارەکانی پێشوودا پەیوەست بەلێکدانی مۆرفۆلۆژییەوە، بنەماکانی دروستەی وشە لێکدراوەکان خرانە ڕوو، تێیدا ئەو توخمانە دەستنیشانکران، کە لە بەرهەمهێنانی لێکدانی مۆرفۆلۆژییدا دەسەڵاتداربوون، لێرەدا ئاماژە بەوە دەدرێت، کە ڕکێفی( X )ە بەرهەمهێنەرەکانی مۆرفۆلۆژیی، تەنها لەناو لێکدانی مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمداردەبێت، چوونکە پێوەری دروستەیی (y و X ) پێوەرێکی دوو پەلکییەو دروستەی ئارگۆمۆێنتی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو پێکدەهێنێت، چوونکە هەریەک لەو توخمانەی لێکدانیان بەرهەمهێنا پەیوەست بەدروستەی ئارگۆمێنتەوە، تەنها دەسەڵاتێکی دوو پەلکییان هەیە، کە ئەوەش بەتەواوی لە وشەی لێکدراودا ڕوونکرایەوە.

### ٤/٢-٢-١-١ ) لێکدان لە فرێزدا :


دەبێت ئەوە بگوترێت، کە هەریەکێک لە توخمەکانی ( $V^0$ و $N^0$ و $A^0$ ) پەیوەست بەزانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیشەوە، دوو دەروازەیین و هەم لە سینتاکس و هەم لە مۆرفۆلۆژیشدا دروستە بەرهەمدەهێنن، واتە ئەگەر، وەک لێکدان لە زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەی ناو ئاوەڵناوێک ( $A^0$ ) بڕوانرێت، ئەوا دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناوەکان لە ڕێزمانی کوردییدا دوولانەن واتە دانەیەکیان لە مۆرفۆلۆژییدایە بۆ بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو، دانەیەکی تریان لەناو سینتاکسدایە،(بڕوانە مەعروف:٢٠٢٠، ١٠-١٣) بەڵام دەسەڵاتەکەی لەناو فرێزدا تێناپەڕێت، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ١٧ ) ە.

هێڵکاریی (١٧)





هێڵکاریی ژمارە ( ١٧) ئاماژە بەوەدەدات، کە توخمی ئاوەڵناو لە سنوری وشەی لێکدراو و فرێزیشدا دەسەلاّتدارەو دروستەی جیاوازیی ڕێزمانی بەرهەمدەهێنێت، واتە توخمە بەرهەمهێنەرە مۆرفۆلۆژییەکان، تەنها لە سنوری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی فرێزەکاندا دەسەلاّتدار دەبن و ناچنە ناو سینتاکسیی ڕستەوە ئەو توخمانەی بۆ لێکدانی مۆرفۆلۆژییانە سودیان لێبینراوە، ئەگەرچیی هەریەک لە وانە ئاستی نواندنی ( $X^0$ )یان هەبوو، بەلاّم وەک لەهێڵکارییەکەدا بۆ ئاوەڵناو ڕوونکرایەوە دوولانەن و هاوشێوەی ( $X^{-1}$ )یەکەکان ڕکێفی مۆرفۆلۆژییان نییە، بەڵکو سینتاکسیشیان هەیە ئەم بۆچوونە بۆ ناو و کردارەکانیش هەمان شت بەدەستەوە دەدەن https://www.iasj.net/iasj/download/8092c2085a59a380، چوونکە هەریەک لە ( کردار و ناو )ەکانیش، جگە لە وشەی لێکدراو، فرێزی تایبەت بەخۆشیان بەرهەمدەهێنن پەیوەست بە ڕکێف و دەسەلاّتی ( X )ەکان، بڕوانە هاوکێشەی ژمارە (١١ ) ە. بەکەمێک دەستکارییەوە لە (سەعید ،٢٠١٥، ٩٦ )، وەرگیراوە .

هاوکێشەی ژمارە (١١)




به پێی هاوکێشەی ژمارە (١١)ە، فرێزەکان بەرهەمی توخمی فەرهەنگیین و لە لێکدانێکی سینتاکسیی ( Y و X ) یەوە بەرهەمدێن، ( Y و X ) یەک، کە لە پێکهاتەی سینتاکسیی فرێزەکاندا حوکمی هەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی لەو یاسایانەی خوارەوە، کە هاوشێوەی دروستەی ئارگۆمێنتی مۆرفۆلۆژین لێکدەدرێن. واتە دەکرێت، لەم قۆناغەشدا لێکدانێک هەبێت، کە بەرهەمی هەمان دروستەی ئارگۆمێنت بێت، بەڵام بۆ لێکدانێکی سینتاکسیی بێت ( فرێزی ) بڕوانە جێبەجێکردنەکەی لە نموونەکانی ژمارە ( ١٩) دا.

١٩)-ا.



ب. $A^0$ ⟵ $[N] + A^0$

$N^0$ / $A^0$ بەردەشین، شاخەڕەش، چاوسوور.

$A^0$ بەردی ڕەش، گوڵی سوور، چاوی سوور.

پ. $V^0$ ⟵ $[N] + V^0$

$A^0$ / $N^0$ دەستبڕ، پیاوکوژ، بەفرماڵ، مێشکوژ.

$V^-$ سێوفرۆش، خانووفرۆش، ژن کوژ.

ئەم نموونە و هێڵکارییانە لە (مەعروف : ٢٠٢٠ : ١٧٦ ) وەرگیراون.

نموونەو جێبەجێکردنەکانی ژمارە (١٩). ئەوەدەردەخات، کە ئەوتوخمانە بۆ بەرهەمهێنانی سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی، لە هەمان دروستەی ئارگۆمێنتەوە زانیاریی دروستەیی وەردەگرن، واتە لێکدانێک بەرهەمەکەی لێکدراوەو هەمان لێکدان بەرهەمەکەی دەبێتە فرێزیش بڕوانە(عەزیز،توێژینەوەی بڵاونەکراوە).


## ٤/٢-٢-١-٢ ) لێکدانی ڕستەیی:

وەک لە پاری پێشوودا ڕوونکرایەوە، لێکدانی مۆرفۆلۆژیی و فرێزیش بەرهەمی توخمی فەرهەنگیی بوون و پەیوەست بەدروستەوە، دروستەیەکی بە خورتی بێکەموکوڕی بوون، بۆیە دەبێت لە ڕستەشدا بەدوای ئەو بنەمایەدا بگەڕێن، کە خورتیەتی ڕستەش دەسەلمێنێت، بۆ نموونە وەک لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، کرداری فەرهەنگیی ڕەگی کردارەکانن، ئەوەش تاقیکرایەوە کە ڕەگی کردار(Verb Root ) لە چوارچێوەی وشەی لێکدراو و فرێزی کرداریدا دەسەڵاتدارە، بڕوانە (محەمەد، ٢٠٠٩، ١٢١ )، یان ڕکێفی هەیە، بەڵام فرێزە کردارییەکە پێکەوە، لەگەڵ مۆرفیمی تافدا، کردارەکە دەکەنە تافدارو فرێزی تاف بەرهەم دەهێنێت( TP )، بەڵام دواتر بەهۆی لێکدانی ( TP ) یەکەوە، لەگەڵ فرێزێکی ناوی/ دیارخەری / خستنەپاڵی ئاوەڵناوی ڕستەی سادەی زمانی کوردی بەرهەمدێت، واتە ئەویش دروستەیەکی ئارگۆمێنتی سینتاکسیی، کە بنەمای لێکدانی ڕستەکەیە، بەرهەمی دێنێت، بڕوانە دروستەی ئارگۆمێنتی ڕستەیی و هێڵکارییەکەی لە نموونەی ( ٢٠ ) و هێڵکاریی ژمارە ( ١٨ ) دا.

٢٠ ) $TP + \begin{bmatrix} NP \\ DP \\ AP \end{bmatrix} \longleftarrow TP + NP \longleftarrow$ ڕستە ( S ).

ئەم هێڵکارییە بە کەمێک دەستکارییەوە لە(عبدالجەبار مستەفا مەعروف:٢٠٢٠: ١٩) وەرگیراوە.

هێڵکاریی (١٨)



هێڵکارییەکەی سەرەوە بۆ نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئارگۆمێنتەکەی سەرەوەیە، کە ڕستەیەکی سادەی بەرهەمهێناوە، بەڵام لێرەوە دەبێت بەرەو پرۆسەی لێکدان بۆ دروستە سینتاکسییە خورتییەکان برۆین، کە پرۆسەیەکی بڵاوەو لە زوربەی زمانەکانی دونیادا و زمانێکی تایبەتیشدا بە ( Sentence Compounding )ناوی براوە، ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی پاش ڕستەییە، چوونکە بە پێی توخمەکانی، لە ڕستە گەورە ترە، بەڵام ئایا وەک ڕستە دروستەیەکی خورتی و بێکەموکوورییە، یان بۆ دروستەی فراوانترو مەبەست و واتا، دەخرێتە پاڵ و تەک یەک لەو ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکە، لێکدانی پاش ڕستەیی ( Post Sentence Compounding ) ناو دەنێت تا لە لێکدانی ڕستەیی جیاییکاتەوە .

## ٤/٢-٢-٢ ) لێکدانی پاش ڕستەیی ( Post Sentence Compounding ) :

پرۆسەی لێکدانی پاش ڕستەیی ( post sentence compounding )، پرۆسەیەکە دروستەی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لە چەشن و جۆرەکانیدا، جگە لە پاشخانی فەرهەنگیی بنەماو دەرکردەی سینتاکسیی جیاوازیشی هەیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەست بە زاراوەکانی بواری لێکدان، ڕستە بۆ دوو جۆر دابەشدەکرێت، کە ئەوانیش  ڕستەی لێکدراو و ڕستەی تەکخراون ( Coordinate Sentence and Compound Sentence ). بەو پێیەش هاوشێوەی ئەو دەرکردە لێکدراوە مۆرفۆلۆژییەی لە ئەنجامی لێکداندا بەرهەم هات، دەبێت بنەمایەکی لێکدانیش بۆ بەرهەمهێنانی جۆرەکانی لێکدانی سینتاکسیی هەبێت.

### ٤/٢-٢-٢-١ ) ڕستەی لێکدراو ( Compound Sentence ) :

لەم پارەدا بە پرسیاری ئەوە دەستپێدەکرێت، کە ئایا ئەم دروستە پاش ڕستەییە بوونێکی خورتیی و پاشخانێکی فەرهەنگیی هەیە، واتە وەک چۆن لە لێکدانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیدا توخمە بەرهەمهێنەکان دەستنیشانکران، ئایا لە ڕستەی لێکدراویشدا توخمێک هەیە لە بەرهەمهێنانی ڕستە لێکدراوەکەدا بەرپرسبێت. زۆربەی سەرچاوەکان ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە ڕستەی لێکدراو لە دوو ڕستەی سەربەخۆ بەرهەمدێت و لێکدانەکەش بەهۆی وشە ئەرکییەکانی ( بەڵام، کەچی، یان، .....) بەرهەمدێت
https://www.lamission.edu/learningcenter/docs/asc/worksheets/Grammar/Sentence%20Types.pdf ، بەمەش تێڕوانینەکە بەرەو ئەوە دەچێت، کە ڕستەی لێکدراو بنەمایەکی سینتاکسیی هەبێت نەک فەرهەنگیی، ئەوەش بەوپێیەی لە سەر پشکیانە، تەنها بۆ واتا، نەک دروستەیەکی

خورتیی بەرهەمبهێنرێت. ڕوانگەی فەرهەنگیی بۆ بەرهەمهێنانی هەر فۆرمێکی ڕێزمانیی وادەکات، کە لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییشدا، دروستەیەکی خورتیی بێکەموکوورپی بەرهەمبێت. لێکۆڵینەوەکە بەو ئاڕاستەیەدا کاردەکات کە نواندنی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش بنەچەیەکی فەرهەنگیی هەبێت(مەعرووف، ٢٠٠٩، ٧٥- ٨١). سەرەتا بۆچوونی هەندێک لە توێژەران سەبارەت بە ڕستەی لێکدراو وەردەگرین:

(ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی) : (٢٠١٣) بەم شێوەیە باس لەڕستەی لێکدراو دەکات " ڕستەی لێکدراو ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە کارێکیان تێدایە و هەرکارێک ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێت، بەڵام بەشدارییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، وەک هاوبەشی لەهەمان فرێزی ناوی، چ بکەربێ چ بەرکار، یان بەشداری لە ڕووی کاتی ئەنجامدانی کاتەکان. ئامرازەکانی لێکدەر ڕۆڵێکی ئاشکرا دەبینن لە پێکەوە بەستنەوەی ڕستە سادەکان، بەڵام بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەکان ناکەن و ڕستەکاندا لە ڕووی شێوەو واتاوە لە بەستنەوەیاندا هاوکێش و بەرامبەر ڕادەگرن، ئامرازە لێکدەرەکان لە زمانی کوردییدا زۆرن، لە وانە( و، بەڵام، بەڵکو، یان، ش، ئەوسا، یان....یان، نە.....نە،.......) " (فەرهادی، ٢٠١٣، ٤١ ) . کەواتە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کەڕستەی لێکدراو بەبێ ئامرازەکانی لێکدەر بەرهەمناهێنرێت و ڕستەکان هەر بەسادەی دەمێننەوە، ئەوە ئامرازەکانی لێکدەرن، کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ڕستەی لێکدراو و جۆرەکانی.

(نەریمان عەبدوڵا خۆشناو) لە ( ٢٠١٢)دا، باس لە ڕستەی لێکدراو دەکات، بەم شێوەیە "ڕستەی لێکدراو بەو ڕستانە دەگوترێت، کە لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، یاخود بەو ڕستانە دەگوترێت کە زیاتر لە کارێکیان تێدایە، یاخود بەو ڕستانە دەگوترێت کە ئامرازی لێکدەر بەشداری لە دروستکردنی ڕستەکەدا دەکات. لە ڕستەی لێکدراودا، ئامرازەکانی، لێکدەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە دەست نیشانکردنی جۆری ڕستە لێکدراوەکاندا "(خۆشناو،٢٠١٢ ،٤٢). لە زمانی کوردییدا هەروەک زۆربەی سەرچاوەکان باسیان لێوەکردووە، دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو بەندە بە ئامرازی لێکدەرەوە. زۆربەشیان چوار جۆریان لە ڕستەی لێکدراو دیاریکردووە: (ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک، ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە، ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە، ڕستەی لێکدراوی نەرێنی ( نەفی )، کە ناونان و دیاریکردنی جۆرەکان بە پێی واتایەو جۆری مۆرفیمی لێکدانەکەش بووەتە هۆکاری ئەو ناونانانە.

" ڕستەی لێکدراو لە ڕووی دروستەوە لە دوو ڕستە، یان زیاتر پێکدێت، دەکرێت لە ڕێگای جۆرەکانییەوە، ئاماژە بەجۆرو تایبەتمەندیی جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو بدرێت. ڕستەی

لێکدراو(Compound Sentence) بەهۆی مۆرفیمی لێکدانی / بەڵام ، یان،....هتد / ڕستەی لێکدراوی ئەنجامدارو پێچەوانەیی و پرسیاری بەرهەمدەهێنرێت " (حسەین، ٢٠١١ ، ٤٣).

(عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ) لە ( ١٩٩١: ٦٥ )دا ئەویش باس لە ڕستەی لێکدراو دەکات و دەڵێت: ڕستەی لێکدراو ئەو ڕستەیە، کە بە پێی پێویست، لە دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکدێت. هەریەک لە ڕستە سادەکان، لە هەموو بارێکەوە ( سینتاکسیی، واتایی،..... هتد )، ڕستەی سەربەخۆن. هەروەها چەند هۆکارێکی تریش هەن، تا ڕادەیەک بەشداری ئەم ئەرکە دەکەن، وەک( تافی ڕستەکان، جۆر و شوێنیان و هێز.....هتد ) ئامرازە لێکدەرەکان بەشداری پێکهاتنی ڕستەکان ناکەن و لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە تێکەڵ بە ڕستە سادەکان نابن کاتی ڕوودانی کارەکان لە ڕستە سادەکاندا یان هەمان کاتە، یان کارەکان یەک لە دوای یەک ڕوودەدەن، بەڵام تافی کارەکان مەرج نییە یەک شێوەبن.

هەر لە بارەی ڕستەی لێکدراو( نوری علی ئەمین) لە( ٢٠١٥، ٥٩)دا، بەم شێوەیە باس دەکات "ڕستەی لێکدراو ئەو ڕستەیەیە، کە لە دوو ڕستەی سادە یان پتر پێک دێت، وە بەهۆی ئامرازی پێ بەستنەوە دەدرێنە پاڵ یەکتر، ئەگەر ئامرازی پێ بەستنەکە لە بەینیانا هەڵگیرا، هەر یەکێک لە ڕستەکان بۆخۆی سەربەست دەبێت و بەندیواری لەتەک ڕستەکەی تردا نامێنێت"، وەک لە نموونەی ( ٢١)دا دیارە :-

٢١)- دایکم نان دەکات و نازەنینی خوشکم جل دەشوات، کەچیی گەلاوێژ ماڵەکە پاکناکاتەوە.

ئەگەر ئامرازی ( و، کەچیی) لە ڕستەکە لاببەین، ئەم ڕستە سادە سەربەخۆیانەی لێپێکدێت:-

٢١) ا - دایکم نان دەکات.

ب - نازەنینی خوشکم جل دەشوات.

پ - گەلاوێژ ماڵەکە پاکناکاتەوە.

(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف) لە ( ٢٠٠٩)دا بەم شێوەیە باس لە ڕستەی لێکدراو دەکات "دەکرێت لە ڕێگای مۆرفیمی لێکدانی وەک ( بەڵام، یان، کەچیی ..... )ەوە ڕستەی لێکدراوی ئەنجامدارو پێچەوانەیی و پرسیاریی بەرهەمبهێنرێت دەربارەی / یان / بڕوانە نموونەکانی( ٢٢ )، دەشتوانرێت بە هۆی مۆرفیمی /و/ ەوە دروستەکەیان بە ڕستەی تەکخراو بنوێنرێتەوە "، بڕوانە:( معروف، ٢٠٠٩، ٧٥ ) و پاری ( ٢/٤-٢-٢-٢).

٢٢ ) ا. ( ئایا) نانەکەت خوارد ،یان کولێرەکە ؟

ب. (ئایا) سەعی دەکرد یان خەوتبوو ؟

پ. (ئایا) نامەی ناردبوو یان بروسکە ؟


پاش هێنانەوەی بیروبۆچوونی توێژەران و لێکۆڵەران لە چوارچێوەی ئەم نامەیەدا، دێینەوە سەر ئەو بیروبۆچوونەی، کە لە سەرەتای ئەم پارەدا پێشنیازکرا، کە ئەویش ئەوەبوو ڕستەی لێکدراو لە ڕووی دروستەییەوە بنەمایەکی خورتی هەیە، بەوەش دەبێت بۆ ئەو توخمە بگەڕێن، کە دەبێتە ( X )ی ڕستەی لێکدراوەکە، بەوەش بیرۆکەکە بەو جۆرە دەبێت، کە ڕاستە لە ڕستەی لێکدراودا دوو کردار بەشداری لە دروستەکەدا دەکەن و هەریەکێک لەو کردارانە ڕستەی تایبەت بە خۆیان دروستدەکەن و لە فەرهەنگەوە بۆ بنیاتنانی دروستەی قووڵی جیاواز هاتوونەتە کایەوە، بەڵام بە خورتی زانینی ڕستەی لێکدراو پەیوەستە بەو وشە ئەرکیانەی، کە نەک تەنها دروستەی ڕستەی لێکدراو بەرهەمدێنن، بەڵکو ڕکێفی واتایی و دەرکردە واتاییەکەی بەرهەمهاتووەکە، بەناوی ئەوەوە دەبێت، چوونکە بۆ نموونە پێناسەی لێکۆڵەران و توێژەرانیش بۆ ناونانی ڕستەی لێکدراو، واتایان کردووە بە بنەما بۆ ناونانەکە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیوەست بە بیرۆکەی کۆی نامەکەوە گریمانەی پارو بەشەکانی پێشتر، توخمەکانی ڕستەی لێکدراو، کە وشە ئەرکییەکانن، هێزی دروستەیی و بەرهەمهێنانی واتاییان دەخریتە پاڵ، بەوەش، وەک چۆن مۆرفیمەکانی هەڵگواستن و توخمەکانی لێکدان بۆ مۆرفۆلۆژیی هەبوون و لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژییدا، قۆناغی لێکدان هەبوو، دەبێت بۆ ڕستەی لێکدراویش ئەو قۆناغە دەستنیشان بکرێت. مۆرفیمە ئەرکییەکان کە بەشداریی بەرهەمهێنانی ڕستەی لێکدراو دەکەن ئەمانەن ( بەڵام، کەچیی، یان، ... هتد ). بڕوانە هاوکێشەی ژمارە ( ١٢) لە خوارەوە.

هاوکێشەی ژمارە (١٢)

| فەرهەنگ | لێکدان | لێکدراو |
|---|---|---|
| X + Y ( ڕستە ) | ڕستە + X + ڕستە | [ ڕستە + X ] + ڕستە |

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٩)ە.

هێڵکاریی (١٩ )




٢/٤-٢-٢-٢) ڕستەی تەکخراو ( Co- ordinate Sentence ) :

هەروەک لە پاری پێشوودا باسمان لە ڕستەی لێکدراو کرد، کە ئامرازەکانی لێکدەر ڕۆڵێکی ئاشکرا دەبینن لە پێکەوە بەستنەوەی ڕستە سادەکان، بەڵام بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەکان ناکەن و ڕستەکان لە ڕووی شێوەو واتاوە لە بەستانەوەیاندا هاوکێش و بەرامبەر ڕادەگرن ئامرازە لێکدەرەکان لە زمانی کوردییدا زۆرن، لە وانە( و، بەڵام، بەڵکو، یان، ش، ئەوسا، یان.....یان، نە......نە،.......). لەم پارەشدا باس لە ڕستەی تەکخراو ( Coordinate Sentence )دەکەین،"ڕستەی تەکخراو جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، لە دوو ڕستە، یان زیاتر پێکدێت و بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە دروستدەکرێت. ئەم جۆرەیان لە ڕووی ئەنجامدانی کاری ڕستەکانیان هاوڕێکن و بە زۆری کاری ڕستەکان لە شێوەی ئەرێدا دەبینرێن و هەمان ئاراستە وەردەگرن " (ڕەسوڵ،٢٠٠٦ ، ٤٧ ) . ئەو ئامرازانەی بەشداری لە دروستکردنی ڕستەی تەکخراودا دەکەن بریتین لە ( - و - ، - هەروەها - ، - ئینجا- ، - ش - ....... هتد ) . بڕوانە نموونەکانی (٢٣).

( ٢٣

ا. * نان و سەموونەکەت خوارد.

ب. * نانی دەخواردو یاری دەکرد .

پ. * نامەو بروسکەی ناردبوو .

ت.؟ * ئامانج نووستووەو دانیشتووە.

ڕستەی تەکخراو لە سەر بنەمای لۆژیک بەرهەمدێن، بۆیە نموونەکانی( ٢٣-ا، ب، پ، ت)لە ڕووی واتاوە ڕێگایان پێنادرێت، نەک لە ڕووی دروستەوە. بنەمای لۆژیکیش یەکێکە لە جیاوازییەکانی ڕستەی لێکدراوی پرسیاری و ڕستەی تەکخراو.

" پەیوەست بە پرۆژەی ڕستەی تەکخراو، ئەو کەرەستانەی بە هۆی ئەم مۆرفیمەوە دەخرێنە تەکیەک، دروستەی ڕستەیان هەیە، واتە ئازادیی سینتاکسیی و واتاییان هەن، بەڵام ڕستەی یەکهەم بە هۆی حوکمکردنی مۆرفیمەکەوە، گۆکردنی ڕستیلەی دەبێت، بەوەش مۆرفیم و تەواوکەرەکەی پێکەوە/ $X^{-}$ دروستەی پریدیکات پێکدێنن، پاشان پریدیکات/ ڕستیلەکە، کە پۆلەڕەگەزێکی سینتاکسییە، تەواوکەری سینتاکسیی دووهەم، کە بە هەمان شێوە دروستەی ڕستەی دەبێت، داوادەکات. بە پێی شیکردنەوەکانی سەرەوە بێت ڕستە تەکخراوەکان بە مۆرفیمی خستنەتەکیەکی سینتاکسیی/ – و /، لە ڕووی حوکم و دەسەڵاتەوە هاوپلە نیین، بەڵکو تەواوکەری سینتاکسیی لای چەپ، لەژێر دەسەڵات و مەودای $conj^{-}$ سەری ڕێزمانی و تەواوکەری لای ڕاست ـدا، حوکمدەکرێت (سەعید، ٢٠٢٠ ،٢٥١ ). کە ئەم جۆرە ڕستەیە لە ڕێگای مۆرفیمی خستنەتەکی /– و / بەرهەمدەهێنرێت، ڕستەی تەکخراوی زمانی کوردیی لە چوونە تەکیەکی ئەو ڕستەو ڕستیلانە ( بە هەموو ئەدگارو تایبەتمەندییەکانیانەوە ) دروستدەبێت، کە لەم چەشنە ڕستەیەدا، مەرجی هاوسەنگیی لەڕێی تافی ڕستەو ڕستیلە تەکخراوەکانەوە ڕووندەبێتەوە. ئەم جۆرە ڕستەیەی لە ڕێگای مۆرفیمی/–و/ وە بەرهەمهێنراون. "ئەومۆرفیمە، مۆرفیمێکی دوو لانەیە، چوونکە لەدروستە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکاندا چالاکە. ئەو ڕستانەی بەم مۆرفیمە دەخرێنە تەکیەک، لەڕووی واتاوە هاوسەنگن (مەعروف، ٢٠٠٩ ، ٧٤ ). مەرجی خستنەتەکیەکی ئەم جۆرە ڕستەیە ئەوەیە، هەردوو ڕستەکە سەر بە هەمان جۆری دروستەیی دەبن، واتە ئەگەر کەرتی یەکهەم ڕستە بوو، ئەوا دەبێت کەرتی دووهەمیش ڕستە بێت، یان ئەگەر کەرتی یەکهەم ڕستیلە بوو، ئەوا دەبێت کەرتی دووهەمیش ڕستیلەبێت. " بنەمای فرێزە تەکخراوەکان مەرجی هاوکەتیگۆریی بوو. سەبارەت بە ڕستە هاوڕستەیی و هاوڕستیلەکان، لە (١٠) دا، یاسا

ئەبستراکتەکە دەنوێنرێت. ئەگەرچیی ڕستە تەکخراوەکان خاوەنی هەمان تافی گراماتیکیین، بەڵام لە خستنەتەکیەکی ڕستە هاوتافەکاندا، بە پێی جێکەوتەی ڕستەکە، پلەی ڕوودانی تافەکە دەگۆڕێت، دەکرێت ئەم یاسایە بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی تەکخراو و بەرهەمهێنانی ڕستەی لێکدراو و تەکخراویش پەیڕەوی بکرێت، بڕوانە یاسای ژمارە ( ١٠ )ە، دیاریکردنی پۆلەڕگەزەو نموونەکانی لە ( ٢٤ )و (٢٥)دا بە نموونەوە ڕووندەکرێتەوە" (مەعروف ،٢٠٠٩، ٦٩ ).

١٠)-[[ $X^0$ + [ $Conj^0$ + $X^0$ ]]

٢٤ ) ا. [[S1 + $^Y$[conj. + S1]]

ب.[[S2 + [conj. + S2 ]]

٢٥) ا. [[نەوزاد نانی خوارد و] pro ڕۆشت]].

ب. [[نەوزاد یاریدەکات و] pro دەڕوات]].

ئەوانەی لە (٢٥- ا) دا، هێڵیان بەژێردا هاتوون، هەردووکیان مۆرفیمی کاتی ڕابردوون. شکانەوەی هەریەکەیان لە دروستەی ڕستەی لێکدراودا، پلەی ڕابردووەکەی گۆڕیوون. بەو پێیە / خواردو/ زووترو/ ڕۆشت/ درەنگتر ڕوویداوە، کەواتە ڕستەکە واتای ڕستەی ( ٢٥-ا)، یان ( ٢٥ - ب)ی هەیە. لە ٢٥- ب )یشدا، بۆ تافی ڕانەبردوو، هەمان ڕوونکردنەوە هەیە. کەواتە جێکەوتە لە ڕستەی تەکخراودا لە دیاریکردنی پلەکانی تافی ڕستەدا، هەڵسوکەوتی ڕووکارەکانی هەیە.


٢٥) ا. نەوزاد نانی خواردو ئینجا/پاشان pro ڕۆشت.

ب. نەوزاد دوای ئەوەی یاریکرد pro ڕۆشت. (مەعروف، ٢٠٠٩ ، ٦٨-٦٩ ).

"دروستەی ڕستەی تەکخراو، پەیوەستکردنی دوو ڕستە، یان دوو ڕستیلە و بەهۆی مۆرفیمی خستنەتەکیەکی / -و /ەوە بەرهەمدەهێنرێت، بە بەشی یەکهەمەوە پەیوەستە. هەر بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە دەتوانرێت دروستەی ئەم جۆرە ڕستانە فراوانبکرێت، لەم جۆرە ڕستانەدا، جێناوی بکەریی ڕستەی دووهەم، هەرکاتێک هەمان نیشانەی هەبوو، ئەوا بە خورتی دەکرێتە ( pro )" (حسەین، ٢٠١١ ، ٤٣ ) . چوونکە یاسایەکی گشتیی ئەبستراکتی کەرەستە تەکخراوەکانە، کە بۆ وشە و فرێزو ڕستەش دەستدەدات، بە جۆرێک یاساکە بۆ دیاریکردنی جۆری کە تیگۆریی کەرەستە

تەکخراوەکان، ڕێنیشاندەر دەبێت، چوونکە سەرجەم کەرەستە تەکخراوەکان لە فەرهەنگ و سینتاکسیشدا بەهۆی سەری ڕێزمانی /–و/ ەوە، هەمان میکانیزمی دروستکردن و بەرهەمهێنانیان هەن، بەوپێیەی کۆنجەکشن وشەیەکە، وەک /–و/ بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لە نێوان ( وشەکان، فرێزەکان، ڕستەکان )دا بەکاردێت، کە تێیدا شکانەوەی پرۆژەکان لەناویەکدا ڕوودەدات، بۆئەمەش، دوو زنجیرە وشە دەتوانرێت بخرێنە تەکیەک، کە پێکهاتە constituents بن و هاوکات هەمان پۆلەڕەگەزی سینتاکسیشیان هەبێت. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢٠).

هێڵکاریی (٢٠)




بە پێی هێڵکارییەی ژمارە (٢٠)، ئاراستەی هەڵاوێرکردنی ویستی فەرهەنگیی کۆنجەکشنی /–و–/، کە مۆرفیمێکی خستنەتەکیەکی سینتاکسییە، هاوشێوەی فرێزە تەکخراوەکان سەرەتا بە هۆی $Conj^0$ ەوە بەرەو لای ڕاست و پاشانیش بەهۆی $Conj^-$ەوە بەرەو لای چەپ جێبەجێدەبێت (سەعید، ٢٠٢٠ ، ٢٥٣ ). کەواتە مەرجی پێویستییە سینتاکسیی و واتاییەکان بۆ دروستەیەکی تەکخراوی بێکەموکوڕیی، هەبوونی دوو جێکەوتەی تەواوکەر بە دوو ئاراستەی جیاواز دەبێت، لەمەوە یاسای (١٠) دادەڕێژینەوە، کە دەریدەخات، بۆ دروستەی تەکخراو دوو جێکەوتەی بەتاڵ لە ئارادان، کە پڕکردنەوەیان مەرجی دروستیی و ڕێگاپێدانی دروستە بەرهەمهێنراوەکە دەبێت، بەپێچەوانەشەوە، بوونی جێکەوتەیەک ئاراستەیی بۆ ئارگۆمێنت–

داواکەری کۆنجەکشنی/- و-/ دروستەکە تێرناکات، بۆیە ڕێپێدراونییە بڕوانە نموونەکانی ژمارە( ٢٦ )لە خوارەوە.

٢٦)ا. * هات ڕۆشت و


ب. *و هات ڕۆشت

بنەمای فرێزە تەکخراوەکان، مەرجی هاوکەتیگۆریی بوو. سەبارەت بە ڕستەی هاوڕستەیی و هاوڕستیلەکان، ئەگەرچی ڕستە تەکخراوەکان خاوەنی هەمان تافی گراماتیکیین، بەڵام لە خستنەتەکیەکی ڕستە هاوتافەکاندا بە پێی جێکەوتەی ڕستەکە، پلەی ڕوودانی تافەکە دەگۆڕێت، دەکرێت یاسای ژمارە (١٠ )، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی تەکخراو، جارێکی دیکە بە پڕکردنەوەی جێکەوتەی تەواوکەرەکان لە ( ١١ )دا، دابڕێژرێتەوە، چوونکە هەمان یاسای خستنەتەکیەک، بە بوونی جیاوازیی دروستەی تەواوکەرەکانیانەوە پەیڕەودەکەن، بڕوانە (٢٧) نواندنە سینتاکسییەکەی لە هێڵکاریی ژمارە (٢١ )دا .

١١) – [ AGRP + [ $Conj^0$ + AGRP ]]

٢٧) هات و ڕۆش

هێڵكاریی (٢١)



# بەشی سێهەم

# واتاودەرکردەی واتایی لێکدان.

## ١/٣) لێكدانەوەی واتایی

ئەگەر پێناسەیەكی واتا بكەین، واتا زۆر بەنزیكی پەیوەندی بە توانای مرۆڤەوە هەیە بۆ بیركردنەوەیەكی لۆژیكی و تێگەیشتن. ئەگەر خوێنەرێک بە سەر هەر وشەیەكدا تێپەڕێت، پێویستە لە واتای ئەم وشە دیاریكراوە تێبگات و بە دروستی لە واتاكەی تێبگات، خوێنەر سەرباری زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی، سینتاكسییەكان دەبێت بۆ تێگەیشتن لە دەقێكی فەرهەنگیی، مۆرفۆلۆژیی، زانیاریی واتایی هەبێت. وەک لە بەشی دووهەمدا ڕوونكراوەتەوە، واتا لە كۆی مۆدێلی ڕێزماندا پێشبینیی لێكراوە، ئاخێوەری زمانیش پەیوەست بەو زانیارییە واتاییانەی هەیەتیی، لە توخمێكی فەرهەنگییەوە بۆ واتا لە فۆڕمێكی مۆرفۆلۆژیی و سینتاكسیی لێكدانەوەی واتایی و تێگەیشتنی واتایی هەیە. https://www.thoughtco.com/what-is-grammatical-meaning-1690907

### ١/٣-١ ) جۆرەكانی واتا :

"واتا بەشێوە بڵاوەكەی كە هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە، كە زمان دەیگەیەنێت دەبێت بەچەند جۆرێكی جیاوازەوە"(فەتاح، ٢٠١١ ، ١٦٠ )ئەویش لە لیچ وەریگرتووە. ئاڵۆزبوونی واتا و فرەلایەنی و پەیوەستبوونی بەچەند بوارێک و زانستی ترەوە، وای كردووە، كە زمانەوانەكان و زاناكان چەندین دابەشكردنی جیاواز بۆ واتا بكەن، هەندێكیان بۆ دووجۆر دابەشی دەكەن ، هەندێكیان بۆ سێ جۆر دابەشی دەكەن ، تەنانەت هەندێكیان دابەشی دەكەن بۆ دە جۆر، بەڵام ئێمە لە لێكۆڵینەوەكەماندا نامانەوێت بچینە ناو هەموو ئەو دابەشكردنانەوەو یەكە یەكە لە بارەیانەوە بدوێین هەڵسەنگاندنیان بۆ بكەین، ئەو پۆلێنكردنانەی، كە بۆ جۆرەكانی واتا كراون، ئێمە گرنگترینیان باس دەكەین، كە ئەو پۆلێنكردنەی ( لیچ - Leech )ە، كە بەلایەنی كەمەوە حەوت جۆری لە واتا جیاكردۆتەوە، كە ئەمانەی خوارەوەن.

١-واتای فەرهەنگیی- Lexical Meaning .

٢- واتای كۆمەڵایەتی-Social Meaning .

٣- واتای شێوازی – Styleistic Meaning.

٤- واتای دەروونی- Emotive Meaning .

٥- واتای ڕەنگدانەوە-Affective Meaning .

٦- واتای بابەتی - Thematic Meaning .

٧- واتای هاوڕێیەتی- Collocation Meaning .          ( لیچ : ١٩٧٥ لە  عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٩ : ٨٦ وەرگیراوە ).

ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا ناچینە سەر باسکردنی هەموو ئەو جۆرانەی، کە زانا ( لیچ) دەستنیشانی کردوون بۆ واتا، ئەوەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە گرنگ و پێویست بێت باسی لێوە دەکەین.

## ٢/٣ ) دەرکردەی واتایی توخمە فەرهەنگییەکان :

هەروەک لە بەشی یەکهەمدا، ئاماژە بە فەرهەنگ و پێکهاتە و زانیاریی فەرهەنگیی درا، کە توخمە فەرهەنگییەکان هەڵگری زانیاریی ( فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیک)ن، واتای فەرهەنگیی واتای لێکسیێم و پۆلەڕەگەزەکانە لەناو فەرهەنگدا، کە لەشێوەی (ئیندێکس – Index ) دایەو کۆی واتاکانیان تێدا هەڵگیراوە، بەوەش واتاکە، دەبێت بەواتا تێداهەڵگیراوەکانی ناو ( X ) ەکان، پێش ئەوەی بچێتە ناو ڕێزمانەوە، بەمەش واتا دەبێت بە ( لیڤڵێکی فەرهەنگیی )، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ڕێزمان لەگەڵ فەرهەنگدا لە پەیوەندییەکی دوو پەلکی دایە ، بۆیە ڕێزمان شوێنی نواندنی ئەو واتا فەرهەنگیانەیە. "مرۆڤ بەزمانییەوە مرۆڤەو فەرهەنگیی ئاوەزیی سەرچاوەیەتی و لە ناوندیدایە. سروشتی پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و ڕێزمانی زمان، پەیوەست بەناوە کردارییەکان verbal nouns ( چاوگ) و شێوە شکێندراوەکانیانەوە inflected forms، بە جۆرێک خۆی دەنوێنێت و دەکەوێتەڕوو"(مەحوی، ٢٠٢١، ٢٦٣ ).


بۆ دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ( X  و Y ) یەک پێویستە، کە ئەمە وەک لە بەشی دووهەمدا ئاماژەی پێدرا، هەڵاوێرکردن و دروستەی ئارگۆمێنتی، پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژییانە، پەیوەست بوو بە ( X )ەکانەوە/ سەرەکانەوە، واتە فۆڕمی مۆرفۆلۆژیی سەرەکان دروستی دەکەن و بەرهەمیدەهێنن، بەوەش دەسەڵاتی دروستەیی درایە دەست ( X )ەکان، لێرەوە هەڵاوێرکردن و توانایی سیمانتیکی ( X )ەکان، تاقی دەکرێنەوە، کە پەیوەستە بە دوو لیڤڵی ( فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی ) بڕوانە هێڵکاریی (١) و نواندنی (١ ).

(١)  X  +  { y } .

↓  ↓

واتای فەرهەنگیی  واتای فەرهەنگیی

هێڵکاریی ( ١ )




نواندنی ژمارە (١ )، پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی ( X )ەکان لە پاش فەرهەنگ و پێش ئەوەی بگات بە دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیی، بۆیە جۆرێکە لە دروستەی ئارگومێنتی مۆرفۆلۆژیی، یان پۆلەڕەگەز دیاریکردنی مۆرفۆلۆژیی بەجۆرێک لەو لیقڵەدا، جگە لە هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەز هەڵبژاردنێکی واتاییش هەیە، بە پێی شیکارە، واتاییەکان بەرهەمدێت، بۆیە لە ئەوێدا جۆرێک لە کۆتوبەندی سیمانتیکی جێبەجێدەبێت. بەمەش پەیوەندیی نێوان ( X و Y ) لە مۆرفۆلۆژییدا کۆتوبەنداردەبێت و مەرجی فەرهەنگیی ( X )ەکان جێبەجێ دەکات. بڕوانە یاسای فەرهەنگ و هەڵاوێرکرن و نواندنی مۆرفۆلۆژیی و سیمانتیکی لێکدان لە یاسای ژمارە (١)و نواندنی (٢) دا.

یاسای ژمارە(١)


$X^0 \longleftarrow X^{+1} \longleftarrow$ Y و X $\longleftarrow$ X


لێکدراو　　لێکدان　　هەڵاوێرکردنی دروستەی واتایی　　فەرهەنگ

٢) $X^0 \longleftarrow X^{+1} \longleftarrow \{ Y \} + X^0 \longleftarrow X^0$

پەیوەست بە یاسای ژمارە (١) ەوە، دەبێت لێرەوە واتای پێکهاتەیی- Compositional Semantic و ناپێکهاتەیی – non Compositional Semantic، بۆ ئەو هەڵاوێرکردنە واتاییە بخرێتە ڕوو، کە ئایا واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی ، بەشێکن لە واتای، یان سیمانتیکی ( X )ەکان، یان واتای ناپێکهاتەیی، لە مۆرفۆلۆژییدا / ڕێزماندا دروستدەبێت بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ٢) بۆ دەرخستنی گریمانەکە .

هێڵکاریی ( ٢ )




کاتێک دوو توخم لە فەرهەنگەوە وەردەگرین، کە ئەم توخمانە واتای تایبەتیی و دیاریکراوی خۆیان هەیە و هەڵگری زانیاریی فەرهەنگیین، کاتێک دێنە ناو مۆرفۆلۆژییەوە و بە پرۆسەی لێکداندا تێدەپەڕن، یان لە لێکداندا دەمێننەوە و نابن بە لێکدراو و ناگەڕێنەوە ناو فەرهەنگ، یان دەبن بەلێکدراو و دەبن بە لێکسیمێکی سەربەخۆو دەگەڕێنەوە ناو فەرهەنگیی زمان. بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ١) (اوب )ی .

١) ا- گا ——— لە فەرهەنگدا بەناو تۆمار کراوە

ب- کۆتر ——— لە فەرهەنگدا بەناو تۆمار کراوە


بەڵام کاتێک ئەم دوو توخمە لە فەرهەنگەوە وەردەگرین بۆ ناو ڕێزمان و بە پرۆسەی لێکداندا تێپەڕ دەبن، دەرکردەی واتایی توخمەکان لە واتای فەرهەنگیی توخمەکان بەتەنیا جیاوازە. بڕوانە نموونەی (٢) لە خوارەوە.

٢) - گا + کۆتر ———— ← گاکۆتر جۆرێک لە کۆتر ( + قەبارە) دەگەیەنێت.

لە ڕاستییدا واتای پێکهاتەیی (Compositional Semantic)، واتایەکی پێشبینیلێکراوی فەرهەنگییە https://scholar.harvard.edu/files/yxiang/files/ho10-comp-sem.pdf ،

لە سەر بنەمای کۆتوبەندی سیمانتیکی ( X )ەکان بنیاتنراوە، بەڵام واتای ناپێکهاتەیی، واتایەکی پێشبینیلێنەکراوەو، وەک لە هێڵکاریی (٢)دا خراوەتەڕوو، پێشبینییی ئەوە دەکرێت، کە فەرهەنگیی یان نافەرهەنگیی بێت https://pdfs.semanticscholar.org/e96d/2c75708f44641649483cd6f36aed34ebcfde.pdf و لە سەر بنەمای بەکارهێنانی ( X )ەکان لە ڕێزماندا دروستدەبن. بەوەش دەکرێت لە بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژییدا، واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەیی ببینرێن، جا وەک ئاماژەی بۆکرا، دەشێت، هەر لە فەرهەنگەوە ڕەنگڕێژی واتا ناپێکهاتەییەکەش بکرێت. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ٣)و نموونەکانی ژمارە ( ٣).

هێڵکاریی (٣)





( ئەم هێڵکارییە بە کەمێک دەستکارییەوە لە حوسین،٢٠٠٩، ١٢٢، وەرگیراوە).

٣). ( دەستکورت، دەستبڕ، قۆڵبڕ، بەفرماڵ، گوڵاڵەسوورە، ........). بۆڕوونکردنەوەی زیاتر بابەتەکە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٤ اوب).

هێڵکاریی (٤)

( ئەم هێڵکارییە لە توێژینەوەی بڵاونەکراوەی بورهان ئەحمەد عەزیز وەرگیراوە)




هێڵکاریی ژمارە(٤)، ئەوەمان نیشاندەدات، کە <دەستکورت> دوو واتای هەیە (ا) واتای فەرهەنگیی (ب)واتای ئیدیۆمی، بەڵام <بەفرماڵ> تەنیا واتای ئیدیۆمی یان ناپێکهاتەیی هەیە، چوونکە ( بەفر+ ماڵ ) بەواتای ئامێر نایەت، چوونکە هەردوو وشەکە بەتەنیا واتای فەرهەنگییان جیاوازە لەدەرکردە واتاییەکەی <بەفرماڵ> بە سەریەکەوە، کە واتای شتێک دەگەیەنێت، کە ئامێرێکە بۆ (بەفر ماڵین)، کە بوون بە ئیدیەمبوونی پێشبینیلێکراوە. لەوەشەوە دەتوانرێت بگوترێت، نواندنی واتایی لە بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژییدا، جگە لە ئاستە فەرهەنگییەکەی، کە تاکە وشەکانە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژییشدا دوو جەمسەر بە واتای پێکهاتەیی و ناپێکهاتەییەوە، دەبێتە نواندنێکی سێ جەمسەریی (بشڕوانە توێژینەوەی بورهان ئەحمەد عەزیز بڵاونەکراوە)

## ٣/٣ ) دەرکردەی واتایی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا (Morphological Level):

هەروەک لە پاری پێشووتردا باس لە واتای ئاستی فەرهەنگیی کرا، کە توخمە فەرهەنگییەکان هەڵگری زانیاریی ( فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و سیمانتیک )ن ، دانە/ توخمە

فەرهەنگییەکان خاوەنی واتای تایبەت بەخۆیانن، بۆیە لەم پارەشدا پێویستە باس لە واتای مۆرفۆلۆژیی بکەین، کە واتای مۆرفۆلۆژیی لە مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمدێت، جیاکردنەوەی لیڤڵی فەرهەنگیی بۆ دەستنیشانکردنی ئەو واتایەیە، کە لە فۆڕمی بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمدێت. نموونە و بەڵگە و هێڵکارییەکان بۆ جیاکردنەوەی واتای فەرهەنگیی و واتای بەرهەمهاتووی مۆرفۆلۆژیین، کە لە دوو ئاستی جیاوازدا نوێنراون، لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەرهەمهێنانی واتای نوێیە، بۆیە دەبێت واتای ئاستی/ لیڤڵی مۆرفۆلۆژیی لە ئاستی/ لیڤڵی فەرهەنگیی جیابێت، بشڕوانە: file:///C:/Users/win7/Downloads/Rochelle_Lieber_Morphology_and_Lexical_Semantics_C.pdf لە پارەکانی داهاتوودا باس لە دەرکردەی واتایی لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکانی ناهاوپایە و تەکخراوی هاوپایە و دووهێندەیی لە مۆرفۆلۆژییدا دەکەین.


## ٣/٣-١ ) دەرکردەی واتایی لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژییدا :

هەروەک لە بەشی دووهەمدا لە پاری ( ٣/٢-٢-١) دا، باس لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی ناهاوپایە کرا، پێویستە لەم پارەدا، باس لە دەرکردەی واتایی لێکدراوە مۆرفۆلۆژییەکان بکەین. لە مۆرفۆلۆژییدا هەموو لێکدانێک. جا ئەم لێکدانە ببێت بەلێکدراو، یان هەر لە لێکداندا بمێنێتەوە و نەبێت بە لێکدراو هەموو ئەمانە بۆ بەرهەمهێنانی واتایە،" سیمای داهێنان لە زماندا لە گرینگترین و دیارترینی سیماکانی زمانی مرۆڤە، چوونکە ئەو قسەکەرەی، کە خاوەنی توانستێکی زمانی مرۆڤە، لە توانایدایە، لە ئاستە جیاوازەکانی زمانەکەیدا ( دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازیی ) دا پڕۆسەی بەرهەمهێنان و نوێکردنەوە لە زمانەکەیدا ئەنجام بدات" (ئیبراهیم، ٢٠١٤ ، ٧٧ ). ئەگەر باس لە واتای نوێ بکەین، دەبێت باس لەو پڕۆسانە بکەین، کە دەبنە هۆی داهێنانی فۆڕمی نوێ بۆ واتای نوێ. "زۆر گرنگە لێرەدا دوو شت لێک جیابکرێنەوە، ئەویش : مەبەستی بەرهەمهێنانی سیمانتیکیی و ئەوەی، کە دەینوێنێت لە بەرهەمهێنان و داهێنانی واتای نوێ بۆ دروستە فەرهەنگییە لە ئارادا بووەکان، لەگەڵ (بەرهەمهینانی مۆرفۆلۆژیی / وشە ) بۆ دروستە و دانە دەربڕاوەکان، کە ڕۆڵیان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی سامانی وشە و دەربڕاوی زمانێکدا بڕوانە ( فاروق عومەر صدیق: ٢٠١١،). ئەمیش ڕۆڵی خۆی هەیە لە هەڵگرتنی واتا و ناوەڕۆکی نوێدا، بە بەکارهێنانی فۆڕمە ڕۆنانییە نوێیەکان، ئەو بەرهەمهێنانە مۆرفۆلۆژییانەش کە لە ئەنجامی پڕۆسەی هەڵگواستن و شیکردنەوە و لێکدان و گریمانەکردن و ........ ەوە پەیدا دەبن" ( هەمان سەرجاوەی پێشووتر، ٢٠١٤، ٧٧ ). هەربۆیە پێویستە باس لە دەرکردەی واتایی پڕۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بکەین و سەرەتاش باس لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی، نا هاوپایە دەکەین.

### ٣/٣-١-١ ) دەرکردەی واتایی لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی ناهاوپایەدا :

هەروەک پێشتر لە پاری ( ٣/٢-٢-١)دا، باس لە لێکدراوی ناهاوپایە کرا، لێرەدا باس لە دەرکردەی واتایی ئەم جۆرە لێکدراوە دەکەین، کە بۆ بەرهەمهێنانی فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێ، کە بەهۆی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە بەرهەمدێت. " هەرچەندە لە زمانی کوردییدا ژمارەیەک فۆرم بۆ ئاوەڵناوی چۆنێتی داڕێژراون، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی پرۆسەی ترۆپکەوە، فۆرمی نوێ بۆ گەیاندنی چەمکی چۆنێتی بەرجەستە بکرێت، بۆ نموونە < گا، مار > لە فەرهەنگیی زمانی کوردییدا وەک ( ناو ) تۆمارکراون، وەک هەموو ناوێکیش هەمان دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی و هەمان ئەرکی سینتاکسیی ناوەکان جێبەجێ دەکەن، بەڵام لە هەردوو ناوی ( مارماسی و گاکۆتر)دا نیشانەی ( + قەبارەیان )هەیە، بۆیە دەکرێت بەترۆپک و چەمکی چۆنێتی دەردەبڕن و وەک ئاوەڵناو دێنە پێشەوەی وشەکەوە و دەشچنە سەرەوەی هەرەمی واتاییەوە " (سەعید، ٢٠١٥ ، ٥٧ ). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٥ ) و جێبەجێ کردنی لە نموونەکانی ژمارە( ٤) دا

هێڵکاریی (٥)




هێڵکارییەکەی سەرەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ناوە هێنراوە پێشەکان دەسەڵاتی واتاییان بە سەر دروستەکەدا هەیە، وەک لە نموونەکانی ژمارە ( ٥)دا دەبینرێن و جێبەجێ دەکرێن.


٤) ا. گاکۆتر ←——— ( جۆرێک لە کۆتر + قەبارە )

ب . گابەرد ←——— ( جۆرێک لە بەرد + قەبارە )

پ . مارماسی ←——— ( جۆرێک لە ماسی لەباریکیدا لەمار بچێت ) .


ئەگەر سەیری <مارماسی> بکەین، دەبینین چۆنێتییەکەی لە <مار> وەرگرتووە، کە باریکی و درێژییە. وا لە خوارەوە لە هێڵکاریی ژمارە (٦)دا نموونەکانی سەرەوە نیشاندەدەین.

هێڵکاریی ( ٦ )




هێڵکارییەکانی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لە لیڤڵی فەرهەنگییدا ( گا و کۆتر ) دوو ناون و لە فەرهەنگدا تۆمار کراون و دوو توخمی فەرهەنگیین و هەریەکەیان واتای تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام لە لیڤڵی مۆرفۆلۆژییدا، کە پرۆسەی لێکدان لەوێدا ئەنجامدەدرێت، دەبن بە ( گاکۆتر و مارماسی ) لەوێشەوە سەردەکەون بۆ لیڤڵی واتایی و دەبن بە وشەیەکی سەربەخۆ واتە بە لێکسیمبوون ڕوودەدات و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، چوونکە واتایەکی جیاوازیان لە توخمە فەرهەنگییەکان هەیە، کە پێکهێنەری دروستەکەن، واتە بەهۆی پرۆسەی لێکدانەوە، فۆرمێکی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمهاتووە. لەم جۆرە لێکدانەدا ئاخێوەری زمانی کوردی، زۆر فۆرم لە لێکداندا بەرهەمدەهێنێت، بەلام مەرج نییە، هەموو ئەو لێکدانانە ببن بە لێکدراو، واتە ببن بە لێکسیمی سەربەخۆ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە لێکدان بەرهەمدار نییە، بەڵکو زۆر لەو لێکدانانە دەبن بە وشەی سەربەخۆ. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٧)ە.

هێڵکاریی (٧)





هێڵکارییەکەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە مەرج نییە هەموو لێکدانێک ببێت بە لێکدراو و ببێت بە لێکسیێمی سەربەخۆو لە فەرهەنگدا تۆمار بکرێت بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ٥ ) لە خوارەوە.

٥). ( ڕەش ماڵ، ڕەش مار، دارتاش، چەرمەگا، سەرتاش، میوەفرۆش، خەیارفرۆش، تەماتە فرۆش، کۆمپیو تەرفرۆش، سەوزەفرۆش، پیاوکوژ، کوڕ کوژ، ژن کوژ، بەرد فرۆش، ....... هتد ).

ئەم نموونانە هەموویان بەهۆی پرۆسەی لێکدان بەرهەمهاتوون، بەڵام هەموویان نەبوون بە وشەی سەربەخۆ و نەبوون بە لێکدراو، هەندێکیان هەر لە لێکداندا دەمێننەوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ، بەڵام لە وانەیە لە ئایندەدا ببن بەلێکدراو، لە خوارەوە بەهێڵکاریی نیشانیان دەدەین.بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ٨).

هێڵکاریی (٨)




ئەم هێڵکارییە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە ئەم جۆرە لە وشەی لێکدان، بوون بە وشەی لێکدراو، چوونکە دەرکردەی واتایی ئەم وشە لێکدراوانە جیاوازن لە واتای توخمە پێکهێنەرەکانی دروستەکە، کە لە دوو توخمی فەرهەنگیی پێکهاتوون، بۆ نموونە ( میوە + فرۆش ) وشەیەکیان بەرهەمهێناوە، کە دەرکردە واتاییەکەی، واتای جۆرێک لە ( پیشە) دەگەیەنێت نەک جۆرێک لە (میوە) یان جۆرێک لە (فرۆشتن)، بەڵام لە کۆتاییدا، لەبەرئەوەی <فرۆش> (X)ە، بۆیە واتای ئەو سەرکەوتووەو (ئیش و پیشەکە) سەرکەوتووە. بۆ نموونەکانی تریش هەربە هەمان شێوەیە.

هەندێک لە نموونەکانی ژمارە(٥)، وەکو گوتمان هەر لە لێکداندا دەمێننەوە، هەندێک لەو نموونانەش بەهێڵکاریی ڕووندەکەینەوە. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٩).

هێڵکاریی (٩)

* لیڤڵی واتا $X^0$ نە بوون بە وشەی سەربەخۆ/ لێکسیمی سەربەخۆ

لیڤڵی ناوەند $X^{+1}$ ( ژن کوژ، خەیار فرۆش، کوڕ کوژ، کۆمپیوتەر فرۆش )

| Y | X |
|---|---|
| ژن | کوژ |
| خەیار | فرۆش |
| کوڕ | کوژ |
| کۆمپیوتەر | فرۆش |

لیڤڵی فەرهەنگیی واتا واتا


بە پێی هێڵکارییەکەی سەرەوە بێت، هیچ کام لەم لێکدانانە نەبوون بە لێکدراو، واتە نەبوون بە وشەی سەربەخۆ، هەربۆیە هیچ دەرکردەیەکی واتاییان بەرهەم نەهێناوە، واتە لێکدانی ئەم توخمە فەرهەنگییانە بەرهەمدار نەبوون و هەر لە لێکداندا دەمێننەوە.

## ٣/٣-١-٢ ) دەرکردەی واتایی لە تەکخراوی مۆرفۆلۆژیی هاوپایەدا :

ئەگەر ئاوڕێک لە پێشتر بدەینەوە، لە پاری ( ٣/٢-٣-٢-٢)دا، باس لە (تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەی / هاوپایە ) کرا، بە پێی ئەو گریمانەیەی، کە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانیش لە هەر ئاستێکدابن پرۆژەیەکی فەرهەنگیین، دەبێت تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەش هاوشێوەی لێکدراوی مۆرفۆلۆژییانە بنەچەیەکی فەرهەنگییان هەبێت. بۆیە پێویستە لێرەدا باس لە دەرکردەی واتایی ئەمجۆرەی تەکخراوی مۆرفۆلۆژییانەی هاوپایەبکەین، چوونکە لە لێکۆڵینەوەکەماندا، ئاماژەمان بەوە داوە، هەر پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی، یان کردەیەکی مۆرفۆلۆژیی دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی واتابێت، بۆیە بەرهەمهێنانی واتا "بریتییە لە کردەی داهێنانی واتای ( فەرهەنگیی و ڕستەسازیی ) نوێ، لە لایەن ئاخێوەرەوە. جیاوازە لەو واتایەی، دانە، یان دروستە فەرهەنگییەکان هەیانە، کە زانراو و ناسراون لە نێوان کۆمەڵێکی دیاریکراوی زمانێکی دیاریکراودا "(ئیبراهیم، ٢٠١٤ ، ٧٧ ).

لە لێکدراوی مۆرفۆلۆژییدا، بنەمای ( Y + X )و(X + Y ) مان هەبوو، بەڵام لە تەکخراوی مۆرفۆلۆژییدا، بنەمای ( X + X )مان هەیە. لێرەدا توخمە فەرهەنگییەکان سەر بە هەمان کەتیگۆرین، کە بەهۆی مۆرفیمی تەکخستنەوە، دەدرێنە پاڵ یەکترو وشەی تەکخراو بە واتای نوێ بەرهەمدەهێنن، کە مۆرفیمی تەکخستنی /- و-/ دەبێتە پرۆژە سازدەری وشەی تەکخراو بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٠ ).

هێڵکاریی (١٠)





بە پێی هێڵکاریی ژمارە( ١٠ )، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مۆرفیمی /- و -/ ی تەکخستن پرۆژە سازدەری وشەی تەکخراوی هاوپایەیە لە مۆرفۆلۆژییدا بڕوانە نموونە و هێڵکاریی لە ( ٦) و ( ١١ )دا

٦)- ( هێلکەوڕۆن، سەروپێ، دەموچاو، نانوچا، برنجوڕۆن، ژنومالّ، خاوخێزان، ......... هتد ).

ئەم نموونانە بە هۆی مۆرفیمی تەکخستنی /- و -/ هوە بەرهەمهاتوون و بوون بە لێکسیمی سەربەخۆ و لە فەرهەنگیی زماندا تۆمارکراون .بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١١) ە.

هێڵکاریی (١١ )





هێڵکارییەکەی سەرەوە ئەوەمان نیشاندەدات، کە تەکخراویش، دەبێت پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی بێت، چوونکە لێکۆڵینەوەکە پێشنیازی ئەوەدەکات، ئەویش بە پێی توخمە بەرهەمهێنەرەکەی، کە مۆرفیمی / - و-/ یە، دەبێت پرۆسە سازدەری مۆرفۆلۆژیی بێت، بەوەش مۆرفیمەکە دەبێتە سەری وشە تەکخراوەکە، واتە وشەی تەکخراو نابێتە پرۆسەیەکی دووسەر بشڕوانە (Bistto and Scalise :2005:327 ). بە پێی هێڵکارییەکە بێت توخمە فەرهەنگییەکان، کە لە فەرهەنگەوە وەرگیراون بریتین لە ( هێلکە، ڕۆن، دەم، چاو، سەر، پێ ........ هتد ) ئەمانە ناون بۆ شتێکی دیاریکراو کە کۆمەڵ لە سەریان ڕێککەوتوون، بەڵام دەرکردە واتاییەکانیان، شتێکی دیکەیە و جیاوازە لە واتای فەرهەنگیی تاکە تاکەی توخمە فەرهەنگییەکان، چوونکە ئەگەر سەیری نموونەی ( هێلکەوڕۆن ) بکەین دەرکردە واتاییەکەی بربیتییە لە جۆرێک

لەخواردن، نەک ( هێلکە لەگەڵ ڕۆن)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واتای هەریەک لەو دوو پێکهێنەرە، لە وشە بەرهەمهاتووەکە هەن، کەچیی / و/ واتای تەکخستنەکەی بەرهەمهێناوە.  وە نموونەکانی دیکەش بە هەمان ڕوونکردنەوە دەیانگرێتەوە، بەڵام مەرج نییە، هەموو تەکخراوێکی لەو جۆرە ببێت بە لێکسێم یان وشەیەکی سەربەخۆ، چوونکە زۆر نموونەمان هەیە، وەک نموونەکانی ژمارە ( ٦)، تەکیەکدەخرێن، بەڵام نابن بە لێکسێمی سەربەخۆ بڕوانە نموونەکانی ژمارە( ٧)، و هێڵکاریی ژمارە (١٢) ە.

٧)- ( هێلکە و تەماتە، دەم و لوت، سەر و قاچ، لوت و چەناگە، دەست و پێ،........ هتد ).


 ئەم نموونانە بە هەمان شێوەی نموونەکانی سەرەوە تەکیەکخراون، بەڵام نەبوون بە وشەی تەکخراو و نەبوون بە وشەیەکی سەربەخۆ بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٢) ە.

هێڵکاریی (١٢)




بە پێی هێڵکارییەکە، ئەم تەکخراوانە نەبوون بەلێکسێم، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە دەرکردەیی واتاییان نییە و ئەمانە داڕێژراوێکی ئازادن و نەبوون بە وشەیەکی سەربەخۆ "واتە تاک خودی خۆی، بەئاگایی مۆرفۆلۆژییانەی خۆی بەرهەمی هێناون. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٣)ە.

هێڵکاریی (١٣)




هێڵکارییەکەی ژمارە (١٣)ە، پەیکەری لێکدراوی تەکخراومان بۆ دەکێشێت، بەجۆرێک، کە پڕۆژەیەکی داڕێژراوی نائازاد، کە لەلایەن ( $Conj^{-1}$ )بەرهەمهاتووە، لە ناویدا شکاوەتەوە، واتە لە زمانی کوردییدا یاسایی ( $X^{-1} + Y$ )، بەرهەمهێنەری داڕێژراوێکی ئازاد و نائازادیشە، هەروەک لە بەشی دووهەمدا ئاماژەمان پێدا. بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٨) .

٨)- $X^{-1} + Y \longrightarrow$ ( گوڵستان، گوڵدان، مۆمدان، ئارێشگا، سەیرانگا، خوێدان، .... هتد ). نواندنی ئەم نموونانە بە هێڵکاریی، بابەتەکەمان باشتر بۆ ڕوون دەکاتەوە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٤) ە.


هێڵکاریی ( ١٤)

ئارێشگا ——— واتای شوێن + بچوکی

سەیرانگا ——— واتای شوێن + فراوان

مۆمدان ——— واتای شوێن + بچوکی

گوڵستان ——— واتای شوێن + فراوان





بە پێی هێڵکارییەکەی ژمارە (١٤)ە، ئەوەمان نیشاندەدات، کە هەریەک لەو ناوانەی لە لیڤڵی فەرهەنگییدا هاتوون، بەهۆی پاشگرە فەرهەنگییەکەوە، واتایەکیان بەرهەمهێناوە، کە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی واتای (شوێن + قەبارە )، بەڵام هەندێک وشەی تەکخراومان هەیە لە زمانی کوردییدا، کە بەهۆی مۆرفیێمی تەکخستنی(–و–)ەوە بەرهەمهاتوون، بەڵام یەکێک لە پێکهاتەکانی وشە تەکخراوەکە واتاکەی ناڕوونە، بەهۆی پێکهاتە ڕوونەکەوە لە دەرکردەی واتای وشە تەکخراوەکەدا واتاکەی ڕوون و زانراودەبێت، وە هەندێک وشەی تەکخراوی ترمان هەیە لە زمانی کوردییدا، کە ئەویش هەر بەهۆی مۆرفیێمی تەکخستنی (– و–)ەوە بەرهەمهاتوون بەڵام هەردوو پێکهاتەی وشە تەکخراوەکە، بەتەنیا واتایان ناڕوونە، بەڵام لە دەرکردەی واتایی وشە

تەکخراوەکەدا واتاکەیان ڕوون و زانراوەن بەهەمان شێوەی وشە تەکخراوەکانی تری زمانەکەمان، ئەوەش سەلمێنەری هەبوونی و زاڵێتیی واتای لیڤڵی مۆرفۆلۆژییە. بڕوانە نموونە و هێڵکاریی ژمارە ( ٩) ەو ( ١٥)ە.

٩). ا. ( نەرمونۆڵ، سپیوسۆڵ، گورجوگۆڵ، جرِوجانەوەر، حازروبزر،.... هتد ). ئەمانە یەکێک لە کەرتەکانیان واتای ڕوونە، بەڵام کەرتەکەی تری واتای ناڕوونە.

ب. ( مشتومڕ، کەلوپەل، کتومت، ختومت،.... هتد). ئەمانە هیچ یەکێک لە کەرتەکان واتایەکی ڕوونیان نییە، بەڵام لە دەرکردەی واتای وشە تەکخراوەکەدا واتایان ئاشکراو دیارە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٥) (ا و ب)ی.

هێڵکاریی (١٥)





نموونە و هێڵکارییەکەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە (ا) واتای سەرەوە واتە دەرکردەی واتایی وشەی تەکخراوە، واتە دەرکردەی واتایی لە لیڤڵی مۆرفۆلۆژییدا زاڵە، تەنانەت واتای هەندێک لە کەرتەکانی خوارەوە بەتەنیا بەکارناهێنرێن (ب) ئەگەرچی واتای لوتکەکە لە دانە پێکهێنەرەکانی خوارەوە پێکهاتووە، بەڵام واتای سەرەوە، واتە دەرکردەی واتایی وشە تەکخراوەکە چڕترو وردترە لە هەریەک لە واتای دانە پێکهێنەرەکانی وشە تەکخراوەکە. بۆ نموونە واتای ( نەرم ) بەشێکە لە واتای (نەرمونۆڵ)، بەڵام واتای (نەرم) لە (نەرمونۆڵدا) چڕترە، واتای ( گورج) بەشێکە لە واتای ( گورجوگۆڵ)، بەڵام واتای (گورجوگۆڵ) چڕترو خەسترە لە واتای (گورج) بەتەنیا. بڕوانە ( بورهان ئەحمەد عەزیز، تویژینەوەی بڵاونەکراوە).

### ٣/٣-١-٣ ) دەرکردەیی واتایی لە دووهێندەیی مۆرفۆلۆژییانەدا :-

لە بەشی دووهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە پاری ( ٣/٢-٢-٣)دا، باس لە دووهێندەیی مۆرفۆلۆژییانەکرا، لەم بەشەشدا باس لە دەرکردەی واتایی ئەم جۆرە دووهێندەییە دەکرێت. واتە دووهێندەیی/ دووپاتکردن بۆ "بەرهەمهێنانی یەک واتایە، یەک واتاییش بەمانای ئەوەی فۆڕمێک بکرێت بەدووان بۆ ئەوەی یەک واتای پێ بگەیەنرێت، کە بەواتای – دایک – ناسراوە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٦ ) :-

هێڵکاریی ( ١٦ )




ا. $X^n = X^n + X^n$

ب. $X^a = X^a + X^a$

هێڵکارییەکە ئەوە دەردەخات، کە لە ڕێگەی دووهێندەیی کردنەوە یەک واتایی بەرهەمدێت، کە بە واتای دایک دادەنرێت" محەمەد، ٢٠١٦ ، ٤٣ ).

کەواتە پڕۆسەی دووهێندەیی لە زمانی کوردییدا بۆ دوو دەرکردەی واتاییە، کە ئەوانیش ( ا ) بۆ چۆنێتیی. ( ب ) بۆ پلەوڕادەیە . بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٧ ) ە و نموونەکانی ژمارە (١٠)ە.

١٠). ( حەتحەتۆکە، قومقومۆکە، خاڵخاڵۆکە، جاڵجاڵۆکە،... هتد ).


هێڵکاریی ژماره (١٧)

قومقومۆکه ← واتای جۆرێک له شت بۆ ئاوخواردنەوە

حەتحەتۆکه ← واتای جۆرێک له شتی بۆنخۆشکردن

خاڵخاڵۆکه ← واتای جۆرێک له مێروو

جاڵجاڵۆکه ← واتای جۆرێک له زیندەوەر




به پێی هێڵکاریی ژماره (١٧)، له سەرەوە توخمەکان له لیڤڵی فەرهەنگییدا واتایەکی دیاریکراویان هەیە، بەڵام کاتێک دەچنە ناو مۆرفۆلۆژییەوە له لیڤڵی مۆرفۆلۆژییدا، واتاو فۆرمێکی جیاوازتریان دەبێت، دواتر دەچنە قۆناغی بەلێکسێمبوون و واتای جۆرێک لەشت، یان جۆرێک له (مێروو) دەگەیەنن، واته دەرکردەی واتایی له لیڤڵی مۆرفۆلۆژییدا جیاوازە، له واتای فەرهەنگیی توخمە

فەرهەنگییەکان، کە پرۆسەی لێکدان بۆ ئەم مەبەستەیە، کە بەرهەمهێنانی واتایە. "جگە لە وەش لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، تەرزی دووهێندەیی ( dubling ) بۆ گەیاندنی واتا، بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە، ئەگەرچی خودی خۆی ناوی دووبارەکردنەوەی مۆرفۆلۆژییانە- (morphological- dubling )یە، بەڵام هەردەبێتە ئەڵتەرناتیڤی مۆرفۆلۆژییانە، چوونکە جێگرەوەی دارشتنی وشەیە، کە ئەمە بەچەند جۆرێک لە زمانی کوردییدا دەردەکەوێت، هەریەکە لە وانەش هەر پەیوەست دەبێتەوە بەو هێڵکارییەی سەرەوە، بۆ نموونە زۆر جار لە زمانی کوردییدا خودی دووبارەکردنەوە بۆ گەیاندنی نیشانەی چۆنێتی دەبێت، ئەویش بۆ جێگرتنەوەی فۆرمدارشتنە بۆ نیشانەی [ + چۆنێتی ]، واتە یەکێک لە ڕێگاکانی پۆلەڕەگەز هێنانەوە بۆ نیشانەکان، بەڵام وەک لە نموونەکانی ( خاڵخاڵۆکە، جاڵجاڵۆکە، حەتحەتۆکە، قومقومۆکە،.......) دیارە، فۆرمێکی دووبارەکراوە لەناو یاسایەکی مۆرفۆلۆژییدا شکاوەتەوە و بۆتە بناغەیەک بۆ یاسایەک و بۆ پاشگرێک" .( محەمەد، ٢٠١٦ ، ٤٤ ). ، بڕوانە هێڵکارییەکەی ژمارە (١٧)دا.


هەریەکێک لەو وشانەی لە هێڵکارییەکەی ژمارە(١٧)ە، هاتوون بۆ ئەوەیە، واتایەکی پێ بگەیەنین بە دووبارەکردنەوەی وشەکە بە پێی یاسایەکی مۆرفۆلۆژیی، کە بە دووبارەکردنەوەی ناوخۆیی یان هاوسێیی ناودەبرێت، چوونکە دووهێندەکردنەکە، لە سنوری خودی وشەکە تێناپەڕێت، هەر ئەوەشە، کە دووهێندەیی( dubling ) لە لێکدراو جیادەکاتەوە،( بشرپوانە سەعید کەرەمی:١٣٩٦- ٢٠١٧: ٣٧ و بڕوانە، محەمەد،٢٠١٦، ٤٤). ئەوەی باسی لێوەکرا، هەر لە چوارچێوەی دووهێندەیی ناوخۆییەکانە، کە بۆ ڕەخساندنی واتای چۆنێتیی و پلە و ڕادەیە، " بەڵام هەر لەو چوارچێوەیەشدا، بۆ گەیاندنی واتاو نیشانەی چۆنێتیی ڕێگایەکی تری مۆرفۆلۆژییانەمان هەیە، کە لە ڕێگای ناوبەندەکانەوە بەهۆی دووبارەکردنەوەی بناغەیەکەوە، وشەی نوێ بۆ واتای نوێ بەرهەمدەهێنرێت، بڕوانە نمونەکانی ژمارە (١١)ە.

١١). ( / پشتاوپشت/، / شارەوشار/،/ کۆڵانەوکۆڵان/، / دێبەدێ/، / سەرانسەر/،/ شاخەوشاخ/،/ دەماودەم/، /.......). (محەمەد، ٢٠١٦، ٤٤ ). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٨ ) ە.

هێڵکاریی (١٨)

واتای چۆنێتیی | واتای چۆنێتیی | واتای چۆنێتیی

دەماودەم | شاخەوشاخ | کۆڵبەکۆڵ




دەماو + دەم | شاخەو + شاخ | کۆڵبە + کۆڵ

داڕژاو + سادە | داڕژاو + سادە | داڕژاو + سادە

ئەوەی لە هێڵکارییەکەی ژمارە (١٨)دا، نیشاندرا، ڕێگایەکی دووبارەکردنەوەی ناوخۆیی/ هاوسێییە بۆ بەرهەمهێنانی وشەو گەیاندنی واتای چۆنێتییە لە مۆرفۆلۆژییدا، کە بۆ پلە و ڕادەش بە هەمان شێوە بە ڕێگای دووبارەکردنەوەی ناوخۆیی، وشەو واتای نوێ بەرهەمدەهێنرێت، بەڵام دووبارەکردنەوەی ئەو پۆلەڕەگەزانەی خۆیان خاوەنی نیشانەی چۆنێتیین، بۆ چڕکردنەوەیە و پلەو ڕادەی زیاتر بە واتاکە دەدات، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەک ( ئازاد جوان ئۆتۆمبیلەکەی پاککردەوە.)دا، ئەگەرچی ئاوەڵناوی <جوان> خۆی خاوەنی نیشانەی چۆنێتییە، بەڵام بە دووهێندەکردنی ئاوەڵناوەکە بووە بە پلەو ڕادە. بڕوانە ( ئازاد جوان جوان ئۆتۆمبیلەکەی پاککردەوە.) بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ١٩ )ە.

هێڵکاریی ( ١٩ )

واتای(دایک) واتای ڕادەو پلە

واتا کچ　　　واتا کچ

جوان　　　جوان

خێرا　　　خێرا

ئەوەی لە هێڵکارییەکەی ژمارە(١٩)دا، ڕوونکراوەتەوە، شێوازی یەکگرتنی هەردوو ئاوەڵناوەکەیە بۆ گەیاندنی واتایەکی چڕتر، کە پلەو ڕادەیە، واتە بەهۆی دووهێندەکردنی ئاوەڵناوەکە واتایەکی چڕتری ئاوەلناوەکەمان دەست دەکەوێت، کە پلە و ڕادەی ئاوەڵناوەکە دەردەخات. بڕوانە نموونەکانی ژمارە( ١٢)ە.

١٢). ا. نەسرین جوانماڵەکەی پاککردەوە.

ب. نەسرین جوان جوان ماڵەکەی پاککردەوە.

پ. ئازاد باش کارەکەی ڕاپەڕاند.

ت. ئازاد باش باش کارەکەی ڕاپەڕاند.

نموونەکانی (١٢ ب و ١٢ ت) ئەوە نیشاندەدەن، کە واتای ئاوەڵناوەکان بە دووهێندەییکردن چڕترە لە واتای ئاوەڵناوەکان بەتەنیا.

## ٤/٣) دەرکردەی واتایی لە تەکخراوی دووهێندەیی هاوپایەی سینتاکسییدا :


پێشوتر لە پاری ( ٣/٢-٢-٤-٣ )دا، باس لە تەکخراوی دووهێندەی سینتاکسیی کرا، لەم پارەشدا باس لە دەرکردەی واتایی ئەم جۆرەی تەکخراوی دووهێندەیی دەکەین، بێگومان دەبێت هەموو لێکدانێک و تەکخراوێک بۆ بەرهەمهێنانی واتابێت، بۆ ئەوەی فۆڕمی نوێ بە واتای نوێوە بەرهەمبهێنرێت. هەروەک لە پاری پێشووتردا، باسمان لە دەرکردەی واتایی دووهێندەیی لە

مۆرفۆلۆژییدا کرد، "کە ڕێگایەکی دووبارەکردنەوەی ناوخۆیی بوو بۆ دروستکردنی وشەو گەیاندنی واتای چۆنێتی دەکرێت، بە هەمان تەرزی پێشووتر بە هۆی سینتاکسیشەوە بەرهەمبهێنرێت، واتە ڕێگای سینتاکسیش، هەر بۆ گەیاندنی واتای چۆنێتی بێت، بەڵام جیاوازیی دووهێندەیی سینتاکسیی، لەگەڵ دووهێندەیی مۆرفۆلۆژیی، ئەوەیە، دووهێندەیی سینتاکسیی ئازادانەیە و ئاخێوەری زمان دەتوانێت، بێ کۆتایی لەو دروستەیە لەو جۆرە دووهێندەییانە بەرهەمبهێنێت"(محەمەد، ٢٠١٦ ، ٤٥ )..بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ١٣)دا، کە بەبێ (یاریدە)یەو بە هۆی هێزەوە دووهێندەییەکە بەرهەمهاتوون.

١٣)- ( پۆل پۆل، دەستە دەستە، خوێندکار خوێندکار، جوان جوان، کوڕ کوڕ، دوو دوو، کەم کەم، ....... هتد ).

بە پێی نموونەکانی ژمارە (١٣)ە، دروستەکە بۆ پڕکردنەوەی کەرەستەکان لە بەردەم ئاخێوەری زمانی کوردییدا ئازادانەیە، بەجۆرێک هەروەک پێشتر گووتمان لەسینتاکسدا ئاخێوەر دەتوانێت لەو جۆرە دووهێندەییە بەرهەمبهێنێت، بەڵام ئەم دروستانە کە بەهۆی دووهێندەیی سینتاکسیی بەرهەمهاتوون نەبوون بە پۆلەڕەگەز واتە ( نەبوون بە ناو، یان ئاوەڵناو)، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ٢٠ ) ( ا و ب ).


هێڵکاریی ژمارە (٢٠).




بە پێی هێڵکارییەکەی سەرەوە دووهێندەی سینتاکسیی، بە هەمان شێوەی دووهێندەیی مۆرفۆلۆژیی، دووجۆر لەواتامان بۆ بەرهەمدەهێنێت، ئەویش واتای چۆنێتی و واتای پلەو ڕادەیە.بڕوانە ( ZOLL ) لە ( محەمەد، ٢٠١٦، ٤٢ )دا، نموونەکانی ژمارە (١٣،) بەبێ یاریدەبوون، کە وەک ئاماژەی پێدرا سترێس ڕۆڵی لە تەکخستنەکەدا هەیە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی ژمارە ( ١٤)ە، ئەوە دەردەکەوێت، کە لە دووهێندەییە سینتاکسییەکەشدا، مۆدێلی ناهاوپایەی دروستەیی پێشبینی لێکراوە، ئەویش لەبەرئەوەی پرۆسەیەکی نائازاد لەناو دروستەکەدا شکاوەتەوە، لەبەرئەوەی دووهێندەییەکە سینتاکسییە، پێشبینی دەکرێت فرێزێکی پێشناوی (pp ) لە ناو دروستەکەدا بێت.

١٤)- ( سەر بەسەر، شار بەشار، ساڵ بەساڵ، دێ بەدێ، کۆڵان بە کۆڵان، گەڕەک بەگەڕەک، نەتەوە بەنەتەوە، وڵات بەوڵات، شوێن بەشوێن.... هتد ). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ٢١) ە.

هێڵکاریی (٢١)





بە پێی هێڵکاریی ژمارە (٢١)، دووهێندەیی لەم چەشنە، لەبەرئەوەی سینتاکسییە، لە بەکارهێناندا بەرهەمهێنەری جۆرێک لە فرێزی نائازادە ، بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەی ئاوەڵکردار ئامادە دەکرێت.

## ٣/٤-١ ) دەرکردەی واتایی دروستەی سینتاکسیی/ ڕستە :

لەبەرئەوەی بۆ دیاریکردنی واتای دروستە مۆرفۆلۆژییەکان لیڤڵی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی کرانە پێوەر، دەبێت لە لێکدانەوەی واتایی ڕستەیشدا، لیڤڵی فەرهەنگیی، گریمانەیەکی ناو لێکدانە واتاییەکەبێت، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە، بە پێی نواندنەکەی دواتر، لە ناو مۆدێلی ڕێزمانەکەدا دەچینە ئاستی لێکدانەوەی ئەو واتایەی، کە لە سینتاکسیی/ ڕستەدا بەرهەمدەهێنرێت، ئەمەش بازدانە لە

واتای فەرهەنگیی_ مۆرفۆلۆژییەوە بۆ واتای ناو سینتاکس، ئەمە پاش ئەوەی لە ناو لێکدانەوەی واتای مۆرفۆلۆژییدا قۆناغی لێکدان، یان بەلێکسیمنەبووی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان واتای سینتاکسیی دروستە، هاوپایەو ناهاوپایەکان خرانەڕوو، لێرەوە واتای دروستەی سینتاکسیی ڕستە بە پێی ئەو تیۆرانەی بۆ ئەو دروستەیە پێشنیازکراون، کاریان لە سەر دەکرێت، چوونکە قۆناغی لێکدانەوەی واتایی و بەرهەمهێنانی واتایی، بۆ دەرکردەی واتایی ڕستەن، بۆیە لێرەوە بەتایبەتی لێکدانەوەی واتایی و قۆناغەکانی گەیشتن بە واتای ڕستە، دەکرێتە پێوەر، بۆ دەرکردەی واتایی سینتاکسیی ڕستەو پاش ڕستە . بڕوانە نواندنی ژمارە (٣) ە.

نواندنی ژمارە (٣) .




بە پێی نواندنەکەی ژمارە(٣)، ئەوە نیشاندەدرێت، بۆ دیاریکردنی واتای دروستە مۆرفۆلۆژییەکان، لیڤڵی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی کراونە پێوەر، بە پێی مۆدێلی ڕێزمانەکە، دەبێت بچینە ئاستی لێکدانەوەی ئەو واتایەی، کە لە سینتاکس/ ڕستەدا بەرهەمدەهێنرێت، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەمەش بازدانە لە واتای فەرهەنگیی _ مۆرفۆلۆژییەوە بۆ واتای ناو سینتاکس."زۆرجار ڕستە بەدانەی سەرەکیی واتا دادەنرێت، واتای فەرهەنگیی وشەکان بەشێک لە

واتای ڕستە پێکدەهێنێت و بەشەکەی تری، لە ڕیزکردن وەردەگیرێت، جا ئەو ڕێسایانەی کە ڕستەیان لێپێکدێت، یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتادار و بێواتا لەیەک جیا بکەینەوە بڕوانە نموونەی ژمارە( ١٥)ە .

١٥). برایەکەم قەیرەیە و شووی نەکردووە.

واتاسازیی ئەم ڕستەیە بە نائاسایی/ ناوێزە ناودەبات، چوونکە واتای ئەوە دەدات ( – برا نێرینەکەم مێینەیە و شووی نەکردووە). لێرەدا هەردوو ڕەگەزی مێینەو نێرینە دوو چەمکی دژبەیەکن و ڕستەکە ناوێزە دەکەن" (دزەیی، ٢٠١١ ، ١٥٥ ). واتای ڕستە بەزانینی واتای وشەکان تەواونابێت و گرنگیی ڕیزکردنی ئەم وشانەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر واتاکەیدا هەیە، ئەمەش بیرە سەرەکییەکەی تیۆری پێکهاتەی سیمانتیکی ( کاتز و فۆدەرە)، واتای ڕستە بە پێی ئەم تیۆرە دوور لە دەوروبەر لێکدەدرێتەوە، هەروەک ( بلۆم فێلد) بانگەشەی ئەوە دەکات، واتای ڕستە دەبێت دوور لە دەوروبەر لێکبدرێتەوە، چوونکە ئەگەر واتای ڕستە بە دەوروبەرەوە ببەستینەوە ئەوا واتای وشە کۆتایی نایێت.( جۆن لاینز) پێی وایە، ڕستە گەورەترین دانەیە لە شیکردنەوەی ڕێزماندا( هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠١١، ١٥٦).

## ٣/٤-١-١) دەرکردەی واتایی لە ڕستەدا:


پاش خستنەڕووی بنەماکانی لێکدانەوەی واتایی، کە لە فەرهەنگەوە بۆ دروستەی قووڵ دەستی پێدەکرد، دەبێت لێرەوە ئەو بیرۆکەیە بۆ قۆناغی بە سینتاکسبوونی پۆلەڕەگەزەکان دەخرێتەڕوو، واتە قۆناغی ڕستەیش، هاوشێوەی قۆناغی لێکدانەوەی واتایی لە مۆرفۆلۆژییدا، دەبێت ئاستی فەرهەنگیی هەبێت، بە پێی ئەوەی، کە لە فەرهەنگەوە بۆ دارشتەی دروستەی قووڵ دەڕۆین، دەبێت هەر لە ڕستەی سادەوە هاوشێوەی وشە ناسادەکان، ئاستی فەرهەنگیی بۆ بونیاتنانی دروستەیەکی چەمکیی لە دروستەی قووڵ بڕوانە خشتەی ژمارە (١) لە خوارەوە، کە پێکهاتەیەکی واتاییە لە مۆدێلی ڕێزمان، لە فەرهەنگەوە بۆ دروستەی قووڵ. بەوەش لەو جێبەجێکردنەدا لە نێوان ئاستی فەرهەنگیی و ئاستی لێکدانەوەی واتاییدا واتای ڕستەمان دەستدەکەوێت بۆ ئەوەش، واتە بۆ بەدەستهێنانی واتای ڕستە دەبێت لە کردارەوە پێکهاتەی واتایی و هەڵاوێرکردنەکان دەست پێبکات بڕوانە ( عەزیز، ٢٠٢٢، ٧٨ – ٧٩ )، بەوەش کردار کرۆکی لێکدانەوەی واتایی و دەرکردەی واتایی ڕستەیە، واتای چەمکییانەی دروستەی قووڵ کردارەکە دەبێت https://instituteofclinicalhypnosis.com/nlp/difference-between-deep-and-surface-structure-nlp/ ، بۆ نموونە ئەگەر لە ڕستەیەکدا، کرداری < کوشت > لە فەرهەنگەوە هێنرابێت، ئەوا دەرکردەی واتایی ڕستەکە بۆ باسکردنە لە (کوشت)، بەڵام ئەگەر

کرداره هێنراوەکە < کێڵا > بێت، ئەوا کۆی واتای ڕستەکە لە دەوری (کێڵان) دەسوڕێتەوە نموونەکانی ژمارە ( ١٦)ە ا و ب . و جێبەجێکردنەکەی لە خوارەوە.


خشتەی ژمارە ( ١)

| |
|---|
| فەرهەنگ<br>کوژ |
| مۆرفۆلۆژیی<br>پیاوکوژ |
| ڕستە<br>ئەو، پیاو، کوشتن |

١٦). ا. ( پیاوکوژ، پیاوەکە مرد )



ب. ئەو زەوی کێڵا/ ئەو زەوی کڕی.




## ٤/٣-١- ٢) دەرکردەی واتایی لە ڕستەی لێکدراودا :

پێشتر لە بەشی دووەهەمدا لە پاری، ( ٤/٢-٢-٢-١)دا، باس لە ڕستەی لێکدراو و جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو کرا، لەم پارەشدا باس لە دەرکردەی واتایی ڕستەی لێکدراو دەکەین. بێگومان " ناتوانرێت واتای وشەکان ( دانە فەرهەنگیەکان) بەبێ لێکۆڵینەوەی واتای ڕستەکان بە دروستی لێکبدرێتەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، ئاسان نییە، واتای ڕستە بەبێ لێکۆڵینەوەی واتای وشەکان ڕوونبکرێتەوە، لەبەر ئەو هەمئاهەنگییەی لە نێوان زانیارییە فەرهەنگیی و زانیارییە سینتاکسییەکاندا هەیە و پێویستە هەبێت، واتای وشەکان/ لێکسیمەکان و تەنانەت وشە پێکەوە- هاتووەکانیش، بەندە بە بەکارهێنانی لە ڕستە جیاوازەکاندا، بڕوانە نموونەکانی ژمارە ( ١٧)ە. پێکهاتەی ڕێزمانی یەکێکی ترە، لە زانیارییە سینتاکسییەکان، کە بۆ واتای ڕستە گرنگە، بەم پێیە واتای ڕێزمانی، دەبێتە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی واتای ڕستە" (ئیبراهیم، ٢٠١٤ ، ٤٨ ).

۱۷)-  ا. من نان دەخۆم، ئینجا دەڕۆم بۆ سەرکار .

ب. کاتێک من هاتم، ئەوان ڕۆیشتبوون .

ڕستەکانی (۱۷)ە ئەوە نیشان دەدەن، کە دەرکردەی واتایی ڕستەکان بریتین لە ( خواردن، ڕۆیشتن، هاتن، )، چوونکە لەڕستەی (۱۷-ا)دا، (ڕۆیشتن) بۆ سەر کار بە نان خواردنەوە پەیوەستکراوە ، لە ڕستەی (۱۷-ب)دا، (ڕۆیشتنەکە) بە درەنگ هاتنەوە پەیوەستکراوە ، چوونکە من درەنگ گەیشتم بۆیە نەم توانی ئەوان ببینم. بۆ نموونە ڕستەکانی (۱۷) بەو شێوەیە دەنوێنرێن.


۱۷).ا.   [خواردن [[ من ، نان]]ئینجا [ڕۆیشتن [[ من، سەرکار ]] .

ب.  کاتێک[هاتن [ من ]]   ،   [ڕۆیشتن [ ئەوان ]].

لە هەنگاوی یەکهەمی شیکردنەوەی واتای ڕستەی لێکدراودا پریدیکاتەکان دەردەهێنرێن، کە کردارەکانن، چوونکە کردار جڵەوی ڕستەی بەدەستەو ئەو داوای ئارگۆمێنتی بکەر و بەرکار بۆ تەواو کردنی ڕستە و واتای ڕستەکە دەکات ، لە هەنگاوی دووهەمدا دانە زمانییەکان ڕیزدەکرێن بەو شێوەیەی کە مۆدێلی زمانی کوردی ڕێگای پێدەدات، کە ( بکەر، بەرکار، کردار ) ن.  بڕوانە (ئیبراهیم : ۲۰۱٤، ۸۰-۸۱). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (۲۲).

هێڵکاریی ( ٢٢)

من نان دەخۆم   ئینجا   دەڕۆم بۆ سەرکار.




هێڵکارییەکە ئەوەمان نیشاندەدات، کە مەبەستی باس لێوەکراو لەو ڕستە لێکدراوەدا (خواردن) و (ڕۆیشتن)ە، کە (ڕۆیشتن)ەکە پەیوەستە (بەنان خواردن)ەوە، واتە ئەگەر درەنگ نان بخوات، بۆسەر کارەکەی درەنگ دەکەوێت، بۆ ڕستەی (١٧-ب)ش، بە هەمان شێوەیە. ئەگەرچیی لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستە لێکدراوەکە بە کرداری ڕستە سادەکانەوە بەستراونەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە بەشی دووهەمدا، لە ڕووی دروستەوە، گریمانەی ئەوە کرا، کە مۆرفیمەکانی (بەڵام، کەچیی، یان، ئنجا) بەرهەمهێنەری ڕستەکەن، بۆیە لە لێکدانەوە واتاییەکەی ڕستەی لێکدراویشدا واتای هەریەک لەو مۆرفیمە لێکدەرانە ڕۆڵی خۆیان دەبێت. بۆ نموونە ئەو ڕستە لێکدراوانەی بە /بەڵام/ و /کەچیی/ بەرهەمدێن، ڕستەیەکی هەواڵیی_ئەنجامیی و هەواڵیی_ پێچەوانیی بەرهەمدەهێنن، https://akademia.com.ng/what-is-a-coordinator-semantic-

implications-with-types-and-examples/واتا ئەگەرچیی کردار پێکهێنەری واتان، بەڵام لۆژیکی واتایی ڕێکخستنی هەردوو ڕستەکە، بە پێی ئەو مۆرفیمانە دەبێت، بڕوانە ڕستەکانی (١٨)

١٨) ا. نەوزاد حەزی لە خواردنە، بەڵام زۆر ناخوات.


ب. نەوزاد زۆر کۆششدەکات، کەچیی دەرناچێت.

هەرچەندە ڕستەکانی (١٨)، بۆ واتای کردارەکانی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە هەریەک لەو ڕستانەدا مۆرفیمەکانی ڕستە لێکدراوەکە، دەبنە دەرئەنجامی کۆتایی لێکدانەوەی واتای ڕستەکە بەیاندەکەن. ڕستەی (١٨-ا) ئەگەرچیی کردارەکانی ڕستە لێکدراوەکە (حەزلێبوون)و (خواردن)ە، بەڵام دەرکردە واتاییەکەی بۆ هەواڵێک و ئەنجامەکەیەتی. هەروەها ڕستەی (١٨_ب)، ڕستە لێکدراوەکە بۆ هەردوو واتای کردارەکانی (کۆششکردن)و (دەرنەچوون)ە، بەڵام دەرکردە واتاییەکەی پەیوەست بە ڕستە لێکدراوەکەوە، هەواڵێک و ئەنجامێکی پێچەوانەیە

### ٤/٣-١-٣) دەرکردەی واتایی لە ڕستەی تەکخراودا :


بە هەمان شێوەی ڕستەی لێکدراو، لە بەشی دووهەم لە پاری ( ٤/٢-٢-٢-٢)دا، باس لە ڕستەی تەکخراویش کرا، لەم پارەشدا، باس لە دەرکردەی واتایی ڕستەی تەکخراو دەکەین. ڕستەی تەکخراو،" کە پێواژۆی لێکدان و خستەنە تەکیەکی دوو ڕستەی سادە دەگرێتەوە، بنەماکانی تیۆری X-bar پێویستیی بە هەبوونی سەرێکی ڕێزمانی پڕۆژەسازدەرە، تاوەکو بەهۆیەوە پێواژۆی خستنەتەکیەکەکە جێبەجێبکات، بۆ ئەوەش مۆرفیمی خستنەتەکیەکی/- و-/، سینتاکسییانە وەک سەرێکی ڕێزمانی حوکمکەر بۆ بونیاتنانی دروستەی ئەمجۆرە ڕستەیە، گۆدەکات" (سەعید، ٢٠٢٠ ، ٢٥٠). بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ٢٣) لە خوارەوە.

هێڵکاریی (٢٣)



بە پێی هێڵکاریی (٢٣)، مۆرفیمی تەکخستن $Conj^0/X^0$ لە ناو $X^-$ ە ناوەندییەکەدا، سەری ڕێزمانییە، بۆیە وەک هەر توخمێکی فەرهەنگیی دیکە، زانیاریی ئەبستراکتی فەرهەنگیی لە ناوەخنیدا هەڵگیراوە، لێرەدا پەیوەست بە ڕستەی تەکخراوەوە، $Conj^0$ دەبێتە پریدیکاتۆر/ ئارگۆمێنت- داواکەر، بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێک پرۆژەی ڕستەیی/ نائازادی شکاوە، کە دروستەیەکی لە جۆری [ $X^-/Conj^-$] ی دەبێت. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە( ٢٤) .

هێڵکاریی (٢٤)




بە پێی هێڵکاریی ( ٢٤)، ئاراستەی هەڵاوێرکردنی ویستی فەرهەنگیی کۆنجەکشنی /- و-/، کە مۆرفیمێکی خستنەتەکیەکی سینتاکسییە، هاوشێوەی فرێزە تەکخراوەکان، سەرەتا بەهۆی $Conj^0$ ەوە بەرەو لای ڕاست و پاشانیش بەهۆی $Conj^-$ ەوە، بەرەو لای چەپ جێبەجێ دەبێت(سەعید، ٢٠٢٠ ، ٢٥٣ ). ئەمەش بە جۆری دروستە بەرهەمهاتووەکەوە بەندە، کە دروستەیەکی لە جۆری تەکخراو دەبێت، دەرکردە واتاییەکەشی، هەر لەهەمان جۆرە بڕوانە نموونەکانی ژمارە(١٩) لە خوارەوە.

١٩)- ا. من نان دەخۆم و دەڕۆم . واتە ( من نان دەخۆم پاشان دەڕۆم / نەک شتی تر )

ب. ئازاد هات و ڕۆیشت . واتە ( ئازاد هات و یەکسەر ڕۆیشت / نەک کەسی تر )


نموونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە دەرکردەی واتایی ڕستەکان، بریتین لە <خواردن، ڕۆیشتن، هاتن>، چوونکە (ڕۆیشتن) لە ڕستەی (١٩-ا)دا، پەیوەستە (بەنان خواردن)ەوە، واتە کەرتی دووهەم بووە بەخورتی بۆ کەرتی یەکەم، لە ڕستەی (١٩-ب)دا،ا بە هەمان شێوەی ڕستەی یەکەم وایە لە ڕووی دەرکردەی واتاییەوە، نموونەکانی ژمارە (١٩)، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنرێن. بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، بڕوانە هێڵکاریی ( ٢٥) ە.

١٩) – ا. [ دەخۆم [من، نان] ] و [ دەڕۆم [ من ] ].

ب. [هات [ ئازاد ] ] و [ ڕۆیشت [ ئازاد ] ].

بە پێی نواندنەکەی سەرەوە بێت لە ڕستەی (١٩–ا.)دا، ( دەخۆم، دەڕۆم) پریدیکاتن و جڵەوی ڕستە تەکخراوەکەیان بەدەستە، (من، نان)، داواکراون لەلایەن کردارەوە، لە ڕستەی (١٩–ب.)دا، ( هات، ڕۆشت) پریدکاتن و جڵەوی ڕستە تەکخراوەکەیان بەدەستە و دەرکردەی واتایی هەردوو ڕستەکەش پریدیکاتەکانن.

هێڵکاریی (٢٥)




هاتن ⎤ دەرکردەی واتایی / دەرەنجام

ڕۆیشتن ⎦

هێڵکارییەکەی سەرەوە ئەوە نیشاندەدات، کە دەرکردەی واتایی ڕستە تەکخراوەکە <هاتن و ڕۆشتن>ە نەک شتی تر.

دەرکردەی واتایی ڕستەی تەکخراویش، لە ئەو کردارانەوە هەڵدەهێنجرێن، کە جڵەوی دروستەی قووڵی ڕستە سادەکە دەگرن. وەک لە (٤/٢–٢–٢–٢)دا، باس لەوەکرا، ڕستەی تەکخراو بەرهەمی مۆرفێمی تەکخستنە /و/، بۆیە لەبەرئەوەی ئەو مۆرفێمە سەنگی دروستەیی هەیە، بۆیە دەبێت لە ناو ئەو دروستە بەرهەمهاتووەکەشدا کە بە دروستەیەکی خورتیی ناسێنرا، جڵەوی واتایی لە تەکخستنەکەشدا هەبێت. هێڵکاریی (٢٥) بۆ خستنەڕووی پەیوەندییە هەڕەمییەکەی تەکخستنی ڕستەیە، دەرکردە واتاییەکەی بۆ هەردوو کرداری <هاتن و ڕۆیشتن>ە، بەڵام لەبەرئەوەی تەکخستن بۆ دەربڕینی واتای لۆژیکییە، بۆیە لە سەروو واتای کردارەکانەوە، واتاو پەیوەندیی واتایی لۆژیکیی هەیە، هیچ یەک لە ڕستەکان دەرخەری ڕستەیەکی دیکە نابێت https://studfile.net/preview/4533404/page:7/، بەڵکو مۆرفێمەکە کە سەری ڕێزمانییە،

واتای لۆژیکیی نێوان هەردوو کردارەکە بۆ بنیاتنانی واتای ڕستەکە بەرهەمدەهێنێت، بە جۆرێک بەبوونی مۆرفێمی /و/، پێشبینییەکان بۆ واتای کرداری دووهەم چڕدەکاتەوە. بڕوانە نموونەکانی ژمارە (٢٠).

٢٠) ا. من نانم خواردو ..........

ب. نەوزاد ڕۆیشت و ........

پ. نەسرین شووی کردو .........

لە ڕستەکانی (٢٠)دا، کردارەکانی <خوارد ، ڕۆیشت، شووکرد>، سەربەخۆیانە لە چێوەی دروستەی ڕستە سادەکەدا، واتاو جڵەوەکانیان بۆ ئارگومێنتەکانی لای ڕاستن، بەڵام بە مۆرفێمی خستنە تەکیەکەکە پێشبینیی لۆژیکیی بۆ واتای کرداری ڕستەی دووهەم دەستەبەر دەبێت، بۆ نموونە پێشبینی بۆ کرداری <شووکرد> لە ڕستەی (٢١)دا دەخرێتەڕوو.

٢١) نەسرین شوویکردو منداڵی بوو/ سەفەریکرد/ تەڵاقدرا/..........

لە نموونەی (٢١)دا هەرچەندە دەرکردەی واتاییەکە لە کردارەکانی <شووکرد>و <منداڵبوو> و ....ەوە دەستدەکەون، بەڵام پەیوەندیی واتایی لۆژیکیی لە کرداری <شووکرد>نەوە دەستدەکەون، بۆیە پێشبینیی واتایی کۆی کردارە بەکارهاتووەکان دەستەبەری دەکەن، بەڵام واتا لۆژکییەکە لە کرداری یەکەمەوەیە.

# ئەنجام

١. بنەماکانی لێکدان پێشینەیەکی فەرهەنگییان هەیە، بە جۆرێک هەر لە فەرهەنگەوە بارگە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی لێکدراوی وشەیی و سینتاکسییش دەخرێت. هەرچەندە پێواژۆی لێکدانەکە تەنها بارگەخستنێکە، بەڵام بۆ هەریەک لە بەلێکسیمبووونی لێکدانێکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییش بە بنەمای واتاو فۆنۆلۆژییەوە دەبێت، بە جۆرێک وشەی لێکدراو و بەلێکسیمبوونیش دەرئەنجامی پێواژۆی لێکدانن.

٢. ئەگەرچیی لێکدراوی مۆرفۆلۆژیی ناهاوپایە لە توخمی فەرهەنگیی (X + Y ) بەرهەمدێت، بەڵام مەرج نییە هەموو کات ( X ) سەری وشە لێکدراوەکەبێت، هەربۆیەش هەردوو گریمانەی ( X + Y ) و ( Y + X ) تاقیکراونەتەوە، کە لە گریمانەی ( Y + X )دا یەکەمیان سەرێکی باس لێوەکراوە و دووهەمیان سەرێکی دەسەڵاتدارە بۆ بنیاتنانی فۆرمێکی نوێ.

٣. ئەگەرچیی لێکدراوی تەکخراو بنەمایەکی هاوپایەی هەیەو لە توخمی فەرهەنگیی (X + X) بەرهەمدێت، بەڵام لەناو خۆیدا داڕێژراوێکی نائازاد دەشکێتەوەو مۆرفیمی تەکخستنی /و/ دەبێتە سەری لێکدراوەکە، بەوەش هەڵگوێزراوێکی نائازاد لەناو دروستەکەدا دەشکێتەوە.

٤. تەکخراوی دووهێندەیی، پرۆژەیەکی مۆرفۆلۆژیی_سینتاکسییە، ڕوانگەی تەکخراویی لە دووهێندەییدا بۆ هەبوونی دوو (X + X) دەگەڕێتەوە، بەڵام لە تەکخراوی دووهێندەییدا (X)ەکان هاوئاماژەن و لە نواندنە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانیشیاندا بۆ واتای چۆنێتیین.

٥. تەکخراوی دوو هێندەیی دەرکردەیەکی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییانەی هەیە، سینتاکسیی پرۆسەکە هەمیشە ئازادانەیەو لە سەر هەمان مۆدێلی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکەی هەیە، بەڵام نەبووە بە لێکسیمی سەربەخۆ، ئاخێوەری زمانی کوردیی بۆ بەرهەمهێنانی واتای ئاوەڵکرداری چۆنێتیی، دەریدەبڕێت.

٦. سەرەڕای ئەوەی دووهێندەیی لە تەرزە سینتاکسییەکەیدا نائازادەو لە ئەگەری بە لێکسیمبوونیدا دەبێتە مۆرفۆلۆژیی/ وشە، بەڵام زۆرجار لە پێواژۆیەکی شکانەوەو بە پرۆسەی هەڵگواستن دەبێتە لێکسیمی سەربەخۆ، بەوەش دووهێندەییەکە لەناو پێواژۆی هەڵگواستندا دەشکێتەوە. ئەمە جگە لەو لێکدانانە ناهاوپایانەی(X+Y)انەی بە پرۆسەی هەڵگواستن دەبن بە لێکسیمی سەربەخۆ.

٧. پرۆسەی لێکدان لە هەموو زمانێکدا بۆ بەرهەمهێنانی واتای نوێیە، بۆیە دەرکردەی واتایی پرۆسەی لێکدان، ئەگەرچیی لە دانەکانی ئاستی فەرهەنگییەوە بەرهەمدێن، بەڵام دەرکردە واتاییەکان لە وشەی لێکدراوو تەکخراودا جیاواز دەبێت. واتاکان بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژیی لێکدراوی واتای نوێی ناو مۆرفۆلۆژیین و بۆ هاوپایەکانیش واتای چۆنێتیی دەبێت.

٨. سەرەڕای ئەوەی لێکدان لە مۆرفۆلۆژییدا بەرهەمهێنی واتای نوێیە لێکدانی سینتاکسیی لە هەردوو فۆڕمی ڕستەی لێکدراوو تەکخراودا واتای نوێ دەردەبڕن. لە لێکدراوەکاندا ئەگەرچیی واتای کرداری ناوڕستەکان لە دروستەی قووڵەوە کاریگەرییان هەیە، بەڵام دوا دەرکردەی واتایی بۆ مۆرفیمەکانی لێکدانن، کە واتای هۆو ئەنجامیی و پێچەوانەیی و .... بەرهەمدێنن. پەیوەست بە ڕستەی تەکخراویشەوە، مۆرفیمی تەکخستن واتای لۆژیکیی نێوان هەردوو کردارەکە بەرهەمدەهێنێت، بەوەش ڕستەی لێکدراوو تەکخراویش لە ڕووی دروستەو واتاشەوە بوونێکی خورتییان دەبێت.

# لیستی سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی:

- کتێب :


١. ئەمین، وریا ( ٢٠٠٩ ). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکهەم، چاپی دووهەم، هەولێر.

٢. ئەحمەد، بێستون ( ٢٠١٢ ). کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردییدا. چاپخانەی لەریا. سلێمانی.

٣. ئەمین، نووری ( ٢٠١٥ ). ڕێزمانی کوردی. چاپی پێنجهەم، چاپخانەی هێڤی. هەولێر.

٤. ألبصیر، کامیل ( ١٩٧٩ ). زاراوەی کوردی. چاپخانەی زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

٥. حسەین، شیلان ( ٢٠٠٩ ). ئیدیۆم و چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردییدا. چاپخانەی ڕەنج. سلێمانی.

٦. خۆشناو، نەریمان ( ٢٠١٢ ). ڕێزمانی کوردی( کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو). چاپی یەکهەم. چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

٧. خۆشناو، نەریمان ( ٢٠١٢ ) ڕستە سازی. چاپی یەکهەم. چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

٨. دزەیی، عەبدولواحید ( ٢٠٠٩ ). واتاسازی چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە. چاپی یەکهەم. چاپخانەی خانی. هەولێر.

٩. دزەیی، عەبدولواحید (٢٠١٠ ). واتاسازی وشەو ڕستە. چاپی یەکهەم. چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

١٠. دزەیی، عەبدولواحید ( ٢٠١١ ) واتاسازی وشەو ڕستە. چاپی دووهەم. چاپخانەی ماردین. هەولێر.

١١. دزەیی، عەبدولواحید ( ٢٠١٤ ). لێکسیکۆلۆژیی. چاپی دووهەم. هەولێر.

١٢. ڕەسوڵ، عەبدوڵلا ( ١٩٩١ )، ناکردن لە کوردییدا. چاپی یەکهەم. چاپخانەی هێڤی. هەولێر.

١٣.ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا ( ٢٠٠٦ ). پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.
١٤.سدیق، فاروق ( ٢٠١١ ). لەدایکبوونی وشە. چاپی یەکەم. چاپخانەی شڤان. سلێمانی.
١٥.سەعید، سازان ( ٢٠٢٠ ). نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. سلێمانی.
١٦.سەفەوی، کورشی ( ٢٠٢٠ ). ناسینی واتاسازی. وەرگێڕانی حوسێن. شێراون. چاپی یەکەم. چاپخانەی ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
١٧.شێخ تەیب، شەهاب ( ٢٠٢١ ). وشە سازی کارەکی مۆرفێمە دوولایەنەکان بە نموونە. چاپی یەکەم. چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی نارین. هەولێر.
١٨.عەلی، تالیب ( ٢٠١١ ). واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە. چاپی یەکەم. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.
١٩.عەبدوڵڵا، ڕۆژان ( ٢٠١٣ ). فەرهەنگیی زمان و زاراوەسازی کوردی. چاپی دووهەم. چاپخانەی چوارچرا.
٢٠.فەتاح، محەمەد ( ٢٠١١ ). زمانەوانی. چاپی سێهەم، چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.
٢١.فەتاح، محەمەد ( ٢٠١٠ ). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەی. حوسێن. شێروان و قادر، شێرزاد. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.
٢٢.فەرهاد، ساجیدە ( ٢٠١٣ ). هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.
٢٣.قادر، سەباح ( ٢٠٠٩ ). هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB ) لە زمانی کوردییدا. چاپی یەکەم. هەولێر.
٢٤.کەڕەمی، سەعید ( ١٣٩٦– ٢٠١٧ ). وشە ناسی زمانی کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانەی زانستگای کوردستان.

٢٥.مارف، ئەوڕەحمان ( ٢٠١٤ ). وشە ڕۆنان لە زمانی کوردییدا. چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

٢٦.مارف، ئەوڕەحمان ( ٢٠١٤ ). ڕێزمانی کوردی. بەشی پێنجهەم کردار. بەرگی یەکهەم وشەسازی.چاپی دووهەم. چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

٢٧.محوی، محەمەد و عومەر، نەرمین ( ٢٠٠٤ ). مۆدێلی ڕێزمانی کوردی. چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی. چاپخانەی ژیر. سلێمانی.

٢٨.مەحوی، محەمەد ( ٢٠٠١ ). ڕستە سازی کوردی. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

٢٩.مەحوی، محەمەد ( ٢٠٠٦ ). ئاوەزداری و ڕێزمانی ناوەڕۆک و وابەستە، چاپی یەکهەم. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

٣٠.مەحوی، محەمەد ( ٢٠٠٩ ). زانستی هێما واتاو واتا لێکدانەوە. بەرگی یەکهەم. چاپی یەکهەم. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

٣١.محوی، محەمەد ( ٢٠٢١ ). مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردی. بەرگی یەکهەم و دووهەم. چاپی یەکهەم. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

٣٢.محمود، ئاڤێستا ( ٢٠١٢ ). پڕۆسەی سایکۆلۆژیی لە زمانی کوردییدا. چاپخانەی لەریا. سلێمانی.

٣٣.مەعروف، عەبدولجەبار ( ٢٠١٠ ). دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا. چاپی یەکهەم. سلێمانی.

٣٤.مەعروف، عەبدولجەبار ( ٢٠٢٠ ). لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسیی کوردی. بەرگی یەکهەم. چاپی یەکهەم. چاپخانەی سارا.

٣٥.محەمەد، حاتەم ( ٢٠٠٩ ). پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان. چاپی یەکهەم. چاپخانەی خانی. دهۆک.

٣٦.محەمەد، حاتەم ( ٢٠١٩ ). مۆرفۆلۆژیی. چاپی یەکهەم.

٣٧.مستەفا، مستەفا ( ٢٠٢١ ). چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی لە بارەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی زمانی کوردییەوە. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی چوارچرا.
٣٨.ناوخۆش، سەلام ( ٢٠٠٥ ). پوختەیەک دەربارەی زماننـاسی ( مێژوو، بونیادگەری. چۆمسکی). چاپخانەی چوارچرا. هەولێر.

- نامەی ئەکادیمیی:

٣٩.ئەحمەد، نەرمین ( ٢٠٠٩ ). بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. بەشی کوردی. زانکۆی سلێمانی.
٤٠. ئەحمەد، تریفە ( ٢٠١٣ ). پراگمماتیکی فەرهەنگیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.
٤١.ئیبراهیم، بەشدار ( ٢٠١٤ ). واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.
٤٢.باخەوان، ئازاد ( ١٩٩٨). مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر.  کۆلێژی پەروەردە بەشی کوردی. زانکۆی بەغداد ابن رشد.
٤٣.طاهیر، ژاڵە ( ٢٠٢٢ ). دەروازە و زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٤٤.حسن، تابان ( ٢٠٠٨ ). گەشە سەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.
٤٥.حسن، فەرهاد ( ٢٠١٠ ). پەیوەندییە سیمانتیکیەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٤٦. حسين، شيلان ( ٢٠١١ ). پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردییدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٤٧. خدر، ئیبراهیم ( ٢٠٢٢ ). بەبەرهەمیی مۆرفێمی بەندی بنکە لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت. بەشی زمانی کوردی. زانکۆی ڕاپەڕین. ڕاپەڕین.

٤٨. سەعید، محەمەد ( ٢٠١٥ ). فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٤٩. عەلی، تالیب ( ١٩٩٨ ). هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردییدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

٥٠. عەزیز، بورهان ( ٢٠٢٢ ). واتا و نواندنی واتایی لە شێوەزاری گەرمیاندا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

٥١. غەریب، دڵشاد ( ٢٠١٩ ). هێزو ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٥٢. قادر، سەباح ( ٢٠٠٧ ). هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە ( GB ) لە زمانی کوردییدا. نامەی دکتۆرا- زمانی کوردی. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

٥٣. محەمەد بابان، عەبدوڵلا ( ١٩٩٠ ). گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

٥٤. مستەفا حلاف، پەروین ( ٢٠٠٨ ). واتاو وەرگێڕان، نامەی ماستەر. بەشی زمانی کوردی. زانکۆی کۆیە. کۆیە.

٥٥. مەعروف، عەبدولجەبار ( ٢٠٠٩ ). دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٥٦. محەمەد ئەمین، میدیا ( ٢٠٠٩ ). لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردییدا لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکۆلۆژییە. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

٥٧.محەمەد، بژوێن ( ٢٠١٦ ). نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

٥٨.یونس، سەمیرە ( ٢٠١٣ ). سینتاکسیی وشە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

- **چاوپێکەوتن:**

٥٩.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( پڕۆژەی ماستەر نامە) وانەی (٣/ ٢ /٢٠٢٢).

٦٠.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( لێکدانە مۆرفۆلۆژییەکان ) وانەی ( ١٦ / ٣ / ٢٠٢٢ ).

٦١.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( بەلێکسیمبوون ) وانەی ( ١٣ / ٤/ ٢٠٢٢ ).

٦٢.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( لێکدانە سینتاکسییەکان ) وانەی ( ٢٧ / ٤ / ٢٠٢٢ ).

٦٣.عەبدولجەبار مستەفا مەعروف ( دەرکردەی واتایی دروستەی سینتاکس/ ڕستە ) وانەی ( ٥ / ٧ / ٢٠٢٢ ).

- گۆڤار:

٦٤.مەعروف، عەبدولجەبار ( ٢٠١٤ ). زانیاری زمانی و پێڕەوی نیشانەکردن لە زمانی کوردییدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی ( B ). ژمارە ( ٤٥ ).

٦٥.ئەحمەد، تریفە ( ٢٠١٥ ). زانیاری پڕاگماتیکی لە کرداردا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەشی ( B ). زمارە ( ٤٦).

٦٦.ئەمین، شلێر ( ٢٠١٨ ). دەستنیشانکردنی سەرە لە ئاوەڵناوی لێکدراودا. گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی زاخۆ. ژمارە (٣).

- **توێژینەوەی بڵاونەکراوە :**

٦٧.عەزیز، بورهان ( ٢٠٢٢ ). نواندنی واتایی لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردییدا.

بەزمانی ئینگلیزی :

- **سەرچاوەی نوسراو:**

68- Bistto and s.Scalise : 2005, classification of compounds, linguage, linguaggioz pp.

69- Bralich, Philip Andrew, X-bar theory and morphological juncture, university of Hawaii, 1991.

70- NIGEL FABB, compounding,( 1999)


- پێگەی ئەنتەرنێتیی :

-https://www cambridge.org/core/books/abs/linguistics-the-cambridge-survey/mental-lexicon/2C9D130A0EA2CDF9A80E19CB3AC64EC7

.https://en.wikiversity.org/wiki/Psycholinguistics/The_Mental_Lexicon.

.https://www.oxfordbibliographies.com/view/document/obo-9780199772810/obo-9780199772810-0060.xml

.https://oxfordre.com/linguistics/linguistics/view/10.1093/acrefore/9780199384655.001.0001/acrefore-9780199384655-e-251(

-https://www.italian-journal-linguistics.com/app/uploads/2021/05/8_Sanfelici.pdf .(

.https://www.researchgate.net/publication/316425788_The_Phonology_and_Morphology_of_Word_Formation

-.https://www.linguisticsociety.org/sites/default/files/e-learning/Morphophonology%20%E2%80%93%20Handout%201.pdf

-https://www.researchgate.net/publication/36061152_Phonological_change

-https://hkotek.com/Erlewine-Kotek-slides-blocking-lsa2014.pdf

.https://www.academia.edu/10216382/Morphology_and_meaning_An_overview

-https://geertbooij.files.wordpress.com/2014/02/booij-2009-compounding-andcm-oup-handbook-compounding.pdf.

.https://www.researchgate.net/publication/256805999_Reduplication_Doubling_in_Morphology_Sharon_Inkelas_Cheryl_Zoll_Cambridge_University_Press_Cambridge_2005

- https://www.iasj.net/iasj/download/8092c2085a59a380

.https://www.lamission.edu/learningcenter/docs/asc/worksheets/Grammar/Sentence%20Types.pdf

-https://www.thoughtco.com/what-is-grammatical-meaning-1690907-

.https://scholar.harvard.edu/files/yxiang/files/ho10-comp-sem.pdf

.https://pdfs.semanticscholar.org/e96d/2c75708f44641649483cd6f36aed34ebcfd

.file:///C:/Users/win7/Downloads/Rochelle_Lieber_Morphology_and_Lexical_Semantics_C.pdf

-https://instituteofclinicalhypnosis.com/nlp/difference-between-deep-and-surface-structure-nlp

-https://akademia.com.ng/what-is-a-coordinator-semantic-implications-with-types-and-examples/

-https://studfile.net/preview/4533404/page:7/-

**الملخص البحث**

هذا البحث بعنوان (البناء والانتاج الدلالي لعملية التركيب في اللغة الكردية)، تناول فيه عرض اسس المنتَج الصرفي والنحوي، بحيث في المنتج الصرفي اهتم البحث بعملية تركيب الكلمة وما يترتب عليها، وهذا يعني انّ عملية التركيب ، سبب للانتاج التركيبي في الصرف، واستخدم نفس الاسس للتركيب النحوي، بذلك معلومات داخل التركيب تكون للبناء الصرفي والبناء النحوي.

وتشمل حدود البحث المنتج الصرفي للتراكيب النسقية، والتراكيب غير النسقية)، وهذا عملٌ بنماذج (X , Y) و (X , X)، بذلك كان البحث لايدخل ضمن نماج (X , Z)و ( X , Y, Z). و مشكلة هذا البحث هي: تحديد ترتيب المنهج البناء الصرفي والبناء النحوي لانّ في البحوث السابقة، عنصر المنتج الشكل الصرفي وبالاخص التركيب، غير معيار للعثور على تركيب الكلمة في الصرف، وتركيب الجملة في النحو، وبالرغم انّ البحث يتناول عملية تركيب البناء الدلالي الصرفي و البناء الدلالي النحوي. والمنهج المتبع في هذا البحث هو المنهج الوصفي التحلبلي، وفي الجانب النظري معظم عملية البناء التركيبي والمنتج البنائي عمل بــ (X-Bar) الصرفي والنحوي، وفي الجانب الدلالي استخدم نظريات البحث والانتاج الدلالي، واخذ احصائيات البحث في لهجة كرمانجية الوسطى (لهجة السليمانية).

## Abstract

The research title is devoted to address the topic "The Semantic Production and Correctness of the Compounding Process in Kurdish Language" in which it is attempted to show the principles and background of the morphological and syntactic production. Within the morphological constructions the study dealt with compounding process and its results which are the outcome of the process, this way compounding itself results in producing compounds in morphology, the same principle is used for the syntactic compounding too. As a result, the knowledge of the compounding process leads to a morphological and syntactic constructions. The study boundary is related to the morphological constructions for coordinate and non-coordinate compounds which is to comply with (X, Y) and (X, X) models which makes the study not to enter (X, Z) and (X, Y, Z) model boundaries. Compounding paradigm in both morphological and syntactic construction was considered to be problematic to conduct the study as the element of morphological form production, compounding in particular, has not been made a criterion to find compound words and structures in the earlier studies. In addition to the form, the study also considered the semantic production of the compounding processes in both morphological and syntactic compounds.

The study utilized descriptive, analytical method. The theoretical aspect of the study, for the sake of correctness and correct constructions, most of it implemented morphological and syntactic x-bar theory. As for the meaning aspect, the study used the generative and imperative semantics. The data of the study is limited to the Sulaimani dialect of mid-kurmanji of Kurdish language.